# فەلسەفە

# بۆ

# منداڵان

# $P_4C$

نووسینی
کەریم مستەفا

فەلسەفە بۆ منداڵان

Philosophy for Children

P4C

Karim Mostafa

www.p4ckurd.net

KOMAK  2011

www.komak.nu

ناوەڕۆک

پێشەکی ............................................................ ل3
بەشی یەکەم ............................................................ ل7
بۆچی فەلسەفە ............................................................ ل7
فەلسەفەی پێداگۆگی ............................................... ل10
کورتەیەک لە مێژووی فەلسەفەی پێداگۆگی ....... ل11
ئۆنتۆلۆجی ................................................................ .ل13
ئێپستمۆلۆجی ............................................................ ل14
ئێتیک ........................................................................ ل15
ڕێبازەکانی فەلسەفەی پێداگۆگی ............................ ل16
شارێبازی کلاسیکی .................................................. ل16
شارێبازی مۆدێرن ................................................... ل17
شارێبازی کلسیکی ................................................... ل18
سۆفیستەکان ............................................................ ل18
سۆکرات ...................................................................... ل18
پلاتۆن .......................................................................... ل19
ئەریستۆتێلیس ........................................................... ل20
ڕێبازی ئێمپریزمی ...................................................... ل22
فرانسیس باکۆن ......................................................... ل22
جۆن لۆک ..................................................................... ل22
ڕێبازی سروشتی ......................................................... ل24
ژان ژاک ڕۆسۆ ........................................................... ل24
یۆهان هێنریخ پێستۆلۆژی ..................................... ل25
جان پیاژێ ................................................................... ل26
قۆناخی ئاوەزی .......................................................... ل27
کانت ............................................................................. ل27
فەلسەفەی پێداگۆگی مۆدێرن ................................. ل28
قۆناخی پراکتیکی ...................................................... ل29
جۆن دێوی .................................................................... ل29
قۆناخی لێنگویستی ................................................... ل29
هیگڵ ........................................................................... ل30

لودویگ ویتگنەستەین ..................................... ل30
یۆرگن هابەرماس ............................................ ل31
جڤاتی ڕامانی ............................................................ل32
چارلس ساندرێس پێرس ..................................ل32
بەشی دووەم ........................................................ ل35
فەلسەفە بۆ منداڵان چیە؟.................................. ل35
فەلسەفە لە پلانی فێرکاری هاوچەرخدا ........... ل37
گرنگی خوێندنی فەلسەفە ................................. ل37
ئامانجەکانی خوێندنی وانەی فەلسەفە .............. ل38
بابەتەکانی وانەی فەلسەفە ................................ ل38
بابەتی فەلسەفە بۆ ئاستی 1 تا 3 ................... ل38
بابەتی فەلسەفە بۆ ئاستی 4 تا 6 ................... ل38
بابەتی فەلسەفە بۆ ئاستی 7 تا 9 ................... ل39
ئایا فەلسەفە بۆ منداڵان پێویستە؟ ................... ل43
فەلسەفە لە فێرگەدا ........................................... ل43
ئەو هۆکارگەلەی خوێندنی فەلسەفە لە قۆناخی
بنەڕەتیدا دەکەنە پێویستی................................ .. ل44
سەرەتا ................................................................. ل45
هۆکارەکان ........................................................... ل46
وەڵامدانەوەی پرسیاری منداڵان ....................... ل49
چۆن دەتوانین منداڵان فێری فەلسەفە بکەین....ل49
ڕێبازگەلی گووتنەوەی وانەی فەلسەفە ............. ل50
ڕێبازی ترادیسیۆنی ........................................... ل51
ڕێبازی تیکهەڵکێش ........................................... ل52
ڕێبازی **Carpe dime** .............................ل52
فەلسەفە لە دیدی لاوان و مێرمنداڵانەوە ....... ل54
گفتوگۆی فەلسەفی ........................................... ل55
فەلسەفە و زمان ................................................ ل57
ڕۆڵی مامۆستا ..................................................... ل58
مامۆستا دەبێت ئەم خاڵانەڕەچاوبگرێت .......... ل59
7 پرسیاری گرنگ ............................................ ل60
بەشی سێیەم ....................................................... ل61
گفتوگۆ لەگەڵ ماتهێۆ لیپمەن ............................ ل61

ئایا دەکرێت پرۆگرامی فەلسەفە بۆ منداڵان لە باشوری
کوردستان پیادەبکرێت؟.................................................. ل70
پیادەکردنی پرۆگرامەکە پێویستی بەم هەنگاوانەیە........ل71
بەشی چوارەم ............................................................. ... ل73
شێوازی گووتنەوەی وانەکە و کەرەستەی پێویست ...... ل73
فەلسەفە لە زارۆخانەدا .................................................. ل73
چیرۆکی سادە ............................................................... ل75
ڕووداوی ڕۆژانەی زارۆخانە ........................................... ل76
وێنە ...................................................................................ل76
ئەرک و ڕۆڵی مامۆستای زارۆخانە ................................ل77
کتێبی 52 پرسیار ......................................................... ل77
وەڵامەکانی بەهمەن عوبێد .............................................. ل84
ڕاپۆرتی فێرگەی دەڵاڵان ................................................ ل87
بابەتەکانی فەلسەفە بۆ ئاستی 7 تا 9 ......................... ل91
ئەرکی مامۆستا لە گوتنەوەی وانەکە لە پۆلی7 تا 9 .. ل92
کەرەستەی پێویست، قۆناخی یەکەم............................. ل93
ڕاهێنان بۆ ماڵەوە، قۆناخی دووەم ................................ ل94
قۆناخی سێیەم ................................................................ ل95
زانیاری زیاتر، پرسیار، تێبینی بۆ مامۆستا ...................... ل96
کلتور و کتێبی پەیوەندیدار .............................................ل96
چیرۆک، گوڵفرۆشی ....................................................... ل98
چیرۆک، سێوەکەی دیاکۆ ............................................. ل107
چیرۆک، دوکانداری ..................................................... ل115
چیرۆک، بودا ................................................................. ل123
چیرۆک، ئازادی و ڕێسا ................................................ ل133
چیرۆک، فێمێنیزم .......................................................... ل141
شیعر، دەربەندی پەپولە ................................................ ل152
بۆ چەسپاندنی ئەم بیرۆکەیە لە کوردستان ................ ل161
سەرچاوەکان...................................................................ل164
کورتەیەکی کتێبەکە بە ئینگلیزی ................................ل169
ناوی فەیلەسوف و نووسەرەکان بە ئینگلیزی و لاتینی ل170

پێشەکی

محەمەد ئیبراهیم، تەمەن 10 ساڵ، پۆلی چوار لە فێرگەی بازارگە لە مەخموور، پایزی 2009 ، پێیگوتم: «لە مەخموور دەرێن، تۆرە بە تۆرە، قازانجی زۆرە، ئەمن دەرێم، تۆرە بە لێبووردن قازانجی زۆرترە».

بە بڕوای هابەرماس، مرۆڤ لە سێ جیهانی دانوساندنی جیاوازدا دەژی و بە سێ ئاستی جیاواز دەپەیڤێ.

ئەم سێ جیهانە جیاوازە، کۆمەڵە مەرج و ڕێسای خۆی بۆ ڕەوایەتی و قبووڵکردن هەیە، کە مرۆڤ لە کاتی دانوساننددا پەیڕەویان دەکات. جیهانی بابەتی (ئۆبجێکتیف)، یان جیهانی دەرەوەی من، جیهانێکە، بابەتە دەرەکییەکان بەرجەستەی دەکەن. جیهانی ماتریاڵی و فاکتەکانە. مرۆڤ لەکاتی دانوساننددا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی و ڕاستی و ناڕاستی بەڵگەکان (ئەرگومێنتەکان)، دەتوانێت ئاماژەیان بۆ بکات جیهانی (سۆشیاڵ) کۆمەڵایەتی، یان جیهانی دەرەوەی من (جیهانی ئێمە) جیهانێکە، بەها و ڕێسا ڕەوشتیەکان (نۆرمەکان) بەرجەستەی دەکەن. ئەم جیهانە لە زنجیرە دانوساندن و پەیوەندییەکی مرۆیی پێکهاتووە، کە مرۆڤ هەردەم، بۆ ڕەواییدان بە بەها و نۆرم، ئاماژەیان بۆ دەکات. جیهانی (سۆبجێکتی) خودی، یان جیهانی من، جیهانێکە بۆچوونی تاکەکەسی، حەز، ویست، هەست و سۆز و بڕوای تاکەکەسی بەرجەستەی دەکات. بۆ ڕەواییدان بە تێڕوانینە تاکەکەسییەکان، ئەم جیهانە ئەزموونە خودییەکان دەکات بە پێوەر.

هێڤین بایز، تەمەن 11 ساڵ، پۆلی پێنج لە فێرگەی بنەڕەتی لە گوندی دەڵاڵان بۆی نووسیوم: «ئێمە لە خاک ڕا، هاتوین. هاتووین بۆ تەبایی و برایەتی و یەکسانی. دەچین بەرەو دنیای ژین، ژینی ئینسانی!»

لە دیدی کانتدا پەروەردە و فێرکردن، بنیاتنانی کەسایەتییەکە، کە بە بنەماکانی ئێتیک ڕاهێنرابێت. کەسایەتییەکە ڕێز لە یاسا ڕەوشتییەکان دەگرێت و هەستدەکات وەک ئەرک دەبێت پەیڕەوییان بکات. لە ڕوانگەی ئەم هەست و ئەرکە ڕەوشتییەوە، بە بڕوای کانت، کۆمەڵگەیەکی بەڕەوشت و چاک (!) بەرهەمدێت.

لارا جەعفەر، تەمەن 11 ساڵ، پۆلی پێنج، لە فێرگەی دەڵاڵان ، بۆی نووسیوم: «بە بڕوای خۆم، من لە دایک و باوکمەوە هاتووم. بۆ ژیان هاتووم، لە کۆتاییشدا دەگەڕێمەوە بۆ باوەشی سروشت».

به بڕوای هیگڵ، گرنگییەکی تایبەت لە نێوان وێنا و بیردا هەیە. دەکرێ بگوترێت، کە ئەرکی فەلسەفە، جگە لە گۆڕینی وێنا (وێناکردن) بۆ بیر (بیرکردنەوە) چی دیکە نیە.

لەنیا ئیبراهیم تەمەن 11 ساڵ لە پۆلی پێنج، فێرگەی دەڵاڵان، بۆی نووسیوم «ئێمەی مرۆڤ بەردەوام بیردەکەینەوە لە ڕووداو و شتەکانی دەوروبەرمان، بۆ بەردەوامبوونی ژیان و مرۆڤایەتی. منیش وەک لەنیا بەردەوام شیکردنەوە بۆ شتەکانی دەوروبەرم دەکەم بۆیە ناتوانم حوکم بەسەر خۆمدا بدەم ئایا بیر لەچی دەکەمەوە؟!»
سارتەر بڕوای وایە، نیگەرانی شێوازێکە بۆ دەرککردنی سەربەستی و هەستکردن بە بوون.

ماتهیۆ لیپمەن، داهێنەری ڕێبازی فەلسەفە بۆ منداڵان، دەڵێت، «فەلسەفە بۆ منداڵان، فەلسەفەیەکی تایبەت نیە، تەنانەت فەلسەفەی پێداگۆگیش نیە. بەڵکو، هەوڵ و تەقەلایەکە بۆ تێرکردنی حەزی پرسیارکردن و ڕامانی منداڵان و ڕاهێنانیان بە دیدی فرە ڕەهەندی». ئامانجی ئەم ڕێبازە ئەوە نیە منداڵان بکات بە فەیلەسووف، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی منداڵ بە ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی خودی خۆی. ئاخر هیگڵ واتەنی «کاتێک کە بیر دەکەینەوە، واز لە بوونە خۆپەرستە گچکەکەی خۆمان دەهێنین و ڕێگە بە بیر دەدەین، ڕێچکە ئاساییە سروشتیەکەی خۆی بگرێت».

بەهمەن عوبێد، پۆلی پێنجەم، لە فێرگەی «قەڵای دمدم» (فێرگەی ژێر چادر) لە کەرکووک، بۆی نووسیوم:
«بە بڕوای من گەر پرسیارکردن نەبوایە، ژیان ئاڵۆزتر دەبوو؛ چونکە هەتا بپرسین شتی زیاتر فێر دەبین. گەر پرسیارکردن نەبوایە فێری هیچ نەدەبووین».
فەیلەسووف، پیتەر ویسێل زاپفە، دەڵێت: «ئەوە لە سروشتی مرۆڤدایە کە بەدوای مانادا عەڤدال بێت، دیڤچوون بە دووی مانا، خەسڵەتی مرۆڤانەیە».
فەلسەفە، کردەی لێکحاڵیبوونە. دیالۆگی فەلسەفیانە دەرفەتی ئەوە بە منداڵ و تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات، تا باشتر لێکحاڵیبن. بە واتایەکی دیکە، دیالۆگی فەلسەفی، جڤاتی ڕامانی، ساز دەکات. گەر گشت کۆمەڵگەکان، جڤاتی ڕامانی بن، ئیدی یەکدی قبووڵکردن و لێکحاڵیبوون لە جیهاندا ئاسنتر و مامەڵەکردنیش ڕەوایانەتر دەبێت.

کە من خۆم بە فەلسەفە بۆ منداڵانەوە خەریک کرد، لەو بڕوایەوە بوو، کە تێڕوانین و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە Critical Thinking پەیوەندی بەوەوە نیە، کە دەبێت مرۆڤ خۆی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە بابەتە ترادیشیۆنەکانی فەلسەفەوە، خەریک بکات. بەڵکوو دەبێت بە شێوازی ڕەخنەگرتن، بیرکردنەو و هەڵسەنگاندن، ئاشنا بێت و فێر

بکرێت. بەکورتی، تێڕوانینی ڕەخنەیی، منداڵ هۆشیار دەکات و بیرکردنەوەی فەلسەفی، ئاسۆی بیری فرەوان دەکات.

لە ساڵی 2005 وە لەگەڵ بابەتی فەلسەفە بۆ منداڵان، خەریکم و لە کۆتایی هەمان ساڵدا، کتێبێکم بە ناوی «52 پرسیاری فەلسەفی» بۆ منداڵانی پۆلەکانی 4 تا 6 لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی «کۆمەک»، چاپ کرد.

ساڵی 2006، کتێبێکی دیکەم بە ناوی «7 وانەی فەلسەفی» بۆ پۆلەکانی 7 تا 9 لەسەر ئەرکی هەمان ڕێکخراو، چاپ کرد. ئەو کتێبانە، کە هەریەکەیان هەزار دانەیان لێ چاپ کرابوو، بەسەر ئەو فێرخوازانەی، ئەو فێرگانەدا دابەشکران، کە «کۆمەک» پرۆژەی فێرکاری هاوچەرخیان تێدا پیادە دەکات (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی «کۆمەک» و پرۆژەکانی بڕوانە ماڵپەڕی www.komak.nu).

هەروەها لە ناوەڕاستی ساڵی 2008 وە ماڵپەڕێکی تایبەتیم بۆ ئەم بوارە، بە هاوکاری هاوڕێی هێژام کاک کاروان عارف، ئاواکردۆتەوە، خۆبەخشانە گشت کاری تەکنیکی ئەو ماڵپەرەی لەئەستۆگرتووە، بەڕاستی زۆر بەو کارەوە ماندوبووە، زۆر سوپاسی دەکەم.
www.p4ckurd.net

بە بڕوای من، کارکردن لەسەر بابەتێک، کە لە کوردستاندا پێشتر کەس دەستی بۆ نەبردبێت، هەروا ئاسان نییە. لەڕاستیدا، فەلسەفە بۆ منداڵان کارێکە، دەبێت دەزگایەکی دەوڵەت، یان وەزارەتی فێرکاری (پەروەردە)ی لەپشت بێت، بەڵام ئەم کارەی من، لە ماوەی پێنج ساڵدا، جگە لە ڕێکخراوی کۆمەک (سەرەڕای کەمی توانای مرۆیی و دارایی) هیچ لایەک ئاوڕی لێ نەداوەتەوە. مەبەستی من گلەیی و گازەندە نیە، تەنها ئاماژەیەکە بۆ کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بابەتێکی وا هەستیار، کە ئەمڕۆکە لە ئەورووپادا کاری زۆری بۆ دەکرێت و بە دەیان بنکە و ئینستوتی تایبەت و بە سەدان ماڵپەڕی بۆ ئاواکراوەتە و لە گشت جیهانیشدا پەرە دەستێنێت و بڵاو دەبێتەوە.

ماتهیۆ لیپمەن دەڵێت: «فەلسەفە بۆ منداڵان، فەلسەفەیەکی تایبەت نیە، تەنانەت فەلسەفەی پێداگۆگیش نیە». بەڵام من لە ڕێبازەی لیپمەن لام داوە و سەرەتا بە کورتەیەک لە مێژوو، یان ناساندنی فەلسەفە دەستم پێکردووە و دواتر کورتەیەکم لە مێژووی فەلسەفەی پێداگۆگی باس کردووە. بە بڕوای من ئەم دوو بابەتە بۆ مامۆستا/ وانەبێژ، وەک دەروازەیەک لە بواری فەلسەفە بۆ منداڵاندا، بەتایبەتی بۆ وڵاتی ئێمە زۆر گرنگ و پێویستە، ئەویش بەهۆی نەبوونی (یان کەمی) سەرچاوە لەو دوو بوارەدا، بەتایبەتی

سەرچاوە دەربارەی فەلسەفەی پێداگۆگی. دواتر، ناوەڕۆکی هەردوو کتێبەکەی لەو بوارەدا ئامادەم کردوون (52 پرسیار و 7 وانەی فەلسەفی) وەک کەرەستە (ماتریاڵ) بۆ گوتنەوەی وانەکان بەکارم هێناوە، دیسان هۆکەی ئەوەیە، کە هیچ کەرەستەیەک، چیرۆک و تێکست و بابەتی پەسەند و گونجاوم بۆ ئەم باسە دەست نەکەوتووە.

ئەو وەڵام و بەرسڤانەی، لەو فێرگانەوە بەدەستم گەیشتۆتەوە، کە تێیدا لەسەر پرۆژەی فەلسەفە بۆ منداڵان کاریان کردووە (ئەو فێرگانەی کاریان لەسەر ئەم پرۆژەیە کردووە، گشتیان لەو فێرگانەن، کە پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ پیادە دەکەن. پۆلی هاوچەرخ، پرۆژەیەکی ڕێکخراوی «کۆمەک» ـە).

لە دیدار و گفتوگۆکاندا، هەردەم پرسیاری ئەوەم لێدەکرێت، «ئایا منداڵی کورد، توانای ئەوەی هەیە وەڵامی پرسیاری فەلسەفی بداتەوە،؟» ئەو وەڵام و ڕستانەی منداڵانی دەلالان، مەخموور و کەرکووک، نووسیویانە، بۆخۆی وەڵامی ئەم پرسیارەیە.

بەکورتی دەمەوێت بڵێم ئەم کارە سەرەتایە و هێشتا پێویستی بە هەنگاوی مەزنتر هەیە. بەڵام گرنگ ئەوەیە، کە هەنگاوی یەکەممان ناوە. هیوادارم بەرهەمی لەمە گرنگتر لەم بوارەدا بەرهەم بێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێت سوپاسێکی زۆری هاوسەری ئازیزم تابان کەمال بکەم، کە بەڕاستی گەر یارمەتی ئەو نەبوایە هەرگیز نەمدەتوانی ئەم کتێبە و گشت ئەو بابەتانەشی کە تا ئێستا نووسیومن، ڕوناکی ببینن. تابان خان ئەرکی پاکنووسین و ڕاستکردنەوەی بابەتەکانم دەکێشێت. بە تێبینی و سەرنجەکانی لە زۆر هەڵە بواردومی.

کەریم مستەفا
پاییزی 2010
ئۆسلۆ ، نۆروێژ

## بەشی یەکەم

بۆچی فەلسەفە؟

بە درێژایی ئەو مێژووەی، کە مرۆڤ شارستانی تێدا بنیادناوە، هەمیشە بۆ کردن، یان نەکردنی هەرکارێک و ڕامان لە پرسە جیاوازەکانی وەک ڕەوشت، ئاکار، ویژدان، پرسی بوون و مردن، ڕەوایەتی، ماف و یەکسانی، پرسیارگەلێکی لە خۆی کردووە، هەر شارستانیەتێکیش لە جیهاندا سەری هەڵدابێ، هەردەم لە هەوڵ و تەقەلای ئەوەدا بووە بە شێوەیەک لە شێوەکان، وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە. تاکە ڕێگەیەکیش وەڵامی ئەم پرسیارانەی پێدابێتەوە، فەلسەفە بووە.

فەلسەفە چەمکێکی یۆنانیە و لە هەردوو وشەی «فیلو» و «سۆفیا» پێکهاتووە. فیلۆ بە مانای عەشق و مەحبەت (فیلۆ، دیسان بە مانای هاوڕێیەتیش دێت)، سۆفیا، بە مانای زانین (مەعریفە). کە پێکەوە مانای «خۆشەویستیی زانین» (زانین خۆشویستن و هاوڕێیەتی زانین) دەگەیەنێت.

گەرچی مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤ، هێندەی پەیدابوونی بوونەوەری مرۆڤ کۆنە و مێژووی شارستانیەتیش بۆ پێنچ تا دە هەزار ساڵ لە مەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام تۆمارکردنی مێژووی فەلسەفە بۆ 2600 ساڵ دەگەڕێتەوە. یۆنانیەکان یەکەم کەسانێک (گەلێک) بوون مێژووی فەلسەفەیان تۆمارکردووە. هەرچەندە شارستانیەکانی میزۆپۆتامیا، چین و مایا (لە ئەمریکای لاتین)، مێژووەکەیان بۆ پێنج هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو کلتورانە تۆماری فەلسەفییان نیە و بۆچوون و ڕاڤەکردنیان بۆ ژیان و دنیا، تەنها لە ڕوانگەی دینیەوە بووە. هەر بۆیە لە ڕووی زانستیەوە تەنها یۆنانیەکان بە داهێنەر و تۆمارکارانی بیری فەلسەفی دادەنرێن.

بۆ تێگەیشتنی فەلسەفەی یۆنانیش، دەبێت سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ میتۆلۆجیای یۆنانی و لە دەروازەی میتۆلۆجیاوە بچینە دنیای فەلسەفەی یۆنانی و فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتی.

بەر لە مێژووی فەلسەفە، یۆنانیەکان (گشت ئەو شارستانیانەی دیکەش) لە ڕێگەی مێتۆلۆجیاوە (ئەفسانە) ڕاڤەی جیهان و دیاردەکانی سروشت و ژیان و بوونیان دەکرد. لە مێتۆلۆجیادا خواوەندەکان و قارەمانەکانیش، لە چەقی ڕووداوەکاندان و هەر ئەوان

بڕیاردەرن، مرۆڤ لە ملکەچی بۆ فەرمانی ئەوان، ڕۆڵێکی دیکەی نیە و چارەنووسیشی هەر وا بە دەست ئەوانەوە.

ئەوە لە بەخشندەیی خواوەندەکانەوە بوو کە مرۆڤ دەیتوانی بژی و بخوات و بزێ. خۆ گەر ئەوان تووڕە بوونایە، ئیدی کارەسات دەقەوما و ژیانی مرۆڤ و جیهانیش دەکەوتنە مەترسی لەناوچوونەوە. جا بۆ ڕازیکردنی ئەوان، دەبوو پەرستگا دروست بکەن و ڕێوڕەسمی پەرستن (ڕیتواڵ) و قوربانیکردنیش پەیڕەو بکەن. یۆنانیەکان پەرستگەیان بۆ خواوەندکانیان بنیاتناوە و هەر خواوەندە، پەرستگە و پەیکەری تایبەتی خۆی هەبووە. هەرچی جوانی و دزێویش هەبووە هەر داویانەتە پاڵ خواوەندەکان، هەر لە پشکوتنی خونچەیەکەوە، تا هەرەسی کێوێک. ئیدی ئەوان ئاگایان لە ورد و درشتی ژیانی مرۆڤ هەبووە، هەر لە ڕازی نێوان دوو دڵدارەوە، تا پیلان و پلانی پادشاکان بۆ هاتنە سەر کورسی دەسەڵات و سەرکەوتن لە جەنگدا. وەنەبێت خواوەندەکانیش هەروا سەلار و بێ کێشە بووبن، نا، ئەوانیش هەردەم خەریکی پیلانگێڕی و ئێرەیی بە یەکدی بردن بوون.

تەواوی ئەم ئەفسانە و بەسەرهاتانە لە دووتوێی دوو داستانە شیعریەکانی «هۆمێرۆس» دا: «ئیلیادن و ئۆدیسیەن» دا (ئەلیازە و ئۆدیسا) دەخوێنینەوە.

ساڵانی 600 ی پێش مەسیح (پ.م) گۆڕانێک ڕوویدا. ئا لەو سەردەمەدا ئیدی ئەفسانە و داستانەکان ئەو گرنگیەی جارانیان نەما بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دیاردەکانی سروشت و ژیان. خواوەندەکان پێگەی خۆیان لە دەستدا و ڕامان و لێکۆڵینەوە لە سروشت و دیاردەکانی، جێگەیانی گرتنەوە. «لۆگۆس» ڕاڤەی لۆجیکانە و عەقڵیانە بۆ دیاردەکان، جێگەی «میتۆس» ی گرتەوە کە ڕاڤەی خواوەندانە و شاعیرانە بوو بۆ دیاردەکان. بە واتایەکی دیکە، ئیدی دیاردەکان تەنها لە توانا و دەسەڵاتی خواوەندەکانەوە نەدەبینرا، بەڵکوو لە هۆکارە سروشتیەکانی هەر دیاردەیەکیش پەیجۆری لێ دەکرا. ئیدی ئەم کەسانە لەم قۆناغەدا بە فەیلەسووف، یان فەیلەسووفە سروشتیەکان ناودەبران. هەر ئەم فەیلەسووفانە گۆڕانکارییەکی قووڵیان لە کلتور و پەیڤەکانی زماندا، بەرپا کرد.

کاتێک ڕوانگەی فەلسەفیانە دێتە ئافراندن، کە لە ڕەهەند و دیدگەیەکی عەقڵانیەوە، نەک دینیەوە، هەوڵی ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی ژیان، هەڵسوکەوت، دەوروبەر (دنیا) و مردن، بدەین. بە واتایەکی دیکە، ڕوانگەی فەلسەفی خۆی بە دنیای هۆشەکی و هەمەکی، یان ماتریاڵی و گیانەکیەوە سەرقاڵ کردووە و لە بوون و جیهان دەڕوانێ.

خودا و دین، ناچنە ژێر ڕکێفی فەلسەفەوە. گەرچی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا فەلسەفە لە خزمەت ڕاڤەکردنی دیندا بەکار دەهێنرا و دین و فەلسەفە تێکەڵ کرابوون. وەک ئەوەی تۆماس ئەکویناس (1225– 1174) کردی، بیروڕاکانی ئەریستۆتێلیس (384 - 322 پ.م)ی بۆ ڕاڤەکردنی ئاینی مەسیحی (کریستیانەتی) بەکار دەهێنا.

گەر لە خۆمان بپرسین، ئایا هۆش بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە؟ یان ئەوە تەنها هەستەکانمانە جیهانی دەرەوەمان پێ دەناسێنێن، تا بابەتەکان دەقاودەق وەک خۆیان ببینین، یان وەک ئەوەی خۆیانمان بۆ دەردەخەن و خۆمان بە هیچ ڕاڤە و پێشمەرجێکەوە نەبەستبێتەوە.

خۆ گەر لە بابەت بڕوانین، ئەوا دەبێت تەنها خەسڵەتە چەسپاو و نەگۆڕەکانی بابەت ببینین و لە شیکارییاندا، گوێ بە هەستەکانمان نەدەین. گەر هەوڵی وەدەستهێنانی زانیاریش بدەین، ئەوا هۆش و جیهانی دەرەوە و بیر، هەرسێکیان گرنگن و بە نەبوونی یەکێ لەم خاڵانە، زانیاریش پەیدا نابێت.

کێ دەڵێ جیهانی دەرەوە (دەرەوەی هەستی مرۆڤ) بوونی هەیە؟ کێ ناڵێت، جیهانی دەرەوە تەنها کۆمەڵێ دیاردەی هەستیی هەمەکی نین؟ یان، تەنها کۆمەڵێ دیاردەی هۆشی، هەمەکی نین؟

چۆن بزانین بابەتەکان / شتەکانی دەوروبەرمان بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە و کۆپی کۆمەڵێک ئایدیا / بیر نین و خودی خۆیان لە جێگەیەکی دیکەن!

گەر باسەکە بهێنینە سەر خودی مرۆڤ و مرۆڤ بکەینە «پێوەری گشت شتێک». ئەوا دەبێت لە خۆمان بپرسین، ئایا بوون (بوونی مرۆڤ) بنەڕەتی گشت جەوهەرە ماتریاڵی و گیانەکیەکانیشە، تەنانەت ڕاستەقینەش (حەقیقەت)، بەبێ بوون نابێ و نیە؟

تۆ بڵێیت بوون لە جیهانی فۆرمالیستیانە و نۆمینەدا، بەرز و ڕەها (تراسێندانتاڵ) بێت، یان تەنها بوونێکی میتافیزکیانەی نەریتیانەیە؟ خۆ گەر بوون بخەینە پاش هەبوونی جیهانی ئایدیاوە، ئەو کاتە جنیسێکی لە خۆی گەورەترمان داوەتێ و دەشێ بە بوونێکی لە خۆی (لە بوون) گەورەتر بەراوردی بکەین. بەڵام گەر لە ڕوانگەی بوون خۆیەوە بۆ بوون بڕوانین و هیچ جنیسێکی لە بوون گەورەتر و لە پێشتر ناس نەکەین، ئەوا بنەڕەتێکمان داوە بە بوون. کە لە بنەڕەت بەدەرە.

چەمکی مەرگیش، هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤەوە بۆتە نهێنییەک بۆی. پەیبردن بە کۆدەکانی، خستویەتە ناو دەریای بێبنی ئەندێشەوە و بە جۆرەها شێوە هەوڵی شکاندنی ئەو کۆدانەی داوە و هەمیشە نیگەران بووە تا ڕاڤەیەکی لۆژیکیانەی بۆ بدۆزێتەوە.

نیگەرانی، خەسڵەتێکی سروشتی، یان «*فەلسەفی*» مرۆڤە. لەبەر ئەوەی هیچ پێشمەرجێک بۆ بوونی مرۆڤ نیە، ئەوا، مرۆڤ ئێستا و لێرە دەژی و هەوڵی تەواو کردنی خۆی دەدات. ئەم هەوڵی خۆ تەواوکردنە، هەمیشە نیگەرانی کردووە - دەکات.

نیگەرانی مرۆڤی «*ناچار کردوە*» مانا بە ژیان ببەخشێت. بۆ ئافراندنی ئەو مانایەش، دوو هۆکاری بەکارهێناوە. هونەر و زمان (پەیڤ).

لە ڕێگای هونەرەوە، دەتوانین نیگەرانی و هەستی نامۆییمان بڕەوێنینەوە و پەی بە دیوە شاردراوە و پڕ لە نهێنیەکەی ژیان ببەین. لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین مانا بە شتەکان ببەخشین و بەرجەستەیان بکەین.

دەکرێ لە خۆمان بپرسین، ئایا فەلسەفە مانای ئەوەیە بە پێچەوانەی گشت خەڵکەوە بیر بکەینەوە؟ یان ئامانجی فەلسەفە ئەوەیە کە ئەو کاتانەی ژیان بێتام و ساتەکان خاڵین لە مانا، ئارامی بە دەروون و گیانمان ببەخشێت؟ گەر نەتوانین پرسیاری لەم جۆرە لە خۆمان بکەین ئەوا بێگومان پێویستمان بە فەلسەفە نیە!

فەلسەفەی پێداگۆگی

لەبەر ئەوەی پرۆسەی فێرکردن پرۆسەیەکی جڤاتییە، لە هەمان کاتیشدا کردەیەکی ئاگامەندانەیە، بۆیە کۆمەڵگە دەسەڵاتێکی زەبریی داوەتە ئەم پرۆسەیە و کلیلی گەنجینەی ئەم دەسەڵات و زەبرەشی داوەتە دەست دەوڵەت. چینی دەسەڵاتداریش دەخوازێت دیدگە و بۆچوونە فەلسەفیەکانی خۆی، بەسەر تەواوی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵدا، لە ڕێگای ئەم پرۆسەیەوە بسەپێنێت.

ئا لەم ڕوانگەیەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە پرۆسەی فێرکاری، دیدگە و شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵ دەباتە ناو پۆلەکانی فێرگە و هۆڵەکانی زانکۆکانەوە و لە دوای کاتێکی

دیاریکراو، کادری بەڕێوەبەر و بەرهەمهێن پەروەردە دەکات و ئەرکی بەڕێوەبردن و پێشخستنی وڵاتیان پێدەسپێرێت.

دەکرێ بە دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیە ڕادەی پێشکەوتوویی و پاشڤەڕۆیی کۆمەڵگە و وڵاتێک بەدیار بخرێت. بەڵام لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەم و پێشڤەچووندا دەبێت ئەم پرۆسەیەش نوێ بکرێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا فەلسەفەی پێداگۆگی (فەلسەفەی پەروەدەیی) لە کوێی ئەم پرۆسەیەدا جێ دەگرێت؟

## کورتەیەک لە مێژووی فەلسەفەی پێداگۆگی

لەگەڵ گەشەکردنی زمانی نووسراودا، نزیکەی 4000 ساڵ بەر لە ئێستا، هەوڵدان بۆ فێرکردنی منداڵان دەستی پێکردووە. بەر لەو مێژووە، فێربوون تەنها لە ڕێگەی لاسایی کردنەوەی گەورەکانەوە بووە، یان ڕاستتر بڵێین، بەرهەمهێنانەوەی هەمان کلتوری خێزان و گەورەکان بووە. سۆمەریەکان و بابلیەکان، یەکەم کەسانێک بوون، کە «خانەی فێرکردن» خانەی تایبەتیان بۆ خوێندن و فێرکردن بنیاتناوە و ئەرکی ئەو فێرکردنەشیان بە کەسانی تایبەتکار سپاردووە.

گریکەکان ئەو «خوێندنگە» (خانەی فێرکردنە) یان ناونا «سکولا»، کە مانای (مەرەخەسبوون لە کاری فیزیکی) دەگەیێنێت.

لە خوێندنگە (سکولا)ی گریکەکاندا، منداڵان ڕۆشنبیر دەکران. فێری شێوازی پەیڤین، خوێندنەوە، نووسین، ماتماتیک، فەلسەفە، زانست، وەرزش و مۆسیقا دەکران.

بێگومان، ئەو منداڵانەی لەو فێرگەیەنەدا دەیانخوێند، لە خانەوادەی زەنگینەوە دەهاتن، جا بۆیە هەر منداڵە کۆیلەیەک دەیهێنا بۆ خوێندنگە. بەو کەسە کۆیلەیەیان دەگوت (پەیداگۆگ)، واتە ڕێنیشاندەری منداڵ. هەر دوو چەمکی پیداگۆگی و پیداگۆگ، لە کاری ئەو کۆیلانەوە سەرچاوە دەگرن و پەیدابوون.

لەگەڵ پێشڤەچونی ژیان و گۆڕانە هزریەکاندا خوێندنگەش گۆڕانی بەسەردا هات و پرسیارگەلێک دەهاتنەکردن، لەوانە:

- دەبێت چی فێری منداڵ بکرێت؟

- دەبێت چۆن منداڵ فێر بکرێت؟
- بۆ دەبێت منداڵ فێری ئەو بابەتە هەڵبژێردراوانە بکرێن؟

لەگەڵ زیاتر بەرەوپێش چوون و گەشەکردنی خوێندنگەدا، بابەت و پرسیارە فەلسەفیەکانیش، بە شێوەیەکی نوێ، دیسان خۆیان خزاندە ناو بەرنامەکانی خوێندن و شێوازی کار و مێتۆدی پێداگۆکەکانەوە.

وەک زانراوە، مێژووی فەلسەفە بۆ ساڵانی (600 – 500 پ.م.) دەگەڕێتەوە. مێژووی فەلسەفەی پێداگۆگییش لە ساڵانی (400 – 300 پ.م.) سەر هەڵدەدات.لە سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی فەلسەفیدا، فەیلەسووفە سروشتییەکان، وەک تالیس (624– 546 پ.م.) و ئەناکسیمەندەر (610– 546 پ.م.) هەوڵیان دەدا لە گەردوون و سروشت و دیاردەکانی بگەن و ڕاڤەی بکەن.

سۆفیستەکان، ڕێچکەی بیرکردنەوە و ڕامانی فەلسەفەیان لە سروشتەوە بۆ ڕامان و بیرکردنەوە لە خودی مرۆڤ، گۆڕی. ڕاستییەکان لەلای ئەمان، ڕێژەیی و لە گۆڕاندا بوون. ئیدی مرۆڤ بوو بە پێوەری گشت شتەکان، وەک ڕەوشت، ڕاستی، چاکە، خراپە، جوانی، ناشیرینی و ... بۆ نموونە، پراتۆگراس (400 پ.م.) مرۆڤی بە پێوەری گشت شتەکان داناوە. سۆکرات (470 – 399 پ.م.) پلاتۆن (427 – 347 پ.م.) ئەریستۆ (384– 322 پ.م.) ئەمان زیاتر گرنگییان بە کێشەی ڕەوشتی/ ئێتیک، ئایدیایی و میتافیزیکیەکان داوە. بە کورتی فەلسەفەی پێداگۆگی هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا، سەرقاڵی سێ پرسی سەرەکی بووە:

- ئۆنتۆلۆجی (میتافیایک)
- ئێپستمۆلۆجی (زانین / زانیاری)
- ئێتیک (ڕەوشت)

**ئۆنتۆلۆجی**

ئۆنتۆلۆجی، یان مێتافیزیک، بە مانای تاوتۆکردنی پرسی بنەڕەتی هەبوون و پەیدابوون و لێکۆڵینەوە لە بنەڕەت و بنەماکانی بوونی فیزیکی/ ماتەری و هەستەکی سروشت و دیاردەکان.

بەگوێرەی ڕاڤەی ماتریالستیانە، پێکهێنەری بنەڕەتی سروشت و هەبوون/ ڕاستەقینە، تەنها ماددەیە و بە بۆچوونی دیموکریت (400 پ.م.) مادده، سروشت/ ڕاستەقینە پێکدێنیت و بچوکترین یەکەی ئەو ماددەیەش، ئەتۆمە.

بە بۆچوونی ماتریالستانەی تۆماس هۆببس (1588- 1679) هەرچی لە سروشتدا هەیە، هەبوونێکی ماتریاڵانەی بزۆکە. ئێمەی مرۆڤ، بزاوتی ئەو ماتریاڵانە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە، وەک بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن و دەست لێدان/ بەرکەوتنەوە، هەست پێدەکەین.

ئۆنتۆلۆجی ئەم دوو پرسیارە دەوروژێنێت
1- ئایا سروشت (هەبوون - ڕاستەقینە) ئەوەیە، کە ئێمە (مرۆڤ) دەتوانین ببینین و هەستی پێبکەین؟

یان، بە واتایەکی دیکە: سروشت (هەبوون - ڕاستەقینە) بوونێکی ماتەری هەیە و دەتوانین لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە هەستی پێبکەین؟

2- ئایا سروشت (هەبوون - ڕاستەقینە) شتێکە، کە ئێمە ناتوانین لە ڕێگای هەستەکانمانەوە ببینین؟

یان، بە واتایەکی دیکە: سروشت (هەبوون - ڕاستەقینە) شتێکە لە ماتەر بەدەر و لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە، ناتوانین ببین و هەستی پێبکەین؟

**ئێپستمۆلۆجی**

ئێپستمۆلۆجی، لە وشەی (ئێپستمە = زانیاری) یۆنانیەوە وەرگیراوە، بە مانای تیۆری زانیاری و زانین دێت. بەڵام:

- ئایا زانیاری چیە و چۆن پەیدا دەبێت؟
- ئایا سەرچاوەکانی زانین کامانەن؟
- ئایا هەر لە بنەڕەتدا، ئێمە پێویستیمان بە زانیاری هەیە؟
- ئایا ئێمە لە ڕاستیدا توانای تێگەیشتنی زانیاریمان هەیە؟

بە گوێرەی ڕاڤەی ڕاشونالیزمی (ڕاتیۆ - عەقڵانی)، پرۆسەی ئاگامەندی، دووبارە بەرهەمێنانەوەی ئایدیاکان/ بیرەکانە لە ئاگایی مرۆڤدا، لە ڕێگەی ماتماتیک و لۆجیکەوە (ژیریتی)، بۆ بەرهەمهێنای چەمکەکان و پەرەسەندنی زانیاری.

بەگوێرەی ڕاڤەی ئێمپیریزمی (ئەزموونگەری) زانیاری لە ڕووبەڕوبوونەوە و کارلێکردن (ئەزموون)، لەگەڵ بابەتدا (بابەتە ماتریالیەکانی دەوروبەرمان) پەیدا دەبێت.

پێش بەدەستهێنان و پەیداکردنی زانیاری، گرنگە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین،کە:

- ئایا پێویستمان بە زانیاری هەیە؟
- ئایا توانامان هەیە زانیاری پەیدابکەین، یان بەدەستبهێنین؟

بە شێوەیەکی گشتی، ئێپستمۆلۆجە لە دووی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەگەڕێت:

- مرۆڤ دەبێت (دەتوانێت) چی بزانێت؟
- مرۆڤ چۆن زانیاری پەیدا دەکات؟
- مرۆڤ کەنگێ دەتوانێت، زانیاری پەیدا بکات؟

## ئێتیک

ئێتیک/ ڕەوشت، لە وشەی (ئێتۆس= خوو/ عادەت) ی یۆنانییە وە هاتووە.

پرسیارە سەرەکییەکانی ئێتیک ئەمانەن:

- چاکە و خراپە، ڕاست و هەڵە، جوانی و ناشیرینی، ئەرک (بەرپرسیاریەتی) و ماف، چین؟ لە کوێوە، یان چۆن پەیدا دەبن؟
- ئێمە چۆن تێیان دەگەین و دەبێت چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین؟
ئایا مرۆڤ دەبێت چ بەرسڤ و کاردانەوەیەکی لە هەمبەر ئەم پرسانەدا هەبێت؟
- مرۆڤ چۆن لەم پرسانە دەڕوانێت و بە چ ڕێگە و شێوازیک، هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم پرسانە دەکات؟
- ئایا ڕێگەچارە هەیە، تا وەک شێواز و بەرسڤ بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی هەبێت؟
- ئایا، لە بەرسڤ و کاردانەوەکانماندا، بۆ ئەم پرسانە، ڕازین؟

سەرەڕای ئەمانەش، ئێتیک، پرسی ئەوەش دەکات،کە

- ئایا، ئێمە بەرپرسی دید و بۆچوون و تێڕوانینەکانمانین، لەهەمبەر ئەو پرسانەدا؟

بە کورتی، ئەم سێ بابەتە، بەشە سەرەکی و گرنگەکانی فەلسەفەی پێداگۆگی پێکدەهێنن. هەر پرۆگرام و بەرنامەیەکی پێداگۆگی/ فێرکاری، ئەم سێ پرسە گرنگەی تێدا نەگونجابێت و بە شێوەیەکی ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرابێت، ئەوا بەرنامەیەکی فێرکاری نادروست و دوورە لە بەها مرۆییەکانەوە.

## ڕێبازەکانی فەلسەفەی پێداگۆگی

دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی، فەلسەفەی پێداگۆگی بەسەر دوو شارێبازدا دابەش بکەین:

- شارێبازی کلاسیکی
- شارێبازی مۆدێرن

هەریەکە لەم شارێبازانەش لە ناوخۆیاندا بەسەر چەند ڕێبازێکدا دابەش دەبن.

## شارێبازی کلاسیکی

- ڕێبازی هێلینی، یان ڕێبازی ئاتێن
  - سۆفیستەکان (400 - 300 پ.م.)
  - پرۆتاگۆراس (400 پ.م.) «مرۆڤ پێوەری گشت شتەکانە».
  - دێموکریت (460- 380 پ.م.) «دۆزینەوەی هۆکاری ڕوودانی شتێک، بەلامەوە باشترە تا ببم بە شای ئێران»
  - سۆکرات (470 - 399 پ.م.) (ئاریتا/ وریایی) پلاتۆن (427 - 347 پ.م.) (دەوڵەت / کۆمار.) ئەریستۆ (384- 322 پ.م.). (پۆلیتیک.)

- ڕێبازی ڕۆشنگەری (ئێپستمۆلۆجی و ئێمپێریزمی)
  - فرانسیس باکۆن (1561 - 1626) (نۆڤوم ئۆرگانۆن)
  - یۆهان ئامۆس کۆمۆنیۆس (1592- 1670) (ڤیالویسس/ ڕێگەی ڕووناکی- 1641)
  - جۆن لۆک (1632 — 1704) (چەند بۆچوونێک دەربارەی فێرکاری- 1693)
  - کانت (1724- 1804)

- ڕێبازی سروشتخوازی (نەیچرالیزمی)
  - ژان ژاک ڕۆسۆ (1712- 1778) (ئێمیل- 1726)
  - یۆهان هێنریخ پێستالۆزی (1746-1827)
  - نێوهوف لە ساڵی 1774 دا نووسراوە: هێزی مێشک، هێزی دەست، هێزی دڵ.
  - لینهارد ئوند گێرترود لە ساڵی (1781- 1787)
  - وای گێرترود ئیهرە کیندەر لێرت لە ساڵی 1801 دا نووسراوە.

- ڕێبازی نیو نەیچرالیزم/ سروشتیخوازی نوێ
  - جان پیاژێ (1896- 1980)

**شارێبازی مۆدێرن**

شارێبازی مۆدێرنیش بۆ ئەم ڕێبازانە دابەش دەبێت:

- ڕێبازی ماتریالستی دیالێکتیکی، یان مێتۆدی مارکسی
  - لێڤ سێمۆنۆڤیچ ڤێگۆتسکی (1897- 1934)

- ڕێبازی پراگماتیزمی
  - چارلس ساندرێس پێرس (1839- 1914) (ئینکوایری سۆسایەتی/ جڤاکی ڕامانی)
  - ولیام جەیمس (1824- 1914)
  - جۆن دێوی (1859- 1952)

## سۆفیستەکان

گروپێک لە فەیلەسووفی پرۆفیشناڵ بوون، لە ساڵەکانی (400 – 300 پ.م.) دا لە ئاتێن، خەریکی وانە گوتنەوە بوون. بەرانبەر ئەو کارەیان هەقدەستیان وەردەگرت. سۆفیستەکان، گۆڕانێکی زۆریان لە بۆچوون و دیدگەی فەلسەفیدا بەرپاکرد. پرسە فەلسەفیەکانیان، لە پرسە سروشتی و ماتریاڵیەکانەوە، بۆ پرسی مرۆڤ و دیگای مۆراڵی/ ئاکاری گۆڕی.

بە بڕوای سۆفیستەکان، مرۆڤ بە دید و بۆچوونی جودا، لە سروشت و دیاردەکان و لە پرسە ئێتکی و مۆراڵییەکان دەڕوانن و هەرکەس لە ڕوانگە و پاشخانی زانیاری و ئاستی ژیری خۆیەوە، بابەت و دیاردەکان ڕاڤەدەکات. هەر بۆیە پرۆتاگۆراس (400 پ.م.) یەکێکە لە سۆفیستەکان، گوتوویە: «مرۆڤ پێوەری گشت شتەکانە». هەروەها، بەدودا گەڕان و لێکۆڵینەوە، لە دیاردە و تێگەیشتن لە هۆکارەکان، ئامانجێکی گرنگ و سەرکی بووە لە لای سۆفیستەکان، هەر بۆیە یەکێکی دیکە لە سۆفیستەکان دێموکریت (460- 380 پ.م.) گوتوویە: «دۆززینەوەی هۆکارێک (هۆکاری ڕوودانی شتێک) لەلای من باشترە، تا ببم بە شای ئێران».

## سۆکرات (470 – 399 پ.م.)

بەناوبانگترین پێداگۆگ لە مێژوودا سۆکراتیس بووە. سۆکراتیس بیر و بۆچوونە فەلسەفیەکانی خۆی بە شێوازێکی پێداگۆگیانە، لەڕێگەی دیالۆگەوە دەردەبڕی، بەتایبەتی کاتێک،کە لەگەڵ لاوانی شاری ئاتێندا دەپەیڤی. تا ئەمڕۆکەش ڕێبازی پێداگۆگی سۆکراتی، یان مێتۆدی دیالۆگی سۆکراتی، لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا گرنگی خۆی هەرماوە. گەرچی سۆکراتیس هیچ نووسراوێکی لەدوا بەجێ نەماوە تەنها لەدەمی پلاتۆنی شاگردیەوە باسکراوە، بەڵام هەروەک خۆی گوتویە، ئەو وەک مامانێک وایە و تەنها یاریدەی لەدایکبوونی بیروبۆچوونەکانی کەسانی دیکە دەدات.

سۆکراتیس، هێندە پەرۆشی فێرکردنی لاوان بوو، دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی شاردەوڵەتی ئاتێن (ئەسینا) وەک مەترسیەک لێیاندەڕوانی و بە تێکدەری ڕەوشتی لاوان تۆمەتباریان کرد و سزای مەرگیان بەسەردا سەپاند.

سۆکراتیس بە میتۆدیک کاری دەکرد، کە خۆی ناوی نابوو (ئاریتا/ وریایی)، لە ڕێی ئەو میتودەوە هەوڵیدەدا کەسی بەرانبەر *«ناچار بکات»*، کە خۆی بە دەرئەنجامێک بگات، هەر بۆیە سۆکراتیس خۆی وەک مامانێک دەدیت، کە تەنها ڕۆڵی ئەوەیە، یارمەتی منداڵ بدات تا لەدایک ببێت، دەنا مامان هیچ ڕۆڵێکی لە دروستبوونی منداڵەکەدا نیە.

**پلاتۆن (427 – 348 پ.م.)**

شاگرد و هاوڕێی سۆکراتیس بووە. پلاتۆن نووسراوگەلێکی بەنرخی دوای خۆی جێهێشتووە و داهێنەری یەکەمین سیستەمی پێداگۆگیە.

بە ڕای پلاتۆن ڕێبازی پێداگۆگی ئێپستمۆلۆجیانە بناغەی سیستەمێکی فێرکاری گشتگیرە و بە چوار هەنگاودا دەڕوات. لەم هەنگاوانەدا بابەت، مەبەست بابەتی فێرکاریەکە، لە ڕێگەی (فێرکار) پێداگۆگەوە لە بابەتەوە دەبن بە زانیاری و لە دوا هەنگاویشدا دەبن بە بەشێک لە ئاگامەندی (فێرخواز) خوێندکار. هەنگاوەکانیش ئەمانەن:

1- دۆکسا DOXA ئێیکاسیاستادیەت

تێکەڵەیەکە لە بابەت/ چالاکی کولتوری و چالاکی فیزیکی. فێربوون و ڕاهاتن لەتەک ئەم چالاکیەنەدا، لە ڕێگەی گەمە / یاریکردنەوە، هاوڕێ لەگەڵ (هەقایەت) چیرۆک و فاکتی مێژووییدا بە منداڵ/ خوێندکار ئاشنا دەکرێت.
لەم هەنگاوەدا فێرکردن و گەیاندنی زانست/ بابەتی وانەکە، لە گۆشەنیگای فێرخواز-خوێندکارەوە. بەواتایەکی دیکە، لەم هەنگاوەدا فێرخواز زانیارییەکی ناتەواو (وەهمی) لەلا دروست دەبێت. ئەمەش دژی ئێپستمەیە.

2- ئێپستمە EPISTME پیستیس ستادیێت
لەم هەنگاوەدا، خوێندکار زیاتر لەسەر کارکردن لەکایە مەعریفییەکاندا ڕادەهێنرێت. چالاکییە کلتورییەکان لەگەڵ ڕیتم/ مۆسیقادا تێکەڵدەکرێن. لەم هەنگاوەدا، فێرخواز/ خوێندکار بە پێوەر و گۆشەنیگای لۆجیکانە ڕادەهێنرێت، تا بتوانێت لەو ڕێگەیەوە زانیاری تیۆری بەدەستبهێنێت و تێڕامانی هەبێت (ئەم هەنگاوە دژی دۆکسایە)

3- دیانۆیا DIANOIA دییانۆاستادیەت

لەم هەنگاوەدا زانیارییە ئەبستراکەکان، جێگەی زانیارییە کۆنکرێتییەکان دەگرنەوە، تێگەیشتن لە ژمارە و قەبارەکان/ ئەندازەکان، دەگاتە ئاستێکی باڵا. تێگەیشتنی فێرخواز- خوێندکار بۆ بابەتەکە، لەڕوانگەی بابەتی ڕاڤەکراوەوە پێکڤەوە گرێ دەدرێت.

4- نۆیسێس NOISES

لەم هەنگاوەدا، فێرخواز/ خوێندکار دەگاتە ئاستێک لە تێگەیشتن و ئاگامەندی لە بابەت. تێگەیشتنییێکی لۆجیکانە و دیالیکتیکانەی بابەت. بە بڕوای پلاتۆن، تێگەیشتن لەم قۆناغەدا تێگەیشتنێکی گومانبەدەر و چەسپاوە.

بە گوتەی ئێدمۆند هۆسرڵ (1859- 1938) «هاوژینێتی» هەڵکردنی ئاگامەندیانەیە لەگەڵ بابەتدا.

پلاتۆن، لە دیالۆگی دەوڵەت/ کۆمار دا، کە بە ترۆپکی بیر و بۆچوونە فەلسەفیەکانی دادەنرێت، باس لە پلانەکانی پەروەردە و فێرکردن دەکات و فەلسەفەش بە وانەیەکی سەرەکی، لە پاڵ موسیک و ماتماتیکدا، بۆ منداڵ/ خوێندکار دادەنێت. «ئالێرەوە، گرنگی فەلسەفە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا دەردەکەوێت».

**ئەریستۆتێلیس (384- 322 پ.م.)**

ئەریستۆ ڕێبازی ئۆنتۆلۆجی، یان ئۆنتۆلۆجی ڕیالیستی، لە پێداگۆگیدا پیادە کرد. کورتەی فەلسەفەی ئەریستۆ لەسەر ئەم بۆچوونە بنیاتنراوە، کە «ڕاستەقینە / ڕیالەتی»، هەیە و سەربەخۆیە و جودایە لە بوونی ئێمە و وابەست نیە بە ئاگامەندی ئێمەی مرۆڤ دەربارەی ئەو ڕاستییە. واتە دنیای ڕاستەقینە بەدەرە لە ئاگامەندی مرۆڤ. ئۆنتۆلۆجی ئەریستۆ، لە کتێبی «میتافیزیک» ـدا بەتەواوەتی ڕوونکراوەتەوە.

کێشەی ئێتیک لای ئەریستۆ، کێشەیەکی بنەڕەتییە و هەوڵی داوە ڕاڤەی بکات. ئەریستۆ پرسیارێکی زۆر گرنگ و سەختی هوروژاندووە، کاتێک دەپرسێت «بەرزترین چاکە / باشە، چییە؟» وەڵامەکەشی (ئێودایمۆنی = خۆشبەختی) یە. ئەریستۆ، لە (بابەتی) ئێتیکدا چوار پرسیاری گرنگی کردووە.

1- مەبەست لە چاکە / چاکی چییە؟

2- چ شتێک چاکە؟

3- چ کردەوە / هەڵسوکەوتێک چاکە؟
4- دەکری بڵێین، بۆچی ئەو کردەوەیە / هەڵسوکەوتە، باشە؟

ئەریستۆ، بانگەشەی خوێندنی دەوڵەتی (حکومی) دەکات. خوێندن و فێرکردن بە ئەرکی دەوڵەت دەزانێت و دەبێت بۆ هەمووان بێت. دەوڵەت، لەلای ئەریستۆ هاوپەیمانەتی (شەراکەتە) لە نێوان هاونیشتمانەکاندا، کە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە بەو پێیەش، دەبێت خوێندن بۆ هەموو هاووڵاتیان و هاونیشتمانان بێت و ئامانجێکی هاوبەشیشی هەبێت. لەبەر ئەوەی ئاست و توانای تێگەیشتنی کەسەکان / تاکەکان جیاوازن، ئەوا ئەریستۆ پێیوایە دەبێت ئاستەکانی خوێندنیش بۆ تاکەکان جیاوازبن.

ئەریستۆ زۆر گرنگی بە ڕۆڵی مامۆستا/ فێرکار/ وانەبێژ داوە «مامۆستا/ فێرکار ئەو کەسەیە، زانیاری دەربارەی ڕیالەتی/ ڕاستەقینە هەیە و هێندەش چەمک و دەستەواژە و وشە دەزانیت، کە بتوانێت ڕاڤەی ئەو ڕاستەقینە/ ڕیالەتییەی پێ بکات». بۆیە هەوڵی داوە بەم چوار هەنگاوە وانەبێژی (لێکتیۆ) فۆرمۆلە بکات:

فۆرمۆڵەی یەکەم:
مامۆستای توانا و زمانپاراو، دەتوانێت (دەبێت) سەرنجی (ئارەزووی) منداڵ/ خوێندکار بۆلای بابەتی خوێندنەکە ڕابکێشێت.

فۆرمۆڵەی دووەم:
دەتوانێت (دەبێت) گشت لایەن و وردەکارییەکانی بابەتەکە بۆ منداڵان، بخاتە ڕوو (شی بکاتەوە).

فۆرمۆڵەی سێیەم:
لە دەرئەنجامی فاکت و ڕوونکردنەوە و نیشاندان (لەلایەن مامۆستاوە و بینین لەلایەن خوێندکارەوە)، خوێندکار بتوانێت وەسف و پێناسەی بابەتی باسکراو/ خوێندراو، بکات.

فۆرمۆڵەی چوارەم:
منداڵ/ خوێندکار (دەبێت) بتوانێت گفتوگۆ لەمەڕ بابەتی خوێندراوەوە بکات و هەوڵ بدات هۆی خوێندنی ئەو بابەتەکە تێبگات.

**ڕێبازی ئێمپیرزمی**

ڕێبازی ئێمپیرزمی (ئەزموونگەری) کە زانیاری بەدەستهاتوو لە ڕێگەی ئەزموونەکانەوە، لە ناوەندا دادەنێت، سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1200.

فرانسیس باکۆن (1561 - 1626)

باکۆن، تیۆری و مێتودی فەلسەفەی ئێمپریزمی لە ساڵی 1621 دا لە نووسینی کتێبی «نۆڤوم ئۆرگانۆم» دا بەکارهێنا. ئەم کتێبە لەژێر ڕۆشنایی و کاریگەری «ئۆرگانۆن» مێتودی فێرکاریی ئەریستۆ دا نووسراوە.

باکۆن، لەم کتێبەیدا، ڕەخنە لە بەدحاڵیبوون و جەواشەکاری دەگرێت، کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەسەندنی زانست و زانیارییدا. یەکێک لەو بەدحاڵیبوونانەی، کە بایکۆن ڕەخنەی توندی لێدەگرێت، «غەرەزی عیلەلی سروشت» یان «مەبەست و ئامانج لە دروستبوونی سروشت» ڕەتدانەوەی ئەو بڕوایەی کە گوایە سروشت بۆ مەبەستێک دروستبووە.

بە بڕوای باکۆن، هیچ ئامانج و مەبەستێک لە دروستبوونی سروشتدا نیە، بۆیە، بڕواهێنان، یان بەدحاڵیبوون لەم تێزە، دەبێتە ڕێگر لە فرەوانبوونی زانیاری و زانست. ڕەنگە ئەم بۆچوونەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە باکۆن پێی وابوو «زانیاری هێز، یان دەسەڵاتە». ئەم ڕێبازەی باکۆن لە لایەن جۆن لۆک درێژەی پێدرا.

جۆن لۆک (1632 – 1704)

لەلای جۆن لۆک، لە کتێبی «دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ» (1690) و «چەند بۆچوونێک دەربارەی فێرکاری» (1693) ئەم کاریگەریەی باکۆن، ڕەنگی داوەتەوە. لۆک، پەیوەندی نێوان شت/ بابەت لە جیهاندا و ئاگامەندی مرۆڤ، بە «ڕیالزمی/ ڕیالستی ڕەخنەگرانە» تێدەگات. بە بڕوای لۆک، فرەئەزموونی دەبێتە بنەمای فرەبیری (فرەئایدیا). لۆک گەیشتۆتە ئەو بڕوایە کە، بیری مرۆڤ، بە هۆی بوونی بابەتە دەرەکییەکانەوە پەیدا دەبێت.

سیستەمە ئاکاریەکەی لۆک لەسەر دوو پایە بنیاتنراوە

1- وەکیەکی (یەکسانی)

لەلای لۆک، وەکیەکی مانای ئەوەیە کەس مافی چەوساندنەوەی دیگەرانی نیە و نابێت هیچ

کەسێکیش لێبگەڕێت بیچەوسێننەوە. گشتمان ئازادین و خاوەنی خۆمانین. ژیان مافێکیی سروشتیمانە و مافی (موڵک و سامان) خاوەنداریێتیمان هەیە.

2- ئازادی
ئازادی، هاوتا و هاوەڵی وەکیەکییە. بە بڕوای لۆک، ئازادی پەیوەستی وەکیەکییە، بەو مانایەی، کە هەر کەس ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیانی خۆی، دەربڕینی بیروباوەڕ، مافی خاوەنداریێتی و موڵکایەتی. بەڵام نابێت ئازادیی هیچ کەسێکی دیکەش، پێشێل بکەین، جا بۆیە یەکدی قبووڵکردن (تۆلێرانس) بنەمایەکی گرنگە بۆ ئازادی.

بە کورتی، لۆک، پەروەردە و فێرکاری لەم چوار خاڵەدا چڕ دەکاتەوە
1- لەشساغی
لەبەر ئەوەی لۆک، پزیشک بووە، بڕوای وایە لەشساغی مەرجێکی هەرەگرنگی فێربوون و کارکردنە، بۆیە گوتویە: «گیانی ساغ / پاک، لە لەشی ساغدایە» بۆیە، بە گرنگی زانیوە،کە منداڵ لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنیدا (بەتایبەتی تا چوار ساڵی) خۆراکی چاک، پۆشاکی لەبار، ژینگەی پاکی هەبێت و جووڵە / وەرزش بکات.

2- پەروردەی ڕەوشتی
لەم ڕێگەیەوە دەتوانین (خووی) منداڵ بگۆڕین. لۆک بڕوای وایە پەروەردەکردنی ڕەوشتی، منداڵان فێری خۆناسین و خۆجڵەوکردن دەکات و هۆشیاری جێگەی هەرزەبیری دەگرێتەوە.

3- پەروەردەی کۆمەڵایەتی
منداڵان، لە سەرەتادا تێرمە کۆمەڵایەتییەکان لە خێزان و مامۆستاکانیانەوە فێر دەبن. دواتر لە کۆمەڵگەوە، لۆک بڕوای وابوو، کە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی ساغڵەم، لە نموونەی (کەسانی) ساغڵەم و دروستی ناو کۆمەڵگەوە فێری منداڵ دەکرێت.

4- فێرکردنی کتێبی
لەم قۆناغەدا، منداڵ دەخوازێت فێر بێت. بە بڕوای لۆک، فێرکردن نابێت بەزۆر بێت، بەڵکوو دەبێت بە حەز و خواستی منداڵ بێت. ئەو کتێبانەی لە سەرەتای پرۆسەی فێرکردندا بەکار دەهێنرێت، دەبێت تێکستەکانی ئاسان و شادیهێن بن.

ڕێبازی سروشتویستی (نەیچرالیزمی)

نەیچرالیزم، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، کە ڕاستەقینە (هەبوون) دەشێت لە ڕوانگەیەکی هارمۆنیەوە، بە گەڕانەوە بۆ دیاردە سروشتیەکان، ڕاڤە بکرێت.

ژان ژاک ڕۆسۆ (1712- 1778)

ڕۆسۆ، بڕوای وابوو،کە مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا لە هارمۆنیدا دەژی و بۆخۆشی هەر بەشێکە لە ڕێسای سروشت و لە ڕێگەی هەستەکانیشیەوە، دەتوانێت زانیاری لەو ڕێسا سروشتیە وەربگرێت. ئەم ڕێبازەی ڕۆسۆ، لەلایەن پێستۆلۆژی و پیاژێ، درێژەی پێدرا.
ڕۆسۆی بە زێد سویسری و هاووڵاتی فەرەنسایی، لە ڕیزی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەریی دادەنرێ. ڕۆشنگەریی لەو ڕوانگەیەوە بۆ زانیاری دەڕوانێت، کە بە هۆیەوە مرۆڤ ڕزگار دەبێت و کۆمەڵگاش دەگۆڕێت. (ڕۆشنگەری لە ساڵانی 1700 گەیشتە فەرەنسا). ئەم ڕێبازە نەیچرالیزمەی ڕۆسۆ، بە نەیچراڵیزمی ڕۆمانسی ناودەبرێت. ڕۆسۆ (ساڵی 1760) لە سەرەتای کتێبی «ئێمیل» دا دەنووسێت:

«هەرشتێک،کە بە دەستی سروشت و بنووسی یەکەم دەخوڵقێت، تەواوکۆیە (کەماڵە)، وەلێ هەر هێندەی دەستی مرۆڤی پێدەگات، ئیدی کاولی دەکات و تێکی دەدات. مرۆ، بە تۆپزی خاکێک (کێڵگەیەک) ناچار دەکات، شینایی خاکێکی دیکە وەبەر بێنێت. درەختێک ناچار دەکات، میوەی درەختێکی دیکە بگرێت. مرۆ کەش و وەرزەکانی ساڵ تێکوپێک دەدات و دەیانشێوێنێت. یارۆ، سەگ و ئەسپ و کۆیلەکەی خۆشی سەقەت دەکات (مەبەستی لە خەساندنە). مرۆ، حەوسەڵەی هیچی نیە، نە هەر ئەو بابەتانە (شتانە)ی سروشت خوڵقاندوونی، تەنانەت حەوسەڵەی مرۆڤی هاوڕەگەزی خۆیشی نییە!».

ڕۆسۆ دەنووسێت: «ئامانجی فێرکردنی ئێمیڵ، بۆ- بوون بە مرۆڤە- نەکو فێری پیشەیەکی تایبەتی بکرێت، یان بۆ پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی ڕابهێنرێت». ڕۆسۆ، وەک پێداگۆگە ریفۆرمخوازەکانی دیکە، لە فەلسەفە پێداگۆگیەکەیاندا بڕوایان وایە، لە بەرنامەی فێرکاریدا، دەبێت منداڵ لە سەنتەردا بێت، نەکو بابەتەکانی فێرکاری.

دەکرێت دیدی ڕۆسۆ (لەم بوارەدا) لە 3 خاڵدا چڕ بکەینەوە:
1- بەرنامەی فێرکاری دەبێت، حەز و ئارەزووی فێرکار و ئاستی پێگەییوی (کامڵبوونی) فێرکار بەهەند بگرێت.

2- فێرکاری پرۆسەیەکی درێژخایەنە و دەبێت لەگەڵ پرۆسەی گەشەی منداڵ و لاودا، پێشڤە بچێت.

3- نابێت پەلە لە فێربووندا بکرێت و بەکرچوکاڵی بەڕێوەبچێت. دەبێت لێگەڕێین منداڵ، تەمەنی منداڵی خۆی بەسەربەرێت.

ڕۆسۆ، بڕوای وایە،کە یەکەم مامۆستای فەلسەفە بۆ مرۆڤ، دەست و پا و هەستەکانیەتی، بۆیە دەنووسێت:

«منداڵ، چەندی حەز دەکات، با غار دا و بقیژێنێت. نابێت بەزۆر ئارام و کپیان بکەین. هەر جووڵە و کردەیەک منداڵ دەیکات، هەڵقوڵاوی سروشتی خۆیەتی. ئەم بزێوییە هەستەکانی، بینین، بیستن و پێحەسیان چالاک دەکات و منداڵ دنیابین دەبێت. مەشقکردنی ئەو هەستانە، پێشبینی و دید و خەملاندی منداڵ زیاد دەکات».

مێتودی فێرکردن لای ڕۆسۆ
مێتودی پێداگۆگی ڕۆسۆ، لەسەر بنەمای (ئیندیکتیڤی = هەڵسەنگاندن و خەملاندن) بنیاتنراوە. واتە خوێندکار، دەبینێت، ئەزموون دەکات و لەو دەرئەنجامانەی دەستی دەکەوێت، دەخەملێنێت. کاری مامۆستا (دوای باسکردن و ڕاڤەکردن) پرسیارکردنە.
مامۆستا دەپرسێت:
- بۆ، بۆچی؟
- چۆن ئەم پرسیارە وەڵام دەدەیتەوە؟
- چۆن دەزانیت؟
- ئایا ئەم شتە / دەرئەنجامە، کەڵکی هەیە؟

یۆهان هێنریچ پێستالۆزی (1746- 1827)

یۆهان هێنریچ پێستەلۆزی- سویسری- مامۆستا و نووسەر بوو. بیر و بۆچوونەکانی خۆی لە ژێر کاریگەری دیدگە پێداگۆگیەکەی جان جاک ڕۆسۆ دا بنیات نابوو. پێستالۆزی، تەواوی

ژیانی خۆی بۆ وانە گوتنەوە بە منداڵان (منداڵانی هەژار) تەرخان کرد. چەند خوێندنگەیەکی دامەزراند، دواتر بوونە نموونە لە وڵاتانی ئەورووپادا. پێستەلۆزی گشت بیر و بۆچوونەکانی خۆی لە دوو ڕۆمانی شاکاردا کۆ کردۆتەوە: «لینهارد ئوند گێرترود» (لینهارد و گێرترود) لە ساڵی (1781- 1787) دا نووسراوە. «وای گێرترود ئیهرە کیندەر لێرت» (گیرنەرد، ئاوها منداڵەکانی فێر دەکات) لە ساڵی 1801 دا نووسراوە. ئامانجی سیستەمە پێداگۆگیەکەی پێستەلوزی، فراژووتن و گەشەپێدانی هێزی مێشک، هێزی دڵ و هێزی دەستە.

- هێزی مێشک، کاتێک گەشە دەکات،کە منداڵ فێر بێت ببینێت و بتوانێت لە بینینی (بەشەکان) (گشت) یان وردەکاری ببینێت.
- هێزی دڵ،کاتێک گەشە دەکات، کە منداڵ فێر بێت بەها بۆ ژیانی ڕۆژانە دابنێت و گوێ لە گەورەکان بگرێت.
- هێزی دەست،، یان هێزی لەش، کاتێک گەشە دەکات و پەرە دەستێنێت، کە منداڵ کاری دەست بکات و ئەوەی فێری دەبێت، بەکردەوە، پراکتێک، بیکات و لە چالاکی وەرزشیدا بەشدار بێت (ئەمانە دەبێت بەشێک بن لە بەرنامەی ڕۆژانەی فێرگە).

بە بڕوای پیستەلۆزی، پێداگۆگ-ی زیرەک و توانا، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و ڕامان لە سروشت، دەتوانێت ڕێسا و شێوازی فێرکاری پەیدا بکات.

جان پیاژێ (1896- 1980)

جان پیاژێ هەوڵی داوە وەڵامی ئەم 3 پرسیارە بداتەوە

1- منداڵ، چۆن لە ڕێسا و یاسا دەگات؟
2- مندڵ، چۆن دانوساندن و درۆ و نایەکسانی مەحکوم دەکات (هەڵدەسەنگێنێت)؟
3- دیدی منداڵ، لە هەمبەر سزادا چییە؟

هەروەک ڕۆسۆ و پێستالۆزی، بۆیان گرنگ بوو، پیالژێش بەلایەوە گرنگ بوو، «فۆرمی فێرکردن» فێری منداڵ بکرێت، نەک «ناوەڕۆک»ی بابەتەکە. بە واتایەکی دیکە، گرنگە منداڵ فێری فێربوون و داهێنان بکرێت، نەک ناوەڕۆک و بابەت.

به بڕوای پیاژێ، فێرکردن (سیستەمی فێرکاری) ئەرکێکی جڤاکییە، واتە فێرکردن و گەیاندنی ئەو زانیاریە کە نەوەکانی ڕابوردوو پەیدایان کردووە و کۆیان کردۆتەوە، بە نەوەکانی ئێستا. منداڵان ئامادە بکرێن تا لە داهاتوودا بتوانن ڕووبەڕووی گرفت و کێشەکان ببنەوە. دەبێت منداڵان فێری فێربوون بکەین. دەبێت ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی پرۆسەی فێرکردن ئەوە بێت، ئندڤید / تاکی سەربەخۆ، پێبگەینیت و ئامادە بکات،کە بتوانێت شتی نوێ بکا (ئافراندنی هەبێت/ کریاتیڤ بێت) داهێنەر بێت، نەک هەمان شت/ بابەتی نەوەکانی پێشوو دووبارەبکاتەوە.

پیاژێ، منداڵانی وەک گچکەفەیلەسووف دەبینی، بڕوای وا بوو منداڵ دنیایەکی بیرکردنەوە و ڕامانی گچکەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو دنیایەی ناو نابوو «کۆنسترۆکتڤیزم».

**قۆناغی ئاوەزی**

کانت (1724- 1804)

ڕێباز و بۆچوونە فەلسەفیەکانی کانت، گۆڕانێکی مەزنیان لە شێوازی بیرکردنەوەدا بەرپا کرد. ڕێبازە فەلسەفەفیەکانی پێداگۆگیش لەم گۆڕانە بەدەر نەبوون.

کانت، لە بابەتەوە دەست پێدەکات و ئاوەز دەکات بە پێوەر بۆ توانای هەڵسەنگاندن و حوکمدان. ئەوجا ویست و توانای تاکەکەس بۆ تێگەیشتن و خەمڵاندن، دواتر هەڵبژاردن و بڕیاردان. بە بڕوای کانت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی گیاندارە (گیانەکی) یە، ئەوا بوونەوەرێکی سنووردارە و تێگەیشتنیشی لە بوون سنووردارە و تەنها ئەو هێندە لە بوون تێدەگات، کە دەکەوێتە بەر ئاگامەندییەکەی، بەڵام بوونەوەرێکی دیکەی بێ سنوور، کە خودایە، دەتوانێت لە تەواوی بوون تێبگات. کانت، ئەو شتانەی دەکەونە دەرەوەی ئاگامەندی مرۆڤ، بە «شت - لەناو - خۆیدا» ناو دەنێت. یان «نۆمینە» = ئۆبجێکت. بە بڕوای کانت، مرۆڤ دەزانێت دنیایەک هەیە لە دەرەوەی ئاگامەندی خۆیدا، بەڵام بە تەواوەتی نازانێت ئەو دنیایە چۆنە! ئەوەی کە مرۆڤ، هەندێکی لەبارەوە دەزانێت، بە «شت - کە خۆی - بۆ من - دەردەخات» ناودەنێت، یان ناوی دەنێت «فێنۆمینە».
لەدیدی کانتدا پەروەردە و فێرکردن، بنیاتنانی کەسایەتییە. کاراکتێرێک کە بە بنەماکانی ئێتیک ڕاهێنرابێت. کەسایەتییەک، کە ڕێز لە یاسا ڕەوشتییەکان بگرێت و هەست بکات وەک ئەرک دەبێت پەیڕەوییان بکات. لە ڕوانگەی ئەم هەست و ئەرکە ڕەوشتییەوە،

بە دیدی کانت، کۆمەڵگەیەکی ڕەوشتبەرز و چاک (!) بەرهەم دێت.

**فەلسەفەی پێداگۆگی مۆدێرن**

فەلسەفەی پێداگۆگی مۆدرێن بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت.

1- قۆناغی پراکتیک
2- قۆناغی لێنگویستیکی

فەلسەفەی پێداگۆگی مۆدێرن، بە بۆچوونی جۆن دیۆی، دەبێت:

«منداڵ بە دیدێکی وا ڕابهێنێت کە ڕێز لە گشت تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەکەی خۆی و گشت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگرێت و لە هەمبەر ناخی خۆشیدا کەسێکی فێرخواز و ڕەخنەگر بێت. هەردەم بەدوای زانیار و زانستدا عەڤداڵ بێت. کەسێک بێت هەستی بەرپرسیاریەتی هەبێت و بتوانێت حەز و توڕەیی و هەستەکانی خۆی جڵەو بکات».

گەر ئەمە ئامانجی فەلسەفەی پەروەردەکردنی نوێ بێت، دەبێت ترۆپکی ئەم ئامانجە، گۆشکردنی منداڵ بێت بە دیدگە و تێڕوانینی دێموکراتیانە. باسکردن لە سیستەمی دەوڵەت و حکومەتی دێموکراتی و کۆمەڵگەی سڤیل (مەدەنی)، بەبێ هەبوونی سیستەمێکی پەروەردە و فێرکردنی دێموکراتیانە، هەقایەتێکی بێتامە!

دیسان جۆن دیۆی لە کتێبی «سیستەمی فێرکاری و دێموکراتی» دا، (ساڵی 1916) نووسیویەتی، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، لە ڕێگای سیستەمی فێرکاری دێموکراتیانەوە گەشە بە دیدی مرۆڤدۆستی و کۆویستی منداڵ بدرێت و هەستی بەرپرسیاریەتی و بەتەنگەوەهاتن و ڕەخنەگری، تێدا بخوڵقێنرێت.

ئیدی ئەم سیستەمە وا لە تاکەکانی کۆمەڵ دەکات، کە هەم خۆیان کەسانی دێموکراتخوازبن و ڕێز لە هەست و بیروڕای کەسانی دیکە بگرن و هەم هەوڵ بدەن و کۆشش بکەن، ئەو دید و بەهایانە، لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵ و پێشڤەچوونی زانست و تەکنۆلۆجیادا، پەرە پێبدەن و بیگەیێننە نەوەکانی داهاتوو.

**1- قۆناغی پراکتیکی (بەکردەوە — ئەزموون)**

جۆن دیۆی (1859- 1952)

دیۆی لە ڕابەرانی فەلسەفەی پراگماتیزمی بوو (پراگما، وشەیەکی یۆنانیە و مانای کردن، یان بە کردەوە- پراکسیس، دەدات) دیۆی بڕوای وابوو، کە فێربوون بە کردەوە و پراکتیک نەبێت، هیچ کاریگەریەکی نابێت، بۆیە ڕێبازی فێربوون بە ئەزموون (بە کردن) Lerning by Dowing دامەزراند. دواتر ئەم ڕێبازەی لە سێ خاڵدا چڕ کردەوە:

- دەبیستم و بیرم دەچێتەوە I hear, and I forget
- دەبینم و بیرم دەکەوێتەوە I see, and I remember
- ئەزموون دەکەم و تێدەگەم I do, and I understand

دیۆی، لە ڕێگای لێکۆڵینەوەکانیەوە، دەستنیشانی ئەو پەیوەندییەی کردووە، کە لە نێوان سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و منداڵ- خوێندکاردا هەیە و بە پەیوەندی نێوان (ئۆبجێکت و سۆبجێکت) خود و بابەت- ی، دادەنێت. دیۆی ئەو پەیوەندییە دەبەستێتەوە بە پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵەوە.

ئەو بڕوای وابوو، بابەتی سیستەمی فێرکاری (پەروەردە و فێرکردن) نابێت تەنها پەیوەندییەکی یەک جەمسەری لە نێوان بابەتی فێرکاریەکە و منداڵ- خوێندکاردا دروست بکات، بەڵکوو دەبێت ببێتە هۆی بنیاتنانی پەیوەندییەکی دوو جەمسەری.

- جەمسەری یەکەم: بابەت و منداڵ.
- جەمسەری دووەم: منداڵ و کۆمەڵگە و جیهان.

دیۆی بڕوای وابوو، ڕامان و لێکۆڵینەوە گرنگترین خاڵە لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا. بۆیە گرنگی ئەم پرۆسەیەشی لە سیستەمی فێرکاریدا زۆر بە گرنگ زانیوە.

2- قۆناغی لینگویستیکی

بە بڕوای ئەریستۆ، چەمکە (یونڤێرشاڵ) یان گشتگرەکان و کاتێگۆریەکان، هان لە نێو - لە ناوەڕۆکی (ئیمانێنت) بابەتەکاندا- ئۆبجێکتەکاندا. بە بڕوای هیگڵ، بیری شکاوەیی- ڕیفلیکتی (ئینعکاسی) مەرجە بۆ (هەڵماڵین- کەشفکردنی) یان تێگەیشتنی بابەت. دەستپێکی قۆناغی

لێنگویستی، دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی هیگڵ، کە لێنگویستیک بە بیری ڕیفلیکتیکەوە پەیوەند دەکات.

هیگڵ (1770- 1837)

«گەرچی هیگڵ هاوسەردەمی ئەم ڕێبازە مۆدێرنە نییە، بەڵام بۆچوونەکانی لە بواری لێنگویستیکدا کاریگەری لەسەر پێداگۆگانی ئەم ڕێبازە زۆر بووە». بە بڕوای هیگڵ، گرنگییەکی تایبەت لە نێوان وێنا (تەسورات) و بیردا هەیە. دەکرێ بگوترێت، کە ئەرکی فەلسەفە، جگە لە گۆڕینی وێنا (وێناکردن) بۆ بیر (بیرکردنەوە) چیِ دیکە نیە! زمانیش کارێکە لە کارەکانی بیر (بیرکردنەوە) هەرچییەکیش، کە بتوانرێت لە ڕێگەی زمانەوە (ئاخافتنەوە) ڕاڤە بکرێت و باس بکرێت، ئەوا بێگومان بابەتێکی گشتگرە، یان (یۆنیڤێرشاڵە). هەر شتێک - بابەتێک، کە من مەبەستمە و دەریدەبڕم، ئەوە بابەتی منە (بووە بە بەشێک لە من)، بووە بە بەشێک لە منی تاک. بەڵام زمان، تەنها ڕاڤە، یان (تەعبیری) بابەتە گشتگرەکان (یۆنیڤێرشالەکان) دەکات. ئەوەشی کە لە ڕێگەی زمانەوە (ئاخافتنەوە) نەتوانم ڕاڤەی بکەم بیڵێم، ئیدی با هەستێک، یان سۆزێکیش بێت، هیچ بەها و گرنگییەکی نییە. هیگڵ زیاتر ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: «منداڵ، لە سەرەتای پرۆسەی فێربووندا، فێر دەبێت، کە چۆن ڕیفلیکتیکانە بیر بکاتەوە. فێری شێوازی پەیوەستکردنی سوبستانس (ناو - چەمک) بە سیفاتەکانیانەوە دەبێت. بە واتایەکی دیکە فێری ڕێسایەکی گشتگر (یۆنیڤێرشاڵ) دەبێت.

لودویگ ویتگنستەین (1891- 1956)

ئەم قۆناغە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی فەیلەسووفی نەمسایی- بەریتانی گەیشتە ئاستێکی بەرزتر. ویتنگستەین، زۆر شارەزایانە و هەستیارانە پەیوەندی چڕ و ئاڵۆزی جڤاتی، کە لە میانەی چەمک و دەستەواژە زمانەوانیەکانەوە ئاشکرا دەبن، خستۆتەڕوو. ویتگنستەین بڕوای وابوو بەکارهێنانی چەمکە زمانیەکان لە گەمەیەک دەچن. گەمەیەک، کە ڕێساگەلێکیی خۆی هەیە. ئەوانەی شارەزای ڕێساکانی گەمەکەن دەزانن چۆن گەمە بکەن.

یۆرگن هابەرماس (1927-)
لای هابەرماس کاتێگۆرەکانی دانوساندن، لە نێوان مرۆڤەکاندا، جێگەی چەمکە زمانەوانیەکان دەگرنەوە. بە بڕوای هابەرماس، پەیوەندی مرۆڤەکان تەنها پەیوەندیەکی ئاکاریی بەسەردا سەپاو نیە، کە لە ڕێگەی (عەقڵانیەت) ئاوەزیی خودییەوە سەرچاوەی گرتبێت و پەرەی سەندبێت، وەک ئەوەی کانت بڕوای پێبوو، بەڵکوو پەیوەندییەکان دەچنە پلەیەکی باڵاتر، ئەویش دۆزینەوەی ڕێگەچارەیە بۆ کێشە و ناکۆکیە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و سیاسیەکان، لە ڕێگەی دیالۆگەوە.

هابەرماس بڕوای وایە، کە دەبێت گشت لایەنەکان لە هەر کێشەیەکدا، مافی وەک یەک و بەرابەریان هەبێت بۆ داکۆکیکردن لە ڕاوبۆچوون و دیدگەکانیان. هابەرماس، مەرجی تەبایی و لێکحاڵیبوون، بە تێگەیشتنی زمانەوە دەبەستێتەوە. بۆ ئەوەی مرۆڤ تەبا و لێکحاڵیبن، پێویستە «وەرگر» لە زمانی «نێردەر» حاڵیبێت. لە وشەکان و چەمک و مەبەست و ماناکانی تێبگات. بێگومان تێگەیشتن «بە شێوەیەکی گشتی» پابەندی لێهاتوویی و توانای زمانیی کەسەکانە. بە بڕوای هابەرماس، مرۆڤ لە سێ جیهانی دانوساندنی جیاوازدا دەژی و بە سێ ئاستی جیاواز دەپەیڤێ. ئەم سێ جیهانە جیاوازە، کۆمەڵە مەرج و ڕێسای خۆی بۆ ڕەوایەتی و قبووڵکردن هەیە، کە مرۆڤ لە کاتی دانوساندندا پەیڕەویان دەکات.

1- جیهانی بابەتی (ئۆبجێکتیڤی)
2- جیهانی کۆمەڵایەتی (سۆشیاڵ)
3- جیهانی خودی (سۆبجێکتی)

جیهانی بابەتی (ئۆبجێکتیڤی):
جیهانی دەرەوەی من، جیهانێکە، بابەتە دەرەکییەکان بەرجەستەی دەکەن. جیهانی ماتریاڵی و فاکتەکانە. مرۆڤ لە کاتی دانوساندندا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی و ڕاستی و ناڕاستی بەڵگەکان (ئەرگومێنتەکان)، دەتوانێت ئاماژەیان بۆ بکات. بۆ نموونە: «ئێستا، باران دەبارێت».

جیهانی کۆمەڵایەتی (سۆشیال):
جیهانی ئێمە، جیهانێکە بەها و ڕێسا ڕەوشتیەکان (نۆرمەکان)، بەرجەستەی دەکەن. ئەم

جیهانە لە زنجیرە دانوساندن و پەیوەندییەکی مرۆیی پێکهاتووە، کە مرۆڤ هەردەم، بۆ ڕەواییدان بە بەها و نۆرم، ئاماژەیان بۆ دەکات. بۆ نموونە «سزادانی تاوانکار ڕەوایە».

جیهانی خود (سۆبجێکتیڤی):
جیهانی من، جیهانێکە بۆچوونی تاکەکەسی، حەز، ویست، هەست و سۆز و بڕوای تاکەکەسی بەرجەستەی دەکات. بۆ ڕەواییدان بە تێڕوانینە تاکەکەسییەکان، ئەم جیهانە ئەزموونە خودییەکان دەکات بە پێوەر. بۆ نموونە: «ئەم تابلۆیە جوانە / ئەم تابلۆیە لەلای من جوانە».

**ڕێبازی جڤاتی ڕامانی Community of Inquiry**

چارڵس ساندێرس پێریس (1839- 1914)

چارڵس ساندێرس پێریس ئەم چەمکەی داهێناوە. بە بڕوای پێریس، لە جڤاتێکی ڕامانیدا، منداڵان دەتوانن فەنتازیا- ئەندێشە و بیر و هۆشی یەکدی زیاتر بجوڵێنن و یەکدی بۆ بیرکردنەوەی زیاتر ڕابکێشن. زیاتر گوێ بۆ یەکدی ڕادێرن و بە دیدی ڕەخنەییەوە لە بۆچوون و بەڵگە و ئەرگومێنتەکان بڕوانن و بە کۆ (گەلدەست / دەستەجەمعی) دەرئەنجامەکان هەڵسەنگێنن و ئەنجامگیری *«لۆجیکانەی»* لێبکەن.

جۆن دێوی زۆر گرنگی بەم چەمک و ڕێبازە داوە و ڕەهەندێکی نوێی پێبەخشی. بەگوێرەی ئەم ڕێباز و چەمکە، منداڵ لەو جڤاتەی، یان ئەو کۆمەڵە و گروپەی، یان ئەو پۆلەی لەگەڵیاندایە، بە دوی ڕاستیەکاندا بگەڕیت و ڕامانی هەبێت.

ئەم ڕێبازی جڤاتی ڕامانییە دواتر بووە شارێ لە کۆنسێپتی «فەلسەفە بۆ منداڵان» لەلای ماتییۆ لیپمان. (لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژی باسی شێوازەکەی لیپمان دەکەم).

دەرئەنجام

ئالەم ڕوانگە و ڕێباز و بۆچوونانەوە، جارێکی دیکە، دەروازە لە بەردەم فەلسەفەدا واڵا دەبێت، بچێتە ناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە.

بەکورتی: دەکرێت کۆی باس و ناوەڕۆک و مەبەستی ئەو ڕێبازە پێداگۆگکیانەی لەم بەشەدا باسکران، لەم خشتەیەدا کورت بکرێتەوە.

| | ئایدیالزم | نەیچرالیزم | پراگماتیزم | ڕیالیزم | دیالیکتیکی ماتریالیزم |
|---|---|---|---|---|---|
| ئۆنتۆلۆجی<br>میتافیزیک | جیهانی ئایدیا<br>پلاتۆن<br>جیهانی فێنۆمێن<br>(دیاردەکان)<br>(کانت) | گۆڕانی خاو<br>درێژخایەن | هەڵسوکەوتی زیندەوەر<br>ئۆرگانی و نائۆرگانی | ماتەر لە فۆرمی بەرزدا<br>(سوبستانس) | ئۆرگانی و نائۆرگانی لە گەشەسەندنی دیالێکتیدا |
| ئێپستمۆلۆجی | پێشفەچوونی دیێتکتیڤی<br>(پلاتۆن)<br>ئەزموون-کاتاگۆری<br>(کانت) | ئەزموون بیرکردنەوە<br>(پیستالۆژی)<br>کۆنستراکتیڤیزم<br>(ژان پیاژێ) | ئەزموونکردن<br>و<br>دەرئەنجامگیری | لێوردبوونەوە و هەڵهێنجان<br>پەیوەستدان ئیمپیرزمی<br>لۆجیکانە | ئەزموونکردن پراکسیس<br>لە گەشەسەندنی ئۆرگانیدا |
| ئێتیک | بەها هەمیشەییەکان<br>ڕاستی، چاکی، جوانی<br>(پلاتۆن) | سروشتی دۆستانەی منداڵ<br>مرۆڤ خۆشویستن | دەرئەنجامی ڕەوشتانەی ڕەفتار و دانوساندن، لە هەمبەر تاک و کۆمەڵدا | (جێنتڵمەن ئایدیاڵ)<br>ڕەفتاری بەرز و جوان | ئەزموونکردنی دیالیکتانە<br>(بابەت، دژەبابەت، تێکهەڵکێش) |
| دیدی مرۆڤانە<br>هیومانەتی | سێ ئاستەکان-پلەکانی گیان<br>ویست، خۆڕاگری، ژیری<br>(گەشەی ئاگامەندی) | گەشەکردنی جڤاکی و دەروونی<br>گەشەکردنی ڕەوشت و ئاگامەندی | هاوئاهەنگی لە نێوان هەڵپە و هۆشیاری<br>گەشەی ئاگامەندی | کەسایەتی لەئەنجامی ئەزمووندا بنیاتدەنرێت<br>پەیوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە | هاوئاهەنگی دیالیکتیانە لە نێوان ئاگامەندی و جیهان<br>(ئەزموونی جیاواز کەسایەتی جیاواز دەخوڵقێنێت) |

## بەشی دووەم

فەلسەفە بۆ منداڵان، چییە؟

ڕێبوار سیوەیلی، لە کتێبی «ترسان لە فەلسەفە» دا دەنووسێت: «پرسیارەکانی فەلسەفە هەرچییەک بن، جۆرێکن لە چالاکی و پرسیاری مرۆڤێکی کامڵی عاقڵ و ژیرن بە ڕۆحێکی منداڵانەوە. خەسڵەتی جەوهەریانەی فەلسەفە بریتیە لە خۆشەویستی بۆ زانین، ئەو چالاکییەی جەوهەرەکەی لەسەر خۆشویستنی زانینەوە بێت، چالاکییەکە لە هەوڵی فرەوانکردنی مەودا بەرتەسکەکان، کردنەوەی گرێکوێرەکان و گۆڕینەوەی تاکڕەهەندیدایە بە فرەڕەهەندی. لێرەدایە منداڵی و فەلسەفە بۆ هەمیشە دەبنە هاوسەفەری یەکتری: لە منداڵییدا گومان و پرسیار و گەڕان بەدوای وەڵامدا بەرجەستەترین دۆخی ئاسایی و سروشتین. خۆشەویستی منداڵان بۆ گەورەبوون و فرەوانکردنی دنیای خۆی، پەلکێشی دەکەن بۆ گەڕانی بەردەوام بەدوای پرسیار و ڕەواندنەوەی گومانەکانیدا. هیچ شتێ نییە منداڵان لەم گەڕان و عەوداڵبوونە پاشگەز بکاتەوە، چونکە ئەوە، وێڕای ئەوەی کەلتوورێکی منداڵکوژی پێویستە کە تیایدا و بەهۆیەوە، دەست دەخرێتە دنیای منداڵەوە و منداڵیی سەرکوت دەکات، ئاواش دژی سروشتی قۆناغی منداڵیانەی مرۆڤە، کە ئەگەر نەتوانێت لەو قۆناغەدا خۆی دەرببڕێ و خۆی بناسێ و بهێنێتە دی، بە پێویست لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەندا لە هەوڵی خۆ دەربڕین و خۆ بەدیهێناندا دەبێت و بە ئاسانی دەستی لێهەڵناگرێ، چونکە ئەگەر ئەو کارە بکا ئەوە لەگەڵ ناخی خۆیدا دووچاری ناکۆکی و دژایەتی دەبێت و مرۆڤێکی ناکام و نائومێد و بڕوابەخۆنەبووی لێدەردەچێ.

لێگەڕێن بەمجۆرەی خوارەوە سەرەتای حەکایەتی منداڵیی مرۆڤ و فەلسەفە دابمەزرێنین: داستانبێژانی دنیادیدە و بە ئەزموون و حەکیم گوتویانە: کاتێ بۆ دوای دواوە و تا دوورەدەسترین شوێنی ناو خەیاڵا بڕوانین، دەبینین لە سەرەتای سەرەتاوە جیهانێکی پڕ تەمومژ هەیە و مرۆڤ لەو کاتەوە و لەناو ئەو تەمومژی بەرەبەیانی مێژووەوە بەدیار دەکەوێ، کە هێدی هێدی بۆی ئاشکرا دەبێت ئەو: بیر دەکاتەوە، یان دەتوانێ بیر بکاتەوە. یان ڕاستتر وایە بڵێین: مرۆڤ لەو کاتەوە لە مێژوودا بەدیار دەکەوێ کە بیر دەکاتەوە لەوەی ئەو بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە. کەمێ پێش ئەو ڕووداوە و تۆزقاڵێ بەر لەوەی تەمەکە بەتەواوی بڕەوێتەوە (پشتبەستوو بە هەموو ئەو ڕاستیانەی تا ئێستا دەیانزانین)، مرۆڤ لەناو دنیای ئەفسانە و نەریت و باوەڕداریدا دەژیا، کە هەموو ئەمانەش ژیانی باو و

باپیرانی ئێمەیان ڕاپێچ دەکردە ناو ژیانێکی بەکۆمەڵی و دەیکردنە خاوەنی یادەوەری و کۆنەستێکی بەکۆمەڵی. بەڵام بێگومان ئەمە هەر تەنیا کەمێ لەپێش ڕەوینەوەی تەمومژەکەوە ڕووینەداوە، بەڵکو مرۆڤایەتی ماوەیەکی دوور و درێژ لەناو هەمان ژیانی کۆنەستانەی خۆیدا ماوەتەوە و ژیانی کۆنەستی چوارچێوەی بوونی ئەوی دەستنیشان کردووە. ئەوەی لێرەدا مەبەستی منە دەستنیشانکردنی وردی کاتێک و ڕۆژێک و سەدەیەک نییە کە تیایدا مرۆڤ لە مێژوودا بەدیار دەکەوێ، بەڵکو تەنیا ئاماژەدانە بە قۆناغی گۆڕانکاری و ساتەوەختی ڕەوینەوەی تەمومژەکە و دەستپێکردنی ژیانێکی ئاگایانە و هوشیارانەی مرۆڤ. ژیانێک کە تیایدا مرۆڤ بۆخۆی دەست بەبیرکردنەوە دەکات، دەزانێ کە ئەو بیر دەکاتەوە و دەشزانێ ئەوەی بیری لێدەکاتەوە شتێکە لە دەرەوەی خۆی».

منداڵ مافی خۆیەتی، کە لە پرسی ژیان و پرسە کانی ڕەوشت، چاکە و خراپە، جوانی، ڕەوایەتی، داد، یەکسانی، دین، مانای هونەر و گشت پرسگەلێکی دیکە بپرسێت و بۆی ڕوونبکرێتەوە و تێبگات. لەم ڕێگایەوە، منداڵ بە پرس و بابەتی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە، ئاشنا دەبێت.

ئەم مافانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، بەگوێرەی پەیماننامەی جیهانیی زارۆکان، لەم بەندانەدا ڕوونکراونەتەوە:

بەندی 6

1 – دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ، هەتا ئەوپەڕی توانایان، ژیان و فراژووتنی زارۆک دەستەبەر بکەن.

بەندی 13

1- زارۆک مافی ئازادیی دەربڕینی هەیە. ئەم مافە ئەوە دەگرێتەوە کە زارۆک، ڕەها لە سنووری دەوڵەتی، ئازادە لە لێگەڕان و دۆزینەوە و بڵاو کردنەوەی هەموو جۆرە زانیاری و بۆچوونێک، بە گوتن، بە نووسین و بە چاپ کردن، بە شێوەیەکی هونەرکارانە یان هەر شێوەیەکی دیکە زارۆکەکە لای باشبێت.

بەندی 14

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست ڕێز دەگرن لە ئازادیی بیروڕا، ویژدان و دینی زارۆک.

3- ئازادیی پەیڕەوی کردنی دین یان باوەڕی خۆ سەرفرووی تەنها ئەو جۆرە

سنووردارییەیە کە قانوون بیان سەپێنێ و پێویست بن بۆ پاراستنی ئەمان، شیرازە، تەندروستیی گشتی و نەریتی میللی یان ماف و ئازادیی کەسانی دیکە.

ئاشنابوون بە شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفی و پرسە فەلسەفییەکان، ئاستی ژیریتی منداڵ بەرزدەکاتەوە و کۆمەکی دەکات تا لە نهێنیەکانی ژیان و جیهانی دەوروبەری باشتر تێبگات. بە واتایەکی دیکە، ئاستی ئاگامەندی منداڵ پێدەنێتە قۆناغێکی بەرزتر. بۆ گەیشتن بەم ئاستە، دەبێت شێوازی فەلسەفە بۆ منداڵان، پەیڕەو بکرێت. شێوازی دیالۆگی فەلسەفی بە پرسیاری ئاسان و هەڵقولاو لە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی منداڵ خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت. کە دەکرێت بە شێوازی جڤاتی ڕامانی ناو ببرێت.

**فەلسەفە لە «پلانی فێرکاری هاوچەرخ» ـدا**

لە کتێبی «پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی» لە لاپەڕەکانی 74، 76، 78 و 79 ، دا، دەربارەی گرنگی و چۆنیەتی خوێندنی وانە و بابەتی فەلسەفی نووسراوە:

**«فەلسەفە و دین»**

پرسیارە سەرەکی و ئاڵۆزەکانی بوون لە بەرایی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، جێی نیگەرانی و سەرنجن، داوای وەڵامی دروست دەکەن. مرۆڤ بۆ گەڕان بە دوای ڕاستیدا پەنای بردۆتە بەر فەلسەفە و دین.

دین بە گشتی پەناگەیەکی ئارامی بۆ مرۆڤ ئافراندووە. لە چێوەی دیندا مرۆڤ پەنا بۆ هێزێکی تەواوکۆ و گشتگیری هەمەتوان دەبات، پابەندی فەرمان و پەیڕەوەی ڕێساکانی دەبێت. لە پاڵ هزری دیندا، میتۆلۆژی و ئەفسانەش ڕێبازێکی هزریی دیکە بوون، مرۆڤ بۆ شرۆڤەی دیاردەی سروشتکرد و مرۆڤکرد پەنای بۆ بردوون. مێژووی دین و ئەفسانە نێزیکەی هاوتەمەنن.

لە تەک شرۆڤەی دینی بۆ بوون و ژیان، شرۆڤەی فەلسەفیانەش هەیە، مرۆڤ دەیگرێتە بەر بۆ گەڕان بە دوای ماکی بووندا. لەم گەڕانەدا دۆزی ئاکار، دادپەروەری و جوانناسی جێی سەرنجن.

**گرنگی خوێندنی دین و فەلسەفە**

دین و فەلسەفە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشن بۆ گەڕان بە دوای ڕاستیدا. توانای بیرکردنەوە

سەر دەخەن و ئاسۆی هزری بەرفروان دەکەن. زانیاری دەربارەی دین و فەلسەفەوە منداڵ بە بەهای ڕەوایەتی، دادپەروەری، جوانناسی، ڕاستگۆیی، یەکسانی و ڕێز ئاشنا دەکەن.

**ئامانجەکانی خوێندنی وانەی دین و فەلسەفە**

- ئاشنابوونە بە دین و بیروباوەڕەکانی ناوخۆی وەڵات و جیهان.
- ئاشنابوونە بە بەهای سەرەکیی دین، وەک ڕەوایەتی، دادپەروەری، یەکسانیی نێوان مرۆڤایەتی.
- ئاشنابوونە بە شێوازی بیرکردنەوە لە بوون و ژیاندا.

**ئامانج لە خوێندنی فەلسەفە**

- ئاشنا کردنی منداڵ بە بیرکردنەوە و ڕامان
- ئاشنا کردنیان بە بیر و هزری جۆراوجۆر
- ڕامان لە بوون و ژیان
- تێگەیشتن لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان.

**بابەتەکانی فەلسەفە**

- ڕامان و هزر
- پەیوەندیی مرۆڤایەتی: دادپەروەری، ڕەوایەتی و یەکسانی
- جوانناسی.

**بابەتی فەلسەفە بۆ ئاستی 1 تا 3**

- بە تایبەتی لە پۆلی 3 دا پرسیارە سادە و ساکارەکانی فەلسەفە
- خۆناسین «بۆ نموونە تۆ کێیت؟» بیر کردنەوە لە خودی خۆت.
- کەسانی دیکە «کێت خۆشدەوێت؟» بیرکردنەوە لە کەسانی دەوروبەر.

**بابەتی فەلسەفی بۆ ئاستی 4 تا 6**

- پەیوەندیی مرۆڤایەتی، دادپەروەری، ڕەوایەتی، یەکسانی.
- پەیوەندی خود بە تاکێکی دیکەوە.
- هزرە سەرەتاییەکانی «بوون»

**بابەتەکانی فەلسەفە بۆ ئاستی 7 تا 9**

- تێگەیشتن لە ئازادی
- ناسینی ڕێبازەکانی فەلسەفە
- ڕامان و بیرکردنەوە
- گرێدانی هزری فەلسەفی بە ژیانی ڕۆژانەوە.
- بینینی بابەتەکان لە ڕەهەندی جیاوازەوە.
- فێربوونی دیالۆگ
- بەڵگە هێنانەوە و سەلماندنی بیروبۆچوون
- تێگەیشتنی لە بەها و نۆرم
- ئەرک و ماف

**بەکورتی**

ئامانج لە خوێندنی فەلسەفە و دین، ئاشنا کردنی فێرخوازە بە ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە و دونیابینی. تێگەیشتنە لە هۆی شەیدابوونی مرۆڤ، بە دوای نهێنیەکانی بوون و ژیاندا. ئاشنا کردنی فێرخوازە بە ڕەوشت و پەیوەندیی مرۆڤایەتیی وەک دادپەروەری، ڕەوایەتی، یەکسانی و ڕاستگۆیی، هەروەها پەروەردەکردنی هەستی جوانناسی». (پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی، ساڵی 2009، وەشانی ڕێکخراوی کۆمەک)

**ئایا فەلسەفە بۆ منداڵان پێویستە؟**

منداڵ ئەو مرۆڤەیە، کۆمەڵگە یاسا و ڕێساکانی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت و لە تەمەنێکدا کە خۆی ناتوانێت بڕیار بدات، دەخرێتە نێو پرۆسەی خوێندن. کەواتە هەڵبژاردنی ئەو پرۆسەیە بە خواستی منداڵ نیە و دید و بۆچوونی گەورەکان و سیاسەتمەداران و کۆمەڵگەیە، بەسەریدا دەسەپێنرێت.

ئا لێرەوە گرنگی و ئاڵۆزی و هەستیاری پرۆسەی فێرکاری (پەروەردە و فێرکردن) بەدیار دەکەوێت. منداڵان کە توخمی سەرەکی پرۆسەکەن، خۆیان هیچ ڕۆڵێکیان لە داڕشتنی بەرنامەی ئەو پرۆسەیەدا نیە. ئەوە گەورەکانن دەیانەوێت دید، بەها، ڕووداوە مێژووییەکان، ڕەوشت و ڕوانگەی فەلسەفی خۆیان، فێری نەوەی نوێ بکەن.

خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە، کە منداڵ بە ڕێزگرتنی سنووری جەستە و بیروبۆچوونی کەسانی دیکە ڕابهێنرێت. دەبێت فێر بکرێت کە جەستەی هەر کەسێک، تەنێکی ئازاد و سەربەخۆیە و هیچ کەسێکی دیکە بۆی نیە سنووری ئەو جەستەیە بۆ هیچ مەبەست و ئارەزوو، یان بە ناوی دین و بیروباوەڕەوە، ببەزێنێت. دیسان دەبێت فێری ئەوە بکرێت کە هەر کەسێک ئازادە لە دەربڕینی بیروبۆچووندا، با ئەو بیروبۆچوونە، بەدڵی ئەو نەبێت و بگرە دژیشی بێت.

ئەم جۆرە ڕاهێنانە دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵگەی دیموکراتە و هەستکردنی تاکە بە بوونی خۆی و لە هەمان کاتیشدا هەستکردنە بە لێپرسینەوە و بەرپرسیاریەتی. بە بڕوای سارتەر، مرۆڤی ئازاد و سەربەست، هەمیشە هەستی بەرپرسیاریەتی لە لا بەرزە.

جا کاتێک منداڵ خۆی بڕیاری هەڵبژاردنی لە دەستدا نیە، ئەوە ئەرکی گەورەکان و دەسەڵاتدارانە، هێندە بە ویژدان و مرۆڤدۆستبن، کە چەپەر بە دەوری باخی بیرکردنەوی منداڵاندا بەرز نەکەنەوە. هێندە ئازابن، لەوە نەترسن منداڵەکانیان بە بیرکردنەی ئازاد و جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ، گۆش بکەن. ئەو ئازادی و ڕێز بە منداڵەکانیان ڕەوا ببینن، کە بۆیان هەبێت هێندە چاوگە و سەرچاوەی فەلسەفی و بیروبۆچوونی جۆراوجۆریان لەبەر دەستدا بێت، تا بەخواستی خۆیان و بە ئازادی تینویەتی بیرکردنەوەیان بشکێنن و باخی هەستیان بە جۆگەی بیروبۆچوونی هەمەجۆر، پاراو بکەن. منداڵانیش وەک گەورەکان، مافی خۆیانە بزانن ڕێبازەکانی خۆشگوزەرانی کامانەن و وەڵامی ئەو پرسیارە هەمیشەییەکانیان دەست بکەوێت کە دەپرسێت:

- مرۆڤ چۆن دەتوانێت مرۆڤێکی باش بێت و بەختەوەرانە (خۆش) بژی؟
- ڕاستگۆیی چیە و کێ ڕاستگۆیە؟
- ڕەوایەتی و دادپەروەری چین؟
- ئایا بیرکردنەوە چۆن پەیدا دەبێت و لە کوێوە دێت؟
- ئەوە چ هێزێکە وامان لێدەکات چاکە، یان خراپە بکەین؟
- ئەی خودی چاکە و خراپە چین و لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟
- ئایا هێز و دەسەڵاتێک هەیە، سیستەمی ئەم گەردوونەی ڕێکخستبێت؟
- جوانی، دزێوی، پەسەندی، ژیری چین و کێ بڕیاری ئەم «شتانە» دەدات؟

ئیدی پرسیارگەلی دیکەی لەم بابەتە.

لە دەروازەی ئەم پرسیارانەوە، دەتوانین منداڵان بە دنیای بەرینی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە، ئاشنا بکەین، دیدیان فرەوانتر، زانیارییان زۆرتر و ئاگامەندییان چالاکتر بکەین.

پرسیارگەلی فەلسەفی، موڵکی تایبەتی هیچ کەس نیە و تەنها لە دووتویی کتێبە فەلسەفیەکاندا سەر هەڵنادات و تایبەتیش نیە بە کەسانی ئاکادیمی و شارەزا لە فەلسەفەدا. پرسیارگەلی فەلسەفی لە ئەنجامی ڕامان، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەماندا قوت دەبنەوە.

لەبەر ئەوەی کە بەتەنها تاکە وەڵام و تاکە ڕاڤەیەک، چ بۆ پرسیارگەلی فەلسەفی، بەگشتی و چ بۆ ژیان، بەتایبەتی، نین. دەبێت منداڵان ئازادبن لە بیرکردنەوەدا و هێندەش سەرچاوە و ڕێبازی فەلسەفی جۆراوجۆریان لەبەر دەستدا بێت، تا بە ئارەزووی خۆیان وەڵام بۆ ئەو پرسیارانە پەیدا بکەن. ئەرکی گەورەکان (مامۆستا، فێرکار، خێزان، دەسەڵاتداران و بەرپرسانی پەروەردە و فێرکردن) تەنها ئەوە بێت سەرچاوەکانیان بۆ دابین بکەن و شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفیانەیان فێر بکەن. نەک شیرینکردن و سەپاندنی جۆرێکی تایبەت لە ڕێبازی فەلسەفی و بیرکردنەوە.

فەلسەفە خۆی لە خۆیدا، تەقەلای ئازادانەی بیرە بۆ پەیداکردنی مانای ڕاستی. بە واتایەکی دیکە، هەوڵێکی نادۆگماییە، بۆ ڕاڤەی ژیان.

جا لەبەر هەندێ، نابێت هیچ پێشمەرج و ڕێگرێک لە بەردەم بیرکردنەوەی منداڵدا دابنرێت. نابێت بە هیچ بیانویەکی دینی و کلتورییەوە ڕێگە لە بیرکردنەوەی منداڵ بگیرێت. منداڵ دەبێت وا ڕابهێنرێت، کە خۆی بیر بکاتەوە، پرسیار بکات و هەر خۆشی وەڵامەکان هەڵسەنگێنێت و بەراوردیان بکات و ئەو وەڵامە هەڵبژێرێت، کە لەگەڵ بیر و ئەندێشە و بۆچوونەکانی خۆیدا دەگونجێت. گەورەکان، مامۆستا و خێزان، نابێت بیری منداڵان بە ئاڕاستەی بیروبۆچوونێکی دیاریکراودا ببەن.

لە دیالۆگی فەلسەفیدا، گەورەکان دەبێت بێلایەن بن و تەنها ڕۆڵی ڕێکخەری دیالۆگەکان ببینن. خۆیان لە دەربڕینی ڕاوبۆچوون و سەرنجی تایبەتی، دەربارەی دیالۆگ و گفتوگۆکانی منداڵان، بە دوور بگرن.

بەکورتی، دەکرێت گرنگیی فەلسەفە (وانەی فەلسەفی) بۆ منداڵان، لەم چوار خاڵەدا کۆ بکەینەوە:

1) ڕامان (بیرکردنەوە) - کارێکە هەر دەبێت خۆمان بۆ خۆمانی ساز بکەین و کەسی دیکە ناتوانێت ئەو کارەمان بۆ ساز بکات.
2) خۆناسین - ئێمە دەبێت خۆمان و ڕامان و بیر و ئەندێشەکانمان بناسین. بزانین چ «شتێکمان» لا پەسەندە و چ «شتێکمان» لا پەسەند نیە. دەبێت دەرک بە شتە چاکەکان و شتە جوانەکان، بکەین. تا لە ژیاندا چێژیان لێ وەر بگرین.
3) دیالۆگ (گفتوگۆ) - ئێمە دەبێت فێری هونەری دیالۆگ ببین. هونەری دیالۆگیش بە شێوەیەکی گشتی لەم چوار خاڵە پێک دێت:
   - گوێگرتن: بۆخۆی هونەرێکە. کاتێک بەتەواوی هۆش و جەستەمانەوە گوێ بۆ کەسی بەرانبەر ڕادێرین، جگە لەوەی ڕێز بۆ ئەو کەسە نیشان دەدەین، توشی ناحاڵیبوون و بەهەڵە تێگەیشتنیش نابین.
   - بیرکردنەوە لە بابەتە بیستراوەکە: لەگەڵ ئەوەی کە بەئاگاییەوە گوێ بۆ باس و گوتەکانی کەسی بەرانبەر ڕادێرین، لە هەمان کاتیشدا دەبێت بیر لە گشت لایەنەکانی باسەکە بکەینەوە و هەوڵی تێگەیشتنی بدەین.
   - وەڵام: گەر هاتو وەڵامی باس و بابەتێکمان دایەوە، دەبێت وەڵامەکەمان بەتەواوی پەیوەندی بە بابەتی باسکراوەوە هەبێت. باس و بابەتی لاوەکی و جودا نەهێنینە ناو گفتوگۆکە.

- هەڵبژاردنی پەیڤ (وشە): زۆرگرنگە، کە پەیڤ (وشە) و دەستەواژەی گونجاو و پڕمانا بۆ وەڵامدانەوە هەڵبژێرین. لە سنووری باسەکە نەچینە دەرێ و ڕێزی گفتوگۆکە کەم نەکەینەوە.

4) دیدی ڕەخنەیی - ئێمە دەبێت هەردەم بە دیدێکی ڕەخنەییەوە، لەو زانیاری و بۆچوونانەی خۆمان و کەسانی دیکەش بڕوانین و بە دواهەمین و ڕاستترین زانیاری و بۆچوونیان نەزانین.

**فەلسەفە لە فێرگەدا**

فەلسەفە وەک بابەتی خوێندن لە فێرگەدا، تەنها ئامانج لێی ئەوەیە، ڕایەڵێکی کولتوری دروست بکات. خوێندنی فەلسەفە، وەک وانەیەکی سەرەکی لە فێرگەدا پێویستە و دەبێت لە قۆناغی سەرەتاییدا، هەفتەی وانەیەک و لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا هەفتەی دوو وانە بخوێندرێت.

فەلسەفە وەک بابەتێکی سەربەخۆ، لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، لە فێرگەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپادا، نەخوێندراوە، بۆ نموونە فەرەنسا وڵاتێکی پێشەنگە لەم بوارانەدا و تاکە وڵاتە کە دین وەک پێنسۆم (مەنهەج) لە فێرگەدا ناخوێنرێت، کەچی بابەتە فەلسەفیەکان لەگەڵ وانەی پەروەردەی ڕەوشت **moral education** دا دەخوێندرا. بەڵام ئەو وڵاتەنەی کە ڕژێمی کۆمۆنیستی بوون، فەلسەفە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا دەخوێنرا. فەلسەفە و تیۆریەکانی مارکسیزم یەکێک بوو لەوانە سەربەخۆ و بنەڕەتیەکانی قۆناغەکانی خوێندن. مەبەستیش لەمە ئاشناکردنی منداڵان و لاوان بوو بەو ئایدۆلۆژیا و پرینسیپانەی کە کۆمەڵگایان لە سەر بنیاد نابوو. بە بۆچوونی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەو ڕژێمانە، ئەو کارە (**inductorerende**) (تەعمیمکردن) گشتاندنی ئەو فەلسەفەیە بوو. بەڵام دەکرێت بە خوێندنی وانەی دینی بشوبهێنرێت لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا.

خوێندنی فەلسەفە بە ڕەسمی لە قۆناغی خوێندنی زانکۆدا، لە نۆرویژ وەک سمستەرێکی سەربەخۆ هەیە، ناوی **examn philosophical** بە (**Phil ex**) ناسراوە. دەبێت هەموو خوێندکارێکی زانکۆ ئەم کۆرسە شەش مانگیە بخوێنێت و نمرەی دەرچوونیش بەدەست بێنێت دەنا گەواهینامەی زانکۆی پێنادرێت.

له ساڵانی 1970 بەدواوە، کە ماتهیۆ لیپمەن، لە ئەمریکا ڕێبازی P4C داهێنا (گەرچی لە کۆتایی ساڵانی 1960 وە لەم بوارەدا کار دەکات) ئیدی وردە وردە، وانەی فەلسەفە لە فێرگەکانی ئەمریکا و ئەورووپادا بڵاوبۆوە. بە پێی ڕیفرۆمی ساڵ 1997 لە نۆرویژ فەلسەفە تێکەڵی وانەکانی پەروەردەی ئاینی (پەروەردەی مەسیحی) و ژیانناسی کرا و وانەیەکی نوێی لێ دروست کرا. لە ڕێگای ئەم وانەیەوە گەلێک بابەتی فەلسەفەی و مۆڕاڵی (ئاکاری) و ژیانناسی لە قۆناغەکانی خوێندندا وروژێنران. ئەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوانەش کە لەم ئاقارەدا کراون دەری دەخەن ئەم وانەیە - بابەتە لەلای قوتابیان هەنووکەییە (ئاکتوێلە) و وەک بناخەیەک وایە بۆ بنیادنانی ئەندێشەی کارکردنی خوێندکاران لەتەک بابەتە مرۆییەکان و کێشە مۆڕاڵیەکان، لە پاشەڕۆژدا.

دیسان نابێت لەبیرمان بچێت کە میتۆلۆجیای یۆنانی بەشێکی گرنگی ڕەگی کلتوری ڕۆژئاوایە. ئەم میتۆلۆجیایە باکراوندێکی سەرەکی و گرنگە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفە و فەیلەسووفانی یۆنانی کۆن (ئەنتیک). لە میتۆلۆجیادا، ئەندێشەی بوون و خوڵقاندن وروژێندراون و دواتر بوون بە کەرەستەی فەلسەفە و بابەتی ئەدەبی لە فەرهەنگی ئەوروپادا.

بە کورتی مویتۆلۆجیای یۆنانی، خاڵی هاوبەشی فەرهەنگی و گۆشەنیگای ژیانناسی و بیرکردنەوەی ئەوروپایە.

لەبەر هەندێ ناسینی میتۆلۆجیای یۆنانی و فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئاشنابوون لەگەڵ ئەم کلتورەدا، یەکێکە لە مەرجە گرنگ و سەرەکیەکان بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە بواری پەروەردە و فێرکردندا وەک مامۆستا و فێرکار کار بکەن، بۆ ئەوەی هێندە زەخیرەی فکریان پێبێت وەڵامی پرسیارانی منداڵان و لاوان بدەنەوە. ئەو پرسیارانەی کە مانای ژیان و بوونی خۆیان دەداتێ و مۆڕاڵێکی ڕەوشتێکی هاوبەشیان لەلا دروست دەکات.

لە ساڵی 1999 وە وانەی فەلسەفە لە هەندێک زارۆخانە و فێرگەکانی نۆرویژدا، وەک وانەیەکی سەربەخۆ دەخوێندرێت.

## ئەو هۆکارگەلەی خوێندنی فەلسەفە لە قۆناخی بنەڕەتیدا دەکەنە پێویستی

### سەرەتا

هەموو ئەوانەی لەگەڵ منداڵاندا کار دەکەن، چ لە زارۆخانە و چ لە فێرگە بنەڕەتییەکان و دایکان و باوکانیش، گەلێ جار ڕووبەڕووی پرسیار گەلێکی سەختی منداڵان دەبنەوە.

منداڵ زۆربەیان گچکە فەیلەسووفێکن و پرسیاری وەها دەکەن وەڵامدانەوەیان ئاسان نیە. گەر وەڵامیشیان بدرێتەوە، دیسان دەبێتە مایەی پرسیاری نوێ، لە لایان.

ئایا دەبێت گەورەکان وەڵامی گشت پرسیارێکی منداڵان بدەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، بەڵێ و نەخێرە. بەڵێ دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارانەیان بدەینەوە، کە وەڵامەکانیان دەزانین. نەخێر نابێت وەڵامی پرسیارێکیان بدەینەوە، کە خۆمان وەڵامەکەی نازانین و زۆر ڕاشکاوانە، بڵێین «نازانم». گەرچی دەشێ «نازانم» کەمێک منداڵ نائومێد بکات، چونکە زۆربەی منداڵان پێیان وایە گەورەکان وەڵامی گشت پرسیارێکیان لە لایە، بەڵام بە بارێکی دیکەدا، دەروازەیەکی دیکە بۆ بیرکردنەوەی منداڵان ئاواڵە دەکەینەوە، کە خۆیان عەوداڵی پەیداکردنی وەڵام بن. دیسان «نازانم» ئاماژەیەکی دیکەیان پێدەدات، کە پرسیارگەلێک هەن، وەڵامەکانیان هەروا ئاسان نیە و بیرکردنەوە و خۆماندووکردنی دەوێت. هەروەها نابێت لەو ڕوانگە چەوتەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵدا بکرێت، کە منداڵ «منداڵە» و دەکرێت هەر وەڵامێک بسەلمێنێت. ئەوانەی بەو دیدەوە لە منداڵان دەڕوانن، دەبێ لەو فاکتە تێبگەن، کە منداڵ پرسیاری گەلێ سەخت و ئاڵۆزی بەخەیاڵدا دێت، کە گەورەکان لە بەرانبەریاندا، دۆش دادەمێنن و هیچ وەڵامێکیان پێ نیە! ئەوە ئەنگێزەی پرسیارکردنە، کەوا لە منداڵ دەکات، لە خۆی و کەسانی دیکە، لە ژینگە، لە کلتور، لە کۆمەڵ، لە یاسا و ڕێسا و ئایین، تێ بگات.

لەو ڕوانگەیەوە، کە هیچ پرسیارێک بێمانا و بێمەبەست نیە، دەبێت منداڵ ئازادیی تەواوی هەبێت لە پرسیارکردندا و نابێت بە هیچ بیانویەکی، دینی و کۆمەڵایەتی و کلتوریەوە، ڕێگەی پرسیارکردنی لێبگیرێت. گەر ئێمە (گەورەساڵان) بڕوامان بەوە هەبێت، کە ژیان خۆی پرسیارێکی گەورە و ئاڵۆزە، ئەوا نابێت خووی پرسیارکردن لە منداڵاندا خەفە بکەین. هەر کاتێک مرۆڤ ئەنگێزەی پرسیار کردنی تێدا خەفە کرا، ئیدی بەهای مرۆڤانەی خۆی لەدەست دەدا و ڕەنگە هەرئەوە کۆتایی مێژووش بێت!

**هۆکارەکان**

1) ئەنگێزەی منداڵ

گشت ئەوانەی لەگەڵ منداڵاندا کاریان کردووە، باش دەزانن کە منداڵان (زۆربەیان) گچکە فەیلەسووفێکن. گەرچی ئەم سیفەتە لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە، کەم و زۆر دەگۆڕێت. ئەوە بۆ منداڵانی زارۆخانە، وەک خوویەکی لێهاتووە کە هەمیشە بپرسن، بۆ؟ بۆچی؟ هەر هێندەش وەڵامێکیان دەستگیربوو، جارێکی دیکە، هەمان پرسیار دووبارە دەکەنەوە بۆ؟ بۆچی؟

لە بەر هەندێ، بۆ نموونە لە وەڵاتێکی وەک نۆروێژدا (ڕێسای پلانی زارۆخانە لە نۆروێژدا **R95**) دەیسەپێنێ بەسەر بەڕێوەبەرایەتی و کارمەندانی زارۆخانەدا، کە هەردەم، گوێڕادێر و وەڵامدەرەوەی ئەم خووی پرسیارکردنەی منداڵان بن، چونکە بەپێی بڕگەکانی ئەو ڕێسایە وا لێکدراوەتەوە: «منداڵان هەمیشە لە بیری پرسیارە سەرەکیەکەی ژیان و بووندان».

2) پرسیارگەلی هەمەجۆر

منداڵان پرسیارگەلی هەمەجۆر دەکەن و زۆر سەرقاڵی ئەم جۆرە پرسیارانەن:

- ئێمە لە کوێوە هاتووین؟
- چۆن دروست بووین؟
- کە مردین چیمان لێدێت و بۆ کوێ دەچین؟

منداڵان لەم بابەتانەش دەپرسن: خودا، بەهەشت - ئاسمان، باوەڕ، گومان، دڵنیایی، تەنهایی و هیوا. ئەم جۆرە پرسیارانە ڕەنگە سەرەتایەکی باش بن بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لە نێو منداڵاندا.

### 3) بیرکردنەوەی کۆنکریتی (بەرجەستە)

منداڵان، هەرلە خۆیانەوە بیر دەکەنەوە، بێ ئەوەی کەس پرسیاریان لێبکات، بەڵام بیرکردنەوەیەکی زۆر کۆنکریتی (بەرجەستە) و بەگوێرەی تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆیان بۆ دنیا و دەوروبەر.

بۆ نموونە، (کچێکی تەمەن چوار ساڵ لە خێزانێکی نۆروێژی دیندار، دەبوایە هەموو بەیانیەک پێش بەرچایی گوێبیستی ئەو نزایە بایە کە دایک و بابی لە ئینجیلدا دەیانخوێند. بەیانیەکیان کچە گوێی لەو بەسەرهاتەی عیسا دەبێت کە بەسەر ئاوی دەریادا ڕۆیشتووە، یەکسەر کچە هەڵدەداتێ و دەڵێت:

- ئەوە ئاوی دەریاکە بەستبووی، بۆیە عیسا توانیوویەتی بەسەریدا بڕوات.)

### 4) پاشخانی هۆشیاری و زانیاری، مامۆستا و خێزان

پاشخانی هۆشیاری و زانیاری و پشوودرێژی مامۆستا و فێرکار و خێزان، بۆ تێرکردنی ویستی پرسیارکردنی منداڵان زۆر گرنگە. خێزان، یان هەر کەسێکی دیکە، کە کار لەگەڵ منداڵاندا دەکات و کردویەتی، ئەوە دەزانێت کە زۆربەی جار پرسیارەکانی منداڵان جاڕسکەرن و حەوسەڵە و کاتێکی زۆری دەوێت تا وەڵامیان دەدرێتەوە، زۆربەی جاریش مرۆڤ وەڵامی تەواو ڕازیکەری پێ نیە بۆیان. زۆر جاریش وەڵامدانەوەیان، پرسیاری نوێیان لا دروست دەکات. بۆ نمونە، هەندێ جار دەپرسن: ئێمە (منداڵان) لە کوێوە هاتوین؟ گەر وەڵامیان بدەینە و بڵێین «خودا ئەوان و یەکەم مرۆڤ و گشت مرۆڤێکیشی دروست کردوە»، ئەوا بێگومان پرسیاری دوای ئەو وەڵامە ئەوەیە: ئەی کێ خودای دروست کردوە و لە کوێوە هاتووە؟

گەر بێتو هەندێک ماتریالیستانە بیربکەنەوە هەوڵ بدەن کە بوون و خولقاند لە ڕوانگەی تیۆری تەقینەوە گەورەکە **the big bang** وە بۆ مندڵان ڕوون بکەنەوە. ئەوا دیسان ئەو پرسیارە دەکرێت «ئەی ئەم تەقینەوە گەورەیە چۆن ڕوویدا؟»

5) گرنگی وەڵامدانەوە لەلای منداڵ

پرسیارکردن لە لای منداڵان هەر بەردەوام دەبێت. خۆ گەر وەڵامیان نەدرێتەوە،

ئەوا وا لێکی دەدەنەوە، کە لە لایەن گەورەکانەوە گرنگیان پێ نادرێت و ئەمەش دەبێتە مایەی پرسیار نەکردنیان و بگرە ڕقبوونەوەش لە فێربوون.

مەترسی ئەم جۆرە ڕەفتارکردنە لەگەڵ منداڵاندا، لەوەدایە کە ئەگەری پرسیارکردن و خۆدۆزینەوە و فرەواندنی ئاسۆی بیر، لە لای منداڵ دەمرێ و نامێنێت. لەبەر هەندێ، زۆر گرنگە ئەم ڕەهەندی پرسیارکردنەی منداڵان بە هەند وەربگرین.

6) پەناگایەکی ئارام

دیسان ئەوەش زۆر مەترسیدارە، گەر منداڵان هەست بە پەناگایەک نەکەن چ دینی، یان فەلسەفی، کە ڕووی تێبکەن! پێویستیەکی دەروونی مرۆڤە کە زۆرجار خۆی پابەندی فەنتازیا، یان پرسیارکردن بکات.

دەبێت ئێمەی گەورە ساڵان، لەوە تێبگەین کە لە دنیای منداڵاندا قۆناغێکی گرنگ هەیە، دەکرێت ناوی بنێین (قۆناغی پەڕینەوە) پەڕینەوە لە قۆناغی تێڕوانینە دینیەکان، بۆ قۆناغی پرسیارە فەلسەفیەکان.

گۆشەنیگای منداڵ وابەستەی ژینگە و پاشخانی فەرهەنگی منداڵەکەیە.

7) ژینگە و پاشخانی زانیار و هۆشیاریی خێزان

بۆ نموونە، ئەو منداڵەی لە ژینگەیەکی دینی و ئاینپەروەرەوە هاتبێت، ئەوا ئەندێشە و پرسیارەکانی لە و بازنەیەدا دەخولێتەوە و لە ڕوانگەی چیرۆکە دینیەکانەوە پرسیار دەکات. هەقایەتی ئادەم و حەوا و خولقاندن، هەمیشە وا لە خەیاڵی ئەو منداڵانەدا کە لە خێزانە دینیەکانەوە هاتوون. بەڵام ئەو منداڵانەی کە لە خێزانی نادینییەوە (سێکولارەوە) هاتوون ڕەنگە پرسیارەکانیان زیاتر ماتریالیستیانە بێت و لە ڕوانگەی بیردۆزی **the big bang** پرسیار بکەن.

## وەڵامدانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیاری منداڵان

چەند شێوازێک هەیە تا ڕووبەڕووی پرسیارەکان و فەلسەفە لێدانی منداڵان ببینەوە. باشترینیان ئەوەیە، بە وردی گوێ بۆ پرسیارەکانیان ڕادێرین و لە قووڵایی و ڕەهەندی پرسیارەکان بگەین و وەڵامی پڕمانا، بەڵام ساکاریان بدەینەوە. یان وەک ئەو شێوازەی کە لە زۆربەی کلتورەکاندا باوە، بۆ هەر پرسیارێک هەقایەتێک یان چیرۆکێک بگێڕینەوە، بەتایبەتی لە کاتی بەرسڤی پرسیاری منداڵانی تەمەن **6** -**7** ساڵان تا مێرمنداڵانی تەمەن **12**- **13** ساڵان. بەتایبەتی لەسەر ئەو شێوازەی کە پێی دەڵێن «پەروەردەی ئاینی».

دەکرێت وەڵامی هەندێ لە پرسیار و ئەندێشەکانی منداڵان بدەینەوە و دەروازەی پرسیارکردنیان زیاتر بۆ ئاواڵا بکەین. ئەم شێوازە منداڵان زۆر چێژی لێدەبینن.

دیسان دەکرێت لە ڕێگەی گێڕانەوەی ئەفسانە و داستانەوە، وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانیان بدەینەوە. گرنگی ئەم ڕێبازە لەوەدایە کە منداڵان، بە پرسیارەکان و بۆچوونەکانی نەوەکانی ڕابوردوو ئاشنا دەبن. ئەو پرسیارگەلەی ئەمڕۆکە خۆشیان سەرقاڵین. بەم هۆیەوە لەوە حاڵی دەبن کە پەیداکردنی وەڵامی هەندێک پرسیار ئاسان نیە و ڕامانی زۆری دەوێت.

## چۆن دەتوانین منداڵان فێری فەلسەفە بکەین؟

کاتێک فەلسەفە دەبێتە بەشێک لە بەرنامەی خوێندن لە قۆناغی سەرەتایدا دەبێت هاوسۆزییەک لە نێوان منداڵان و بابەتەکەدا دروست بکرێت و ڕایەڵەکانی بابەتەکە (فەلسەفە) ببەسرێتەوە بە بیری قوتابیانەوە. خوێندنی فەلسەفە لە قۆناغی سەرەتاییدا کارێکی نوێیە، بۆیە دەبێت لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی گشت لایەنەکانی بکرێت، پێش بڕیاردان لەسەر ئەو بابەتانەی کە دەبنە پێنسۆمی (مەنهەج) خوێندن و دەبێت ئامانج و مەبەست لە فێربوونی منداڵان و لاوان بۆ فەلسەفە، بزانرێت.

دوو پرسیار زۆر گرنگە، کە بەر لە دەسپێکردنی ئەم کارە، لە خۆمانی بپرسین.

1) ئایا ئێمە مەبەستمانە منداڵان و لاوان فێری فەلسەفە بکەین؟

2) یان، مەبەستمانە فێریان بکەین خۆیان فەلسەفیانە بیربکەنەوە (بفەلسەفێنن)؟

گەر ئەم دوو پرسیارەمان وەڵامدایەوە وەڵامەکانمان تاوتوێ کرد و هەڵسەنگاند، ئەوا پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە:

- ئایا منداڵ، بابەتەکان ئەزبەر (دەرخ) بکەن، یانژی تەنها جوابگۆی ئەندێشە و بۆچوونەکانیان بێت و وەڵامی پرسیارە سەختەکانیان بداتەوە؟

ئامانجی خوێندنی فەلسەفە لە فێرگەی بنەڕەتیدا ئەوەیە، مامۆستا و فێرکار شێوازێکی وا بگرنەبەر منداڵان فێری دایالۆگ و ئاخاوتنی فەلسەفیانە بکەن، بە گفتوگۆی لۆژیکیانە ڕابێن و بە هونەری پەیدۆزی (لێگەڕان و استکشاف) و پەیجۆری (لێکۆڵینەوە و تحقیق) گۆش بکرێن. نابێت مەبەست لەوانەی فەلسەفە تەنها ئەوە بێت منداڵان بکەن بە ماشێنی زانیاری و بارێک لە فاکت و زانیارییان پێ ڕەوان بکەن.

دەبێت ئامانج لە خوێندنی فەلسەفە ئەوە بێت، منداڵان فێری تێڕوانینی فەلسەفیانە بکەین و دیدگەیان لە ڕوانگەی ئاکار و ڕەوشت و ژیاناسییەوە فرەوان بکەین. فێری ئەوەیان بکەین، کە تەنها تاکە وەڵامێک، وەڵامی گشت پرسیارەکان نیە و تاکە چارەسەرێکیش، ڕێگەچارەی گشت کێشەکان نیە.

فێری ئەوەیان بکەین، گەرچی وەڵام و بیروبۆچوونێکیش بەدڵی ئەوان نەبێت، بەڵام دەشێ وەک بەرسف و ڕێگەچارە، بۆ پرس و کێشەیەک قبووڵیان بێت.

ئەو شێوازەی سوکرات پیادەی کردوە (شێوازی دیالێکتێکی) شێوازێکی زۆر لەبارە بۆ گوتنەوەی وانەی فەلسەفە بە منداڵان. هونەری ئەم شێوازە ئەوەیە، سوکرات مێشکی کەسی بەرانبەری دەبزواند و ناچاری دەکرد لە هەوڵی دۆزینەوەی لایەنە نادیار و شاردراوەکانی بابەتەکان و پرسیارەکاندا بێت، هەروەها هونەری دیالێکتێک (دیالۆگ) لەوەدایە مامۆستا، هاوکاری خوێندکار دەبن بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی وەڵامی پرسیارەکان.

ئەو ڕێبازەی کە لە **USA** لە ساڵانی **1970** دا لەلایەن پرۆفیسۆر ماتهیۆ لیپمەن **Mathew Lipmann** داهێنراوە لە ژێر ناوی **Philosophy For Children (P4C)**.

ئەم شێوازەی پرۆفیسۆر لیپمەن، بە باشترین شێوازی فێرکردنی فەلسەفە بۆ منداڵان لە قەڵەم دەدرێت.

بەکورتی ئەم شێوازە پەرە دەدات بە ئارەزووی پرسیارکردن و هونەری دیالۆگ لە لای منداڵان و لە هەمان کاتیشدا فێری دەکات پرسیاری سادە و ئاسایی فەلسەفیانەیان ئاراستە بکات، کە لە تێکستی فەلسەفی (ئاسان!)، چیرۆک و گەمەی تایبەتەوە هەڵهێنجرابن. پرۆفیسۆر لیپمەن گەلێ کتێب و ڕێنمایی بۆ مامۆستایان و فێرکاران بە چاپ گەیاندووە.

## ڕێبازەکانی دیکەی گوتنەوەی وانەی فەلسەفە

### ڕێبازی ترادیسۆنی (تەقلیدی)

شێوازێکی دیکەیە و تا ڕادەیەک دژ بە ڕێبازی **P4C** یە. ڕێبازی ترادیسۆنی (تەقلیدی) گوتنەوەی فەلسەفە لەسەر ئەو شێوازەی کە لە زانکۆکاندا هەیە. خوێندکاران زیاتر خۆیان بە مێژووی فەلسەفە و فەیلەسووفەکانەوە سەرقاڵ دەکەن.

ئامانجی ئەم ڕێبازە ئەوەیە، کە ڕای فەیلەسووفەکان و دید و بۆچوونیان لەمەڕ پرسیارگەلە مەزنەکانی ژیان، بۆ خوێندکاران بخەنەڕوو.

ئەم ڕێبازە، (بۆ لاوانە نەک منداڵ) مەبەستێتی، خوێندکاران لەسەر ئەوە ڕابهێنێ و فێریان بکات و بیریان بخاتەوە، کە زۆ لە مێژە و بەدرێژایی مێژووی بیرکردنەوە، کەسانی دیکە پێش ئێمە، هەمان پرسیاریان کردوە و بەشوێن وەڵامەکانیشیاندا گەڕاون و عەوداڵ بوون. ئەم ڕێبازە، هەوڵ دەدات خوێندکار فێر بکات خۆیان (فەلسەفە لێبدەن) واتە خۆیان بیربکەنەوە و بیروڕایان لەسەر پرسیارەکان هەبێت.

## ڕێبازی تێکهەڵکێش

مەرج نیە هەر لە ڕوانگەی مێژووی فەلسەفەوە پرسیار لای منداڵان دروست بکەین. دەکرێت بۆچوونەکانی فەیلەسووفێک تێهەڵکێش باسێک بکەین و لێبگەڕێین منداڵان، خوێندکاران خۆیان لایەنەکانی بابەتەکە هەڵسەنگێنن.

بۆ نمونە ئێمە تەنها هەندێ لە بۆچوون و دیدەکانی ئەریستۆ تێهەڵکێش بە باسەکە بکەین:

- ئایا تەنها ئەو مرۆڤەی کە باش هەڵدەسووڕێ و باش هەڵسوکەوت دەکات، نرخی هەیە؟
- ئایا کەس هەیە حەز بکات وەک کۆیلە بژی؟
- ئایا ژنان پیاوی ناتەواون؟

ئەمە شێواز و میتۆدێکی پەروەردەکاری ڕەچاوکراوە و لەسەر ئەو پرسیار و دەرەئەنجامانە بنیاد دەنرێت، کە پێشینان (بیریاران و فەیلەسووفان) کردوویانە و پێیگەیشتوون.

دەکرێت بیروبۆچوونی ڕەخنە ئامێزی خوێندکارانیش دەربارەی فەیلەسووفان و بابەتە فەلسەفیەکانیان، لەلایەن مامۆستاکانەوە ئاڕاستە بکرێت

بەم شێوەیە دەکرێت لە ڕێگای پرسیارە (تەقلیدیە) ترادیسیۆنیەکانەوە منداڵان بهێنینە فەلسەفە. دیسان ڕۆمانەکەی یۆستەین گاردێس «دنیاکەی سۆفیا» لەم بوارەدا شێوازێکی زۆر سەرکەوتووە. یۆستەین گاردیس، لێدەگەڕێت کە سۆفیا وەڵامەکان لە ڕێگەی مێژووی فەلسەفەوە پەیدا بکات.

## ڕێبازی Carpe-dime

لەم ڕێبازەدا ڕێگە بە مامۆستا و فێرکار دەدرێت لە کاتی پێویست و گونجاودا، بیروڕای فەلسەفیانەی خۆی دەربڕێت و بفەلسەفێنێ. **Carpe-dime** وشەیەکی لاتینەیە و مانای - هەل بەکار بهێنە - یە، واتە: کەی گونجا و پێویستی کرد پرسیاری فەلسەفی بکە و فەلسەفە لێبدە!

خاڵێکی گرنگ کە نابێت لەیادی بکەین، ئەوەیە کە گشت منداڵێک ئەو خولیای پرسیارکردن و ڕەخنەگرتنەی نیە. لەوانەیە ئەو منداڵانەی کە خولیا و توانای ڕەخنە و پرسیاریان نیە بە ئاسانی داببڕین و بکەونە دەرەوەی بازنەی گفتوگۆ.

خۆ لە بنەڕەتدا مەبەست لەوانەی فەلسەفە ئەوەیە کە منداڵان لە گفتوگۆی فەلسەفەیاندا چوست و چالاک بن. ئەی کەواتە، چی لەو منداڵانە بکەین کە پرسیار ناکەن و ڕەخنە ناگرن؟ دەکرێت لە ڕێگەی گێڕانەوەی فەلسەفەوە بەشێوازی چیرۆک، بە فەلسەفە ئاشنا بکرێن و خووی پرسیار کردن و ڕەخنە گرتنیان لا دروست ببێت.

دەشێت مامۆستا - فێرکار، ناچار بێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکدا پرینسیپی **Carpe dime** بەکاربهێنێ و خۆی فەلسەفە لێبدات. بۆ نموونە (بێریڤان) تەمەنی هەشت ساڵە و لە پۆلی دووە. ڕۆژێک لە پۆلدا باسی ئەوە دەکات کە پشیلەکەی مردووە. دەشێت، مامۆستا بپرسێت:

- ئایا ژیانێکی دیکە دوای مردن هەیە؟

یان

- ئایا پشیلەکەی (بێریڤان) دەچێتە بەهەشت؟

یان پرسیار بکات

- ئایا زیندوو بوونەوە هەر تەنها بۆ مرۆڤ هەیە؟ ئەی بۆ پشیلە نیە؟

ڕەنگە یەکێک لە منداڵەکانیش هەڵ بداتێ و بڵێ

- زیندوو بوونەوە لە دوای مردن هەر نیە، نە بۆ مرۆڤ نە بۆ پشیلە.

ئیدی تا بێت، پرسیارەکان ئاڵوز تر دەبن و وەڵامدانەوەیان ئاسان نابن.

**فەلسەفە لە دیدی لاوان (مێردمنداڵان) ـەوە**

ئەوە تەنها منداڵ نین کە سەرقاڵی پرسیارە فەلسەفیەکانن. ڕۆمانە بەناوبانگەکەی یۆستەین گارتنەر، «دنیاکەی سۆفیا» **Sofiesverden** نیشانی دەدات لاوانیش سەرقاڵ و لە ئەندێشەی هەمان پرسیارە فەلسەفەیەکاندان و خوازیار و بە پەرۆشن، تا بزانن بیرمەندان و فەیلەسووفەکانی ڕابوردوو چ وەڵام و ڕاڤەیەکیان بۆ ئەو پرسیارانە هەیە.

تۆ بڵێیت هۆی ئەم خولیای پرسیارکردن و تەنگەتاویە چی بێت؟

ئاسان نیە وەڵامێکی هەروا سەرپێی بدەینەوە! دەکرێت وا مەزەندە بکەین کە ڕەگ و داوەکانی کەلتوری دینی لە ڕۆژئاوادا زۆر باریکتر بۆتەوە لە چاو ڕابوردوودا. ئا لێرەدایە فەلسەفە دەتوانێت جوابگۆی زۆر لەو پرسیارانە بێت. هەروەها ئینتەرنێت کە ئەمڕۆکە بۆتە هۆیەکی زۆر گرنگی پەیوەندی کردن لە نێوان لاواندا و بۆتە هۆیەک بۆ زیاتر ئاشنابوونی لاوان بە فەلسەفە. چەندین سایت و ماڵپەڕ بە زمانی ئینگلیزی هەن، تایبەتن بە فەلسەفە و فەیلەسووفان و بابەتە گرنگەکانی فەلسەفە. بیروڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆی فەلسەفی، لەسەر ئەم تۆڕانەی ئینتەرنێت بە بەردەوامی هەن.

خوێندکارانی قۆناغی خوێندنی ناوەندی، زۆرتر ئاگاداری هۆکانی ڕاگەیاندن و لە ماسمێدیاوە ڕووداوە ناوخۆییەکان و هەندێک جاریش ڕووداوەکانی جیهان و کارەساتەکان دەبینن و دەپرسن.

- ئایا هێزێک هەیە کە جڵەوی ڕووداوەکانی لە دەستدا بێت؟

هەر ئەم پرسانە دەبنە مایەی گفتوگۆیەکی هەنووکەیی (ئاکتوێل) و سوود بەخش لە پۆلدا!

دیسان پرسیاری «دۆنایدۆن» (ڕێئینکارنەیشن تەناسوخی ڕۆح / لاشەگۆڕکێی گیان) لە مێشکی هەندێ لاودا پەنگ دەخواتەوە، بەتایبەتی لەلای ئەوانەی کە گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر دەخوێننەوە و بابەتگەلی لەو جۆرە دەکەوێتە بەرچاویان. کەسانێک هەن واهەست دەکەن پێش ئەم ژیانەیان لە ڕۆژگارێکی دیکەدا ژیاون و لە شێوەیەکی دیکەدا بوون!

ئیدی چیرۆکی لەم چەشنە، بیرکردنەوەی گەلێک لەو لاوانە داگیر دەکات و ڕەنگە لەم جۆرە پرسیارانە بێت بە خەیاڵیاندا

- ئایا من پێشتر ژیاوم؟

- تۆ بڵێیت جارێکی دیکە دوای مردنم، بێمەوە ئەم ژیانە و ئەم سەرزەوییە؟

- ئایا دوای مردنم، گیانم دەچێتە لاشیەکی دیکەوە؟

لە بەرانبەری ئەم جۆرە پرسیارانەدا کۆمەڵێکی دیکە لە خوێندکاران ئەم پرسیار و بۆچوونانە، پەشمە لایان و بڕوای پێناکەن، ئیتر ئەمەش دەبێتە مایەی گفتوگۆ و دەرکەوتنی بیروڕای جیاواز و جۆراوجۆر.

**گفتوگۆی فەلسەفی**

گرنگی گفتوگۆی فەلسەفی لە چیدایە؟

- زۆربەی ئایین و بڕواکان، چەند پرسێکی گرنگ و بنەڕەتییان ڕاڤەکردووە، بەڵام
  - ئەو ڕاڤانە، ڕاڤەی فەلسەفیانەی ئەو پرسانە نین، بەڵکوو ڕاڤەی خواوەندانە و ئایینین.
  - مرۆڤ لە بڕواپێکردن زیاتر، لە هەمبەریاندا، هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەی نیە.
  - مرۆڤ بۆی نییە، یان ئازادی ئەوەی نییە، کە تێبینی و ڕای جیاوازی لەسەر ئەو ڕاڤانە هەبێت.

- بەڵام لە گفتوگۆی فەلسەفیانەدا
  - ڕاڤە و وەڵامەکان فەلسەفیانە و لەسەر بنەمای بەڵگە و سەلماندنن.
  - مرۆڤ سەربەستە لەوەی بڕوا بەو ڕاڤانە بکات، یان ڕەتیان بکاتەوە.
  - مرۆڤ دەتوانێت، ڕای جیاواز و دژ بەو وەڵام و ڕاڤانەی هەبێت.

- ئامانجی گفتوگۆی فەلسەفی
  - بابەت دەکاتە ئامانج. ڕاهێنانی منداڵ لەسەر ئەوەی، کە سەرنج و گرنگی لە مرۆڤەوە، بگوازێتەوە بۆ بابەت.
  - تێڕامان. تێڕامان لە بیروبۆچوونەکانی خۆ و کەسانی دیکە.
  - تێگەیشتن. زیاتر لەخۆ تێگەیشتن و خۆناسین.

- توانای بەراوردکردن و تێکهەڵکێشکردنی بیروڕا و بۆچوونە جیاوازەکان.
- ڕاهێزانی زمان و گفتوگۆکردن. بەگەڕخستنی توانای ئاخاوتن.

- لە ڕێگەی گفتوگۆکردنی فەلسەفیانەوە منداڵان فێر دەبن:
  - بیربکەنەوە.
  - باس و بابەتەکان لە گۆشەنیگا و ڕەهەندی جیاوازەوە ببینن.
  - بیر و بۆچوونەکانی خۆیان باشتر فۆرمەلە بکەن و دەرببڕن.
  - هەڵسەنگاندن و خەملاندن بکەن.
  - وردبین و لێکۆڵینەوەیان هەبێت.
  - بە ڕەخنەوە لە بیر و بۆچوونەکان بڕوانن و گشت شتێک بە سادەیی وەرنەگرن.
  - ڕێز لە دید و بۆچوونی جیاواز و کەسانی دیکە بگرن.
  - ئاگامانددییان فرەوانتر بێت.

- گفتوگۆی فەلسەفیانە دەبێت ئەم ڕێسا و مەرجانەی تێدا بێت:
  - نابێت بەزۆر منداڵ ناچار بکرێت، کە بیر و بۆچوونێک، یان باوەڕێکی خۆش بوێت و پەیڕەوی بکات.
  - دەبێت پرسیار و بۆچوونەکانی منداڵ بکرێنە بنەما و سەرەتای گفتوگۆ.
  - دەبێت منداڵان هان بدرێن، تا بیر (کردنەوە) لەسەر بنەمای گفتوگۆکان بنیات بنێن.
  - دەبێت منداڵان هان بدرێن و فێربکرێن، تا ڕاشکاوانە ڕاڤەی بیر و بۆچوونەکانیان بکەن.
  - دەبێت منداڵان ڕابهێنرێن و فێربکرێن، تا بەڵگە و پاساو بۆ ڕاڤە و بۆچوونەکانیان بهێننەوە و ڕاگوزەرانە بەسەر بابەتەکاندا تێنەپەڕن.
  - دەبێت گوێ لە منداڵان بگیرێت و فێر بکرێن ئەوانیش گوێ لە کەسانی دیکە بگرن.
  - دەبێت وەڵامی منداڵ (هەرچییەک بێت) بەهەند وەربگیرێت.
  - دەبێت منداڵ فێربکرێت، کە گفتوگۆی فەلسەفیانە تەنها بۆ کات بەسەربردن نیە و نابێت درێژ و جاڕسکەر بێت.

**فەلسەفە و زمان**

بەهۆی زمانەوە دەتوانین «شتە» ماتریاڵیەکانی دەوروبەرمان و ئەندێشە و هەستەکانمان بەرجەستە بکەین. بۆ ئافراندنی زمانیش پێویستمان بە وشە هەیە.

مرۆڤ تاکە زیندەوەرێکە، دەتوانێت لە ڕێگەی زمانەوە، بیر و بۆچوون و هەست و سۆزی خۆی دەرببڕێ و ڕاڤەی بکات. دیسان هەر بە هۆی زمانەوە، دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەشدا ببەستێت و ڕەهەندێکی فەلسەفیش بە مێژوو ببەخشێت.

گرنگی زمان لەوەدایە، کە نەک تەنها دەتوانین باس لە سێ کاتی جیاواز، ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوو بکەین، بەڵکوو دەتوانین دنیای نادیاریش، لە ڕێگەی زمانەوە وێنا بکەین.

لەبەر ئەوەی بابەتەکانی فەلسەفە، بابەتی زمانەوانین. گفتۆگۆکردن و پرسیارکردن، لەمەڕ ئەو بابەتانە، دەبنە هۆکارێک بۆ ڕاهێزانی زمان.

وەک ئاشکرایە، بیرکردنەوە پێش زمان دەکەوێت، بەڵام کاتێکیش هەگبەی زمان بەتاڵ بێت، دەربڕینی بیرکردنەوەکە لە فۆرمی گوتاردا دەبێتە کارێکی سەخت. جا بۆیە گرنگە، لە وانەی فەلسەفەدا هەمیشە مامۆستا - فێرکار، ڕاڤەی هەر چەمک و وشە و دەستەواژەیەک، بۆ منداڵان بکەن، کە لە بابەتی وانەکەدا دێت. ئەو کارەش کۆمەکی منداڵ دەکات، تا بتوانێت مەبەستی خۆی دەربڕیت.

دیسان بۆ ڕاهێزانی زمانی منداڵان، دەبێت مامۆستایان، هانیان بدەن تا بۆ گشت ڕا دەربڕین و وەڵامێکیان، بەڵگە و پاساویان هەبێت.

بۆ نموونە، مامۆستا هەردەم لە منداڵان بپرسێت:

- کاتێک دەڵێیت، دەبێت ئەم «شتە» وابێت، یان وا نەبێت، مەبەستت چیە؟
- چ بەڵگەیەکت هەیە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەت؟
- گەر بە بڕوای تۆ ئەم وەڵامە، یان ئەم بۆچوونە هەڵە بێت، ئایا تۆ دەتوانیت وەڵامێکی ڕاستمان بدەیتەوە؟

ئەم کارەش نەک هەر زمانی منداڵ پاراو دەکات، بەڵکوو ئاسۆی بیرکردنەوەشی فرەوان دەکات.

## ڕۆڵی مامۆستا

ڕۆڵی مامۆستا لە وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان، گرنگە. پاشخانی هۆشیاری و زانیاری و نەفەس درێژی مامۆستا و فێرکار، بۆ تێرکردنی ویستی پرسیارکردنی منداڵان مەرجی سەرەکییە. مامۆستا دەبێت؛

1) هەردەم مەبەست و ڕاوبۆچوونی منداڵان بەهەند وەربگرێت، نابێ سەنگیان بشکێنیت.
2) کاتێک گفتوگۆ و دیالۆگی فەلسەفی لە پۆلدا بەڕێوە دەچێت، دەبێت هەوڵ بدات وشە، چەمک و دەستەواژەی وەها بەکار بهێنێت، لەلای منداڵ ئاشنا و ئاسان بێت.
3) دەبێت هەوڵ بدات، وشە و دەستەواژە قورس و گرانەکان، بە شێوەیەکی ئاسان و سادە ڕوون بکاتەوە.
4) دەبێت منداڵ هان بدات، دید و بۆچوونی خۆیان ڕاڤە بکەن و هۆکاری ئەو بۆچوونە ڕوون بکەنەوە.
5) دەبێت بزانێت جیاوازی لە نێوان سەلماندن و بەهانە و پاساوی، باش و کەمترباش دا بکات و هەوڵ بدات بەهانە و پاساو بە بەهانە و پاساوی نوێ ڕوون بکاتەوە. هەوڵ بدات ڕێسایەک بدۆزێتەوە، تا ئەو هەوڵانە لە سایەدا ڕێک بخات.
6) دەبێت لەوە نەترسێ پرسیارێک بەکراوەیی (بێ وەڵام) بەجێبهێڵێت، زۆربەی جار ئەوە دەبێتە مایەی گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەی نوێ.
7) لەبەردەم منداڵەکاندا دانی پێدا بنێ و باسی بکات، کە زانیاری گەورەکانیش سنووردارە و هەموو شتێک نازانن. بەڵکوو ئەوانیش وەک منداڵ و لەگەڵ منداڵدا هەوڵ دەدەن، تا زانیاری خۆیان زیاد بکەن و شتی نوێ فێر ببن.
8) بیری هەبێت، کە دەبێت بیرکردنەوە لە کاتی گفتوگۆ و دیالۆگدا، هەمیشە لە بزاوتندا بێت و گۆڕانی بەسەردا بێت. ئاشکرایە مرۆڤ هەوڵ دەدات شتی نوێ و - زانیاری لەو بوارەدا فێر بێت، کە زانیاری لە بارەیەوە نییە، یان کەمە.

**مامۆستا دەبێت ئەم 5 خاڵە ڕەچاو بگرێت**

1) زانیاری لەمەڕ بابەتی بیرکردنەوە و ڕامان، بدات بە منداڵان و ڕاڤەی چەمک و دەستەواژەکانیان بە شێوەیەکی ئاسان و سادە بۆ بکات.
2) ڕایان بهێنێت تا بتوانن، چ بە زارەکی و چ بەنووسین، سەرنج و بیر و بۆچوونەکانیان دەرببڕن.
3) فێریان بکات تا بەقووڵی بیربکەنەوە، (ئازادانە و بۆخۆیان بیربکەنەوە) و ڕامانیان هەبێت و سادە و ساکار لە پرس و بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانە، نەڕوانن (پاسیڤ نەبن).
4) فێریان بکات، کە فەلسەفە، دین یان بڕوا نیە، بەڵکوو دید و بۆچوونە. دەشێ کاتێک کە دین، یان بڕوا، (لەبەر هەر هۆیەک بێت!) پانتاییەکانی بیرکردنەوە و ڕامان سنووردار و بەرتەسک دەکەن، فەلسەفە و بیرکردنەوەی فەلسەفی ببێتە پەناگەیەکی ئارام .
5) ڕایان بهێنێت تا قووڵتر بە ناخی خۆیاندا بچن و باشتر لە خودی خۆیان تێبگەن، ئەوکاتەی کە مرۆڤ لە خۆی تێبگات و خۆی بناسێت، دەتوانێت لە کەسانی دیکەش تێبکات و قبووڵیان بکات.

**7 پرسیاری گرنگ**

دوای هەر وانەیەکی فەلسەفی، مامۆستا دەبێت ئەم پرسیارانە لە خوێندکاران بکات.

1) تێگەیشتن
- چی لەم باسە تێگەیشتن؟
- چی لەم باسە تێنەگەیشتن؟

2) گریمانە، (هێپۆتێسە)
- ئایا هیچ یەکێکتان پێشنیارێکی دیکە، یان نموونەیەکی دیکە، یان ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەی بۆ ئەم باسە هەیە؟

3) هۆ، هۆکار (پاڵنەر)
- چ هۆکارێک، پاڵنەرێک هەیە تا وامان لێبکات، بڕوا بەم بابەتە بکەین؟
- چ بەڵگەیەک هەیە، ڕاستی ئەم بابەتە بسەلمێنێت؟

4) نموونە
- کێ دەتوانێت نموونەیەکی دیکەمان لەسەر ئەم باسە بداتێ؟
- کامتان دەتوانن نموونەیەکی هاوشێوەی ئەم باسەمان بداتێ؟

5) ڕاڤە، شیکردنەوە
- کێ دەتوانێت، ئەم بابەتە ڕاڤە بکات؟

6) پەیوەستکردن، بەستنەوە
- کامتان دەتوانن، بیرێک، بۆچوونێک لەسەر ئەم باسە بنیاتبنێت؟
- ئایا دەتوانن ئەم باسە ببەستنەوە بە بابەتێک، یان بیر و بۆچوونێکی دیکەوە؟

7) مەبەست، دەرئەنجام
- چ مەبەستێک وا لەپشت ئەم باس و بابەت و بۆچوونەوە؟
- چ دەرئەنجامێکمان لەم باس و بابەتە دەستدەکەوێت؟

**بەشی سێیەم**

ماتهیۆ لیپمەن و پرۆگرامی فەلسەفە بۆ منداڵان، Philosophy for Children (P4C)
پرۆفیسۆر ماتهیۆ لیپمەن، لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکاندا ئەم ڕێبازەی داهێنا و لەو کاتەوە کاری پێدەکات و زیاتر پەرەی پێدا و فرەوانی کردووە. ئێستا، فەلسەفە بۆ منداڵان. لە گشت وڵاتانی ئەورووپادا، تەنانەت لە زارۆخانەش (باخچەی منداڵان) پیادە دەکرێت،

ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ ماتهیۆ لیپمەندا ساڵی 2003 ساز کراوە و لە میانەی وەڵامەکانیدا ئامانج و مەبەستی لیپمەن لە P4C ڕوون دەبێتەوە.

**پرسیار: پرۆگرامی «فەلسەفە بۆ منداڵان» چیە؟**

لیپمەن: لە کۆتایی ساڵانی 1960 دا، پرۆفیسۆری فەلسەفە بووم لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە هەستم دەکرد، ئەو خوێندکارانەی دەهاتنە کۆلێژەکەمان، زۆربەیان هەرزەگۆ بوون، سەرپێیانە حوکمیان دەدا و دیدی ڕەخنەگرانەیان زۆر لاواز بوو. وەلێ تازە دێر بوو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بارە. من پێم وابوو (لەو بڕوایەشدام لەو سەردەمەدا هەر بە تەنها من ئەم ڕاوبۆچوونەم هەبوو) کە دەبووایە لە منداڵیدا کار بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بکرایە. دەبێت کۆرسی مەشق و ڕاهێنانی، تیڕوانینی ڕەخنەیی، بۆ منداڵانی تەمەن 11 و 12 ساڵان بکرێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بابەتەکە «خۆش و ئاسان» بێت، دەبێت تێکستەکانی ئەو کۆرس و مەشقە، لە شێوەی چیرۆکدا بنووسرێت. چیرۆکەکانیش باسی ئەوە بکەن چۆن منداڵ لۆجیک پەیدا دەکەن، چۆن لۆجیکانە هەڵسوکەوت دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بۆ من، کەمێک سەخت دەهاتە بەرچاو.

دەبوایە چیرۆکەکان باس لە منداڵانێک بکەن، دیدی و بیری فەلسەفییان، پەیدا کردبێت. ئەوە بوو من کتێبێکم نووسی «ئەوەی هاری ستۆتڵەمێرس پەیدای کرد». بیرۆکەی کتێبەکە لە بیروڕاکانی ئەریستۆوە وەرگیرابوو. لەساڵی 1970 دا کتێبەکەم بڵاو کردەوە، زۆرباش ڕۆیشت. دواتر لەگەڵ «ئان مارگەرێت شارپ» دا پێکەوە، چەند ڕێنماییەکمان بۆ

مامۆستایان نووسی، کە بە سەدان پرسیار و ڕاهێنان و مەشقی فەلسەفییان تێدا بوو. ئەمەش زۆرباش ڕۆیشت و پەسەند کرا.

ئیدی دوای ئەوە من زانکۆی کۆڵۆمبیام جێهێشت، ئامۆژگایەکی تایبەتم بە فەلسەفە بۆ منداڵان، دامەزراند:

The Inistiut for the Advancement of Philosophy for Children (IAPC)

ئەم ئینستوتە، سەر بە زانکۆی مۆنتکلێر بوو. دوای چەند ساڵێک، کتێبێکی دیکەم نووسی. کتێبەکە ناوی «لیسا» بوو، (لیسا، ناوی کچێکە). هاوتا یان تەواوکەری کتێبی یەکەم «هاری» بوو، بەڵام ئەمیان بۆ منداڵانی هەراشتر (گەورەتر) بوو، لە ئاکار (ئێتیک) دەدوا.

ئیدی کتێبی زۆر لەم بوارەدا، نووسران و گەلێ ڕێنمایی و شێوازی کارکردن بۆ مامۆستایان و فێرکارانی فەلسەفە بۆ منداڵان نووسران، زۆربەی ئەو کتێبانەش لە لایەن «وەشانی زانکۆی کامبریج» و «وەشانی تێمپڵ» بڵاو کرانەوە.

فەلسەفە بۆ منداڵان، شێوازێکی پێداگۆگی سەرکەوتووە. بۆ گشت قۆناخەکانی خوێندن دەبێت. منداڵان (خوێندکاران)، هەر یەکە و بەشێک لە چیرۆکەکە، بە دەنگی بەرز دەخوێننەوە، دواتر پرسیار دەربارەی ئەو تێکستە / چیرۆکە دەکەن. ئەوجا گفتوگۆ لەمەڕ پرسیارەکانەوە دەکەن.

ئەم شێوازە، دید و بۆچوونی منداڵان فرەوان دەکات و هۆشیاری ڕەخنەییان، لەلا زیاد دەکات. ئامانجیش ئەوەیە، کە بتوانن بەڕەوایەتییەوە حوکم بەسەر ڕووداو و پێشهاتەکاندا بدەن و لە دوا پلەشدا هاووەڵاتییەکی دێموکراتخوازبن.

**پرسیار: ئەم شێوازە، (P4C) چۆن سەریهەڵدا و چۆن پەرەی سەند؟**

لیپمەن: لە ڕاستیدا پەیدابوونی ئەم بیرەی P4C دەگەڕێتەوە بۆ ڕاوبۆچوونەکانی فەیلەسوف جۆن دیۆی. هەروەها بۆ بیردۆزەکانی پێداگۆگی بەناوبانگی ڕووسی، لێڤ ڤیگۆتسکی، کە هەردەم جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، خوێندن و فێربوون، دەبێت بۆ، یان لەپێناو بیرکردنەوەدا بێت، نەک تەنها ئەزبەرکردن.

ئەوە بەتەنها بەس نیە بۆ منداڵان، بابەتەکان ئەزبەر بکەن و لەبیریان بێت چییان بۆ باسکراوە، بەڵکوو دەبێت، بۆخۆیان ئەزموونی ئەو بابەت و باسانە بکەن، شییان بکەنەوە و هەڵیان بسەنگێنن. بەتەنها بیرکردنەوە، ئەو پرۆسەیە دەخاتەگەڕ، کە منداڵان لە ڕێگەی هەستەکانیانەوە جیهانی دەوروبەریان بناسن. کەواتە دەبێت بیر لەو بابەتانە بکەنەوە، کە لە فێرگە فێری دەبن.

ئەزبەرکردن، ئاستێکی نزمی فێربوونە، جا بۆیە دەبێت منداڵ، بابەت و باسەکان تێبگەن، هەست بکەن، ڕاڤە بکەن، هەڵبسەنگێنن، ڕەخنەی لێبگرن و ...هتد.

دوای ماوەیەکی کورت، بەڵام زۆر چڕ، لە ئەزمووکردنی ئەم پرۆگرامە سەلماندی کە دەکرێت ڕێباز و شێوازی ڕامان و پەیجۆری (پشکنەری/ دێدیکتیڤی) فێری منداڵان بکرێت. نەک هەر ئەوەی لەپێناو ئیمتحان/ تاقیکردنەوە دا فێریان بکەین.

ئەوە بوو ژمارەیەک لە فەلسەفەکاران (کەسانی شارەزا و ئەکادیمی لە بواری فەلسەفەدا) لە سەرتاپای ولایەتە یەکگرتووەکاندا، بۆ پەرەپێدانی ئەم پرۆگرامە، لە ساڵانی 1970 کاندا، دەستیان کرد بە ڕاهێنانی مامۆستایان. تا کۆتایی ئەو دەیەیە، ئەو پرۆگرامە لە 5000 پۆلدا، پیادە کرا. ئەو ڕاپۆرت و ئامارانەی لەم بارەیەوە هەن، دەیسەلمێنن، کە لە ماوەی 27 هەفتە لە پەیڕەو کردنی ئەم پرۆگرامە، منداڵانی تەمەن 11 ساڵان، گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر شێوازی بیرکردنەوە و ڕامان و هەڵسوکەوتیاندا هاتووە و سەرەتای گۆڕانەکەش، هەر لە هەفتەی 9 یەمەوە بەدی دەکرێت.

دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی فێرکاری لە ولایەتی نیوجێرسی و هەندێ فۆندی تایبەتی، کۆمەکی باشیان کردین، توانیمان چەندین وۆرکشۆپ بۆ مامۆستایانی ڕاهێنەر بکەینەوە. ئەم مامۆستا ڕاهێنەرانەش، بەگشت لایەکی وەڵاتدا بڵاوبوونەوە و چەندین مامۆستایان بۆ ئەم پرۆگرامە مەشق دا. ئەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن ئەو مامۆستایانەوە پێمان دەگەیشتن، گشتیان باسیان لەوە دەکرد، کە پرۆگرامەکە کاردانەوەی باشی لەسەر منداڵان هەیە و لایان خۆشە و دەرفەتی ئەوە دەدا بە منداڵان، بیروڕا و بۆچوونەکانیان، بوێرانە و ڕاشکاوانە لە پۆلدا، لەگەڵ هاوپۆل و مامۆستادا باس بکەن.

**پرسیار: چەند ڕێبازی «فەلسەفە بۆ منداڵان» هەیە؟ تکایە دەتوانیت باسیان بکەیت.**

لیپمەن: ژبەروەی تەنها «یەک فەلسەفە» هەیە، ئیدی هەر «یەک فەلسەفە بۆ منداڵان»یش هەیە. بەڵام وەک دەزانین، فەلسەفە گەلێک ڕێباز و لکی لێبۆتەوە، وەک فەلسەفەی سایکۆلۆجی، فەلسەفەی هونەر، فەلسەفەی زانست و....... بەو شێوەیەش، هەر یەک لەم ڕێبازانە مێتۆد و پرینسیپی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەڵام فەلسەفە بۆ منداڵان، فەلسەفەیەکی تایبەت نیە، تەنانەت فەلسەفەی پێداگۆگیش نیە. بەڵکوو هەوڵ و تەقەلایەکە بۆ تێرکردنی حەزی پرسیارکردن و ڕامانی منداڵان و ڕاهێنانیان بە دیدی فرەڕەهەندی.

ڕێبازێکی دیکە هەیە، بەناوی «فەلسەفە لەگەڵ منداڵان» دا، کە لە ڕاستیدا هەر لە ڕێبازی، فەلسەفە بۆ منداڵانەوە سەری هەڵداوە. ئامانجی ئەم ڕێبازە ئەوەیە منداڵان بە مێژووی فەلسەفە ئاشنا بکات و بیانکات بە «*فەیلەسووف*».

سەرەتا، کە من خۆم بە فەلسەفە بۆ منداڵانەوە خەریک کرد، لەو بڕوایەوە بوو، کە تێڕوانین و بیرکردنەوەی ڕەخنە گرانە Critical Thinking پەیوەندی بەوەوە نیە کە دەبێت مرۆڤ خۆی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بابەتە ترادیسیۆنەکانی فەلسەفەوە، خەریک بکات. بەڵکوو دەبێت بە شێوازی ڕەخنەگرتن، بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن، ئاشنا بێت و فێر بکرێت. بەکورتی، تێڕوانینی ڕەخنەیی، منداڵ هۆشیار دەکات و بیرکردنەوەی فەلسەفی، ئاسۆی بیری فرەوان دەکات.

**پرسیار: گرنگترین و دیارترین کاریگەریەکانی، فەلسەفە بۆ منداڵان، چین؟**

لیپمەن: ئەو پرۆگرامەی کە من دام هێناوە و پەرەم پێداوە، لەو بڕوایەدام لەم خاڵانەدا کاریگەری لەسەر منداڵان هەیە.

1) حەزلێبوون - منداڵ کاتێک لەگەڵ پرۆگرامی P4C دا خەریک دەبن، ئەم حەزانەیان دەبزوێت:
   - حەزی ئەندێشەکردن.
   - حەزی خۆناسین.

- حەزی گفتوگۆکردن و ڕامان و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەییان، دەبزوێت و زیاد دەکات.

2) هەستیاری - پرۆگرامی P4C هەر بەتەنها دیدی ڕەخنەیی لە لای منداڵان دروست ناکات، بەڵکوو ئاست و ڕادەی هەستیاریشیان بەرز دەکاتەوە.

3) دیدی ڕەخنەیی - لە ڕێگەی پرۆگرامی P4C یەوە، دیدی ڕەخنەیی منداڵ پەرە دەستێنێت و زیاد دەکات.

4) بەها - لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامەوە، منداڵان پەی بە بەهاکان دەبەن و دەرکیان دەکەن. چونکێ فرەوانتر بیردەکەنەوە، دەرککردن و هەڵسەنگاندنی بەهاکان و ئەو کێشە و پرسانەی سەرقاڵیان دەکات، ڕەهەندی فرەوانتر وەردەگرێت.

5) ئافراندن - فرەڕەهەندی بیرکردنەوە و بەرینیی ئەندێشە، کاتێک تێکەڵ بە چیرۆکی فەلسەفی دەکرێت، ئیدی توانای ئافراندنی منداڵ زیاد دەکات.

6) جڤاتی - فەلسەفە کردەی لێکحاڵیبوونە. دیالۆگی فەلسەفیانە دەرفەتی ئەوە بە منداڵ و تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات، تا باشتر لە یەکدی حاڵیبن. بە واتایەکی دیکە، دیالۆگی فەلسەفی، جڤاتی ڕامانی، ساز دەکات. گەر گشت کۆمەڵگەکان، جڤاتی ڕامانی بن، ئیدی یەکدی قبوولکردن و لێکحاڵیبوون لە جیهاندا ئاسنتر و مامەڵەکردنیش ڕەواتر دەبێت.

**پرسیار: ئەو شێوازانە چین کە لەم ڕێبازەدا بەکارت هێناون؟**

لیپمەن: بۆ سازکردنی پرۆگرامی P4C کەڵکم لە گەلێک ڕێباز و شێوازی فەلسەفەی و پێداگۆگی، وەرگرتووە و تێکەڵ بە یەکم کردوون و ئەم ڕێبازە نوێیەم لێ پەیدا کرد.

پێداگۆگی و فەلسەفە، هاوڕا و هاوتەریبن، بەڵام تێکەڵ نین. P4C پرۆگرامێکە منداڵان هان دەدات بیر بکەنەوە و پرسیار بکەن و لە هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی یەکدیدا بن لە ڕێگەی گفتوگۆی واڵاوە.

به واتایەکی دیکە P4C تێکهەڵکێشکردنی فێرکردن، دەستپێشخەریکردن - کراوەیی، هەستیاری، وەرگرتن- دەرککردن، تێگەیشتن و لە یەکدی حاڵیبوونە. تەواوی ئەم خاڵانەم لە کتێبی «بیرکردنەوە لە پرۆسەی فێرکردندا» (2003) باس کردوە. هەوڵم داوە شێوەیەکی نوێ لە ڕێبازی فێرکردن دەستنیشان بکەم. کۆمەڵێک بیروبۆچوون و هاوسەنگیم لە نێوان «کەسایەتیی خود»، دیموکراتی و «کەسایەتی جڤاکی» دا نیشانداوە. ئەم شێوازە نەک هەر دید و بۆچوونی ڕەخنەیی، بەڵکوو توانای ئافراندنیش لە لای منداڵ زیاد دەکات. ئەو بۆچوونانە، هاوڕا لەگەڵ پەرە پێدانی فێرکردنی گوتن و دەربڕین و هەستپێکردن و دەرککردن، گشتیان «جڤاتی ڕامان» دەئافرێنن. ئەمەش تەواو لەگەڵ بۆچوونەکانی جۆن ڕاوڵ: «بەرجەستەیی هاوتا» Reflective Equilibrium و ئەزموونگەری Experrimentalism ی جۆن دیۆی ـدا گونجاوە و دەرئەنجامەکەی جڤاتی ڕامان و ڕەوایەتی و ئاوەزییە لە بڕیاردان و حوکمداندا.

**پرسیار: ئەو فەیلەسووف و دەروونناسانە کێن، کاریگەرییان تێکردوویت و لەم کارەتدا جێ پەنجەیان دیارە؟**

لیپمەن: ئەو کەسانە ئەمانەن:

1) جۆن دیۆی - بە پاڵپشتیکردنی چڕی لە منداڵ و بەو هەموو هەوڵ و کارکردنەی بۆ ئەوەی منداڵ بە ئازادی لە پۆلدا بیر بکاتەوە. بەو ڕۆڵە گرنگەی، کە لە هەستیارکردن، هۆشیارکردن و بەهێزکردنی بیر و ئەندێشەی ئافراندن لەلای منداڵدا گێڕاویەتی.

2) لیڤ ڤیگۆتسکی - دەروونناسی بەناوبانگی ڕووسی لە سەدەی بیستەمدا، کە دەرکی بە گرنگی ئەم پەیوەندییانە کردووە:
   - پەیوەندی نێوان گفتوگۆی منداڵ لە پۆلدا و ئاستی بیرکردنەوەی منداڵ.
   - پەیوەندی نێوان منداڵ و کۆمەڵگە، لە ڕێگەی مامۆستاوە.
   - پەیوەندی نێوان «تەواناییی زمانی» ی گەورەکان و گەشەکردنی هۆشیاری (ئێنتلجنس) ی منداڵ.

3) جوستوس بوچلیر - فەیلەسووفی ئەمریکی سەدەی بیستەم، بەو لێکۆڵینەوە گرنگانەی کە دەربارەی «سروشتی مرۆڤ و حوکمدان - هەڵسەنگاندن» و دەرککردنی بە

گرنگی «ڕۆڵی حوکمدان- هەڵسەنگاندن لە فێرکردنی منداڵدا».

4) جان پیاژێ - سایکۆلۆج و فێرکار، کە بە لێکۆڵینەوە گرنگەکانی پەیوەندی نێوان «بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت» ی دەستنیشان کردووە و ڕوون کردۆتەوە.

5) گیلبەرت ڕیلە - فەیلەسووفی بەریتانیا، کە ئەنالیزەی پەیوەندی نێوان «زمان، فێرکردن، خۆفێرکردن» ی کردووە. (خۆفێرکردن Selfteching).

6) جۆرج هێربەرت مەید - فەیلەسووف و دەروونناسی کۆمەڵایەتی، کە کارەکانی دەربارەی «سروشتی کۆمەڵایەتیانەی خود – تاک» بووە.

7) لودویگ ویتگنستەین - فەیلەسووفی نەمسایی - بەریتانی سەدەی بیستەم، زۆر شارەزایانە و هەستیارانە، پەیوەندی چڕ و ئاڵۆزی جڤاتی، کە لە میانەی چەمک و دەستەواژە زمانەوانیەکانەوە ئاشکرا دەبن، خستۆتەڕوو.

**پرسیار: کەڵکی ئەم پرۆگرامە (بۆ منداڵ) چیە؟**

لیپمەن: کەڵکەکانی ئەم پرۆگرامە ئەوەیە منداڵ (بە شێوەیەکی سادە و ئاسان) ڕابهێنێت تا بتوانن پێوەرێک پەیدا بکەن، تا بتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان:

- بەڵگە و هۆکاری ژیرانە و بەڵگە و هۆکاری ناژیرانە (لۆجیک)
- زانیاری ڕاست و زانیاری ناڕاست (ئێپسمە)
- شێوازی گونجاو و شێوازی نەگونجاوی حوکم بەسەرداندا (ئێتیک)

لەم ڕێگەیەوە، بناخەی جڤاتی ڕامانی، دادەنرێت و منداڵ هان دەدات تا شێوازی بیرکردنەوە لە بیری خۆی فێر بێت. ئەم ڕێبازەش ئاسۆی ڕامان فرەوانتر و سنوورەکانی زانیار بەرینتر دەکات. دیسان لەبەر ئەوەی ئەم پرۆگرامە لە گەلێک وڵاتی جیهاندا پیادە دەکرێت، منداڵان بە شێواز - مێتۆدیکی هاوبەش ڕادەهێنێت، کە پرسەکانی زانیاری، ژیری و هۆشیاری بۆ بنەما سەرکی و سەرەتاییەکانی بگەڕێننەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەم پرۆگرامە دەبێتە زمانێک، یان شێوازێکی دیکە بۆ لێکدی حاڵیبوون.

پرسیار: ئەو مەرج و پێداویستیانە چین، کە بۆ پیادەکردن و بەڕێوەبردنی ئەم پرۆگرامە، پێویستن؟

لیپمەن: بۆ گوتنەوە و پیادەکردنی ئەم پرۆگرامە لە پۆلدا، مامۆستا جگە لە بابەتێک / چیرۆکێک و کتێبی ڕێنمایی بۆ مامۆستایان، چی دیکەی پێویست نیە. (لیپمەن مەبەستی لەو کتێبەیە، کە خۆی بۆ ڕێنمایی مامۆستایان لە گوتنەوەی وانەی فەلسەفەدا نووسیویەتی). بە کورتی، مامۆستا دەبێت کۆرسێکی ڕاهێنان، لەم بوارانەدا ببینێت:

- چۆنیەتی ئافراندن و ڕێکخستنی گفتوگۆ و دیالۆگی فەلسەفیانە
- مەشقکردن و ڕاهێنانی منداڵ، تا بتوانن بیربکەنەوە (بیرکردنەوە بۆ خۆ)

دەکرێ بۆ ئەو کۆرسەش، کتێبی *«فەلسەفە لە پۆلدا»*، نووسینی لیپمەن و شارپ، بەکاربهێنن.

بۆ گوتنەوەی وانەی فەلسەفە، پێویستە منداڵان و مامۆستاکەشیان بە شێوەی بازنەیی لە پۆلدا دابنیشن، تا گشتیان ڕوخساری یەکدی ببینن و بتوانن ڕووبەڕوو یەکدی بدوێنن. هەر خوێندکارێک پەرەگرافێک / بەشێک لە چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە، بە شێوەیەک کە گشت منداڵەکانی پۆلەکە بتوانن لە خوێندنەوەدا بەشدار بن.

دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکە، مامۆستا دەتوانێت پرسیاری لەم جۆرە لە منداڵەکان بکات:

- لەم چیرۆکە / بەسەرهاتەدا، چ شتێک سەرنجی ڕاکێشایت؟
- ئایا ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە، ڕامانت لە لا دروست دەکەن؟
- ئایا دەتوانیت ئەوەی لەم چیرۆکە تێیگەیشتوویت، لە شێوەی پرسیاردا دەریبڕیت؟

ئیدی لەم جۆرە پرسیارانە.

دواتر مامۆستا، پرسیارەکانی خوێندکاران، لەسەر تەختە دەنووسێتەوە و ناوی منداڵەکە - خوێندکارەکەش لە تەنیشت پرسیارەکەوە دەنووسێت و ژمارەی ئەو پەرەگراف، یان لاپەڕەیەی چیرۆکەکەش دەنووسێت، کە منداڵەکە پرسیارەکەی تێدا کردووە، یان دروست کردووە. دواتر دەست دەکەن بە باس و گفتوگۆ دەربارەی پرسیارەکان و مەبەست و

تێگەیشتن و بۆچوونی خۆیان لەمەڕ باسەکە / چیرۆکەکە و ئامانجی پرسیارەکان دەردەبڕن.

**پرسیار: دەربارەی گرنگی و پێویستیەتی پیادەکردنی ئەم پرۆگرامە لە وڵاتانی** تازەگەشەکردوودا (بۆ نموونە ئێران) چ کارێک پێویستە بکرێت و چ پەیام و پێشنیازێکت بۆ فەلسەفەکاران و فێرکارانی ئێران هەیە؟

لیپمەن: فەلسەفە بۆ منداڵان، بەرنامەیەکی فێرکاریی جیهانیە و بودجە و تێچوونی زۆریشی ناوێت. بەڵام زۆر گرنگە بە تەواوەتی پەیڕەوی پرۆگرامەکە بکرێت و وەک خۆی پیادە بکرێت.

بە بڕوای من پەیڕەوکردنی ئەم پرۆگرامە لە وڵاتانی تازە گەشەکردوودا، گۆڕانکاری زۆر مەزن و بێوێنە لە لای منداڵان دروست دەکات.

**تێبینی**

ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ ماتهیۆ لیپمەن ـدا لەساڵی 2003 دا (بەزمانی ئینگلیزی) کراوە و لە ماڵپەڕی www.montclair.edu/IAPC دا بڵاوکراوەتەوە. من، لە چەند شوێنێکدا، کەمێک وەڵامەکانم کورت کردۆتەوە.

## ئایا دەکرێت پرۆگرامی P4C لە باشووری کوردستاندا پیادە بکرێت؟

لەبەر ڕۆشنایی وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە لەمەڕ پیادەکردنی پرۆگرامی P4C لە وەڵاتێکی وەک ئێران و وەڵاتانی تازە گەشەسەندوودا، دەتوانرێت هەمان پرۆگرام لە باشووری کوردستان، کە لە زۆر لایەنەوە (وەک، ئاستی ژیان، داهات / ئابووری، کولتوری، دینی، ئاستی هۆشیاری، ڕێژەی نەخوێندەواری و .....) لە ئێران دەچێت. بە ئاسانی پیادە بکرێت.

دوای ئەو ڕوونکردنەوەیەی لیپمەن لە ڕێگەی وەڵامەکانیەوە دەیدات دەربارەی پرۆگرامەکە و چۆنیەتی پیادەکردن و پێداویستیەکانی، دەردەکەوێت کە پیادەکردنی ئەم پرۆگرامە کارێکی هێندە سەخت نیە و دەکرێت لە باشووری کوردستاندا، پیادەبکرێت لەبەر ئەم هۆیانە:

1) ئەم پرۆگرامە هێندەی بودجە ناوێت و سەرەتای کارەکە بە چەند هەزار دۆلارێک دەکەوێتە گەڕ. (بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە دوو کەس لە «ئینوستوتی پەرەپێدانی فەلسەفە بۆ منداڵان» ی ویلایەتی نیوجێرسییەوە بانگهێشتی کوردستان بکات بۆ ساز کردنی خولی تایبەت بە چەند ڕاهێنەرێکی پێشەنگ. پاشان ئەم ڕاهێنەرانە خولی دیکە بۆ مامۆستایانی دەڤەری جیاواز بکەنەوە. بەم کارەش دەگوترێ «ڕاهێنانی ڕاهێنەران».

2) لە لایەنی مرۆییەوە، توانای زۆری ناوێت. هەر مامۆستایەک لە خۆی ڕاببینێت، کە هەنگاوێکی نوێ لە بواری فێرکردندا هەڵبهێنێتەوە، یان ویستی چەلەنج (تەحەدی) تێدابێت، دەتوانێت وانەی فەلسەفە بڵێتەوە و ئەم پرۆگرامە پیادە بکات.

3) لە ڕووی سەرچاوە و کەرەسە و ماتریاڵیەوە، کار و ئەرکێکی زۆری ناوێت. سەرەتا دەتوانرێت بە چەند چیرۆکێک، کە مەبەست و مەغزای فەلسەفییان تێدا بێت و ببنە مایەی پرسیار و ڕامان، لەلای منداڵان، دەست پێبکرێت و لە داهاتوودا چیرۆک و بەسەرهات و بابەتی جۆراوجۆر، بۆ ئەو مەبەستە بنووسرێت، یان تەرجەمە بکرێت.

4) ئاواکردنەوەی سەنتەر، یان بەڕێوەبەرایەتییەک بە هاوکاریی نێوان زانکۆکانی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە. فەلسەفەکاران و پێداگۆگی توانا سەرپەرشتیی ئەم بەرنامەیە بکات. دەکرێ پەیوەندیش لەتەک Institute for the Advancement of Philosophy for Chidren دا بگیرێ بۆ سوود وەرگرتن لە توانا و ئەزموونی دەرەکی.

**پیادەکردنی پرۆگرامی P4C پێویست بەم هەنگاوانە هەیە:**

1) ناردنی کەسێک یان چەند کەسێک، بۆ بەشدار بوون لە کۆرسەکانی «مەڵبەندی جیهانی بۆ مەشقکردن لە پرۆگرامی P4C» لە مێندهام، لە ویلایەتی نیوجێرسی، ئەمریکا.

- کۆرس هەیە یەک هەفتەیە (بۆ یەک کەس بە 1000 دۆلارە) و ساڵانە لە مانگی پێنجدا دەست پێ دەکات،
- کۆرس هەیە دوو هەفتەیە (بۆ یەک کەس بە 1750 دۆلارە) لە کۆتایی مانگی هەشتدا دەچەرخێ.

مەرجە ئەو کەسەی لەم کۆرسانەدا بەشدار دەبێت، فەلسەفەکار بێت، یان لایەنی کەم چەند کۆرسی فەلسەفی خوێندبێت، دەبێت. دوای بەشداربوون لەم کۆرسانەدا، ئەو کەسانە دەگەڕێنەوە وڵات، دەست بکەن بە ڕاهێنانی ئەو مامۆستایانەی، کە لە داهاتوودا وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان دەڵێنەوە. هەروەها دەبێت بابەتەکانی کە لە پرۆگرامەکەدا بەکاردێت تەرجەمە بکرێت.

2) ئەو کەسانەی بەشداری کۆرس و وۆرکشۆپی وەها دەبن، دەبێت زمانی ئینگلیزی بزانن و بتوانن هەندێ لەو تێکستانەی لە کۆرسەکان و لە پرۆگرامەکەدا بەکارِ دێت بۆ زمانی خۆیان تەرجەمە بکەن.

3) زۆر گرنگە ئەم گرووپە، کە دەگەڕێنەوە بۆ وڵات، سەنتەرێک بۆ سەرپەرشتیکردن و پەرەپێدانی ئەم پرۆگرامە دابمەزرێنن و هەوڵی تەرجەمەکردنی تێکستە بەکارهاتووەکانی نێو پرۆگرامەکە بدەن و کۆرسی ڕاهێنان بۆ مامۆستا و فێرکاران ڕێک بخەن و بەسەر گشت فێرگەکانی وڵاتدا پەخشی بکەنەوە.

4) ئەو مامۆستایانەی بۆ گوتنەوەی وانەی فەلسەفە دەستنیشان دەکرێن و کۆرس لەلای ئەو کەسانە وەردەگرن کە هاتوون بۆ کۆرسەکانی مێندهام، دەبێت زانیاری تەواو لەمەڕ پرۆگرامەکە و بەکارهێنان و پیادەکردنی وەربگرن.

5) دەبێت، پسپۆڕانی پەروەردە و فێرکردن و دەروونناسان، ماوەی ساڵێک تا دوو ساڵ، سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی پرۆگرامەکە و ئەو کۆرسانە بکەن و لە گشت ڕووەکانەوە

هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن تا پرۆگرامەکە ساز دەبێت و جێگەی خۆی دەگرێت و خوێندکاری ڕاهێنراو بە دیدی فەلسەفیانە پێدەگەێنیت.

6) ئەو خاڵە زۆر گرنگە، کە ئەو سەنتەرەی دادەمەزرێت، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەنتەری: Institute for the Advancement of Philosophy for Chidren کە سەر بە Montclair State University یە، دابمەزرێنیت و ببێت بە ئەندام لەو ئینوستوتەدا. بوون بە ئەندام لەو ئینوستوتەدا بە خۆڕاییە.

## بەشی چوارەم

### شێوازی وانەگوتنەوە و کەرەستەی پێویست، بۆ وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان

لەم بەشەدا، شێوازی گوتنەوەی وانە و کەرەستەی پێویست، بۆ گوتنەوەی وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان، لە زارۆخانە و پۆلەکانی قۆناخی بنەڕەتی 1 تا 3 و بۆ پۆلەکانی 4 تا 6 و پۆلەکانی 7 تا 9، ڕوون دەکەمەوە.

### فەلسەفە لە زارۆخانەدا

لە کتێبی «پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ زارۆخانە» 2009، وەشانی کۆمەک، لاپەڕە 45 دا لە ژێر ناونیشانی: «ئاکار، دین و فەلسەفە» دا نووسراوە:

«ئاکار، دین و فەلسەفە کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و جیهانبینیی منداڵ. فەلسەفە و دین بەشێکی گرینگن لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی و داڕێژەری شارێی نۆرم و ئاکارن. سەرچاوەیەکن بۆ دیاری کردنی بەهای بنەڕەتی و شێوازی هەڵسوکەوتی نێو جڤات. جڤاتی کوردستان ئەمڕۆ نیشتیمانی دین و فەرهەنگی جیاوازە. زاۆخانە دەبێ ڕێز لە فرەدینیی نێو گروپی منداڵان بگرێت، بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ وردەکاریی فەرهەنگییان بکرێت، وێرای ئەو فرەڕەنگییە دەبێ کار لەسەر بەهای هاوکۆ و دیدی مرۆڤدۆستانەی نیشتمانپارێز بکرێت.

زارۆخانە لە ڕێی ئاکار، دین و فەلسەفەوە دەبێ هەوڵ بدات منداڵ

- شارەزای بەها و نۆرمی بنەڕەتیی جڤاکی بن: ڕێزگرتن، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، هاوکاری و ...هتد
- گەشە بدەن بە توانای جڤاکی: سنگفرەوانی، خۆڕاگری، هاوسۆزی و...هتد
- ڕێزگرتن لە دین، زمان و فەرهەنگی جیاواز
- ئاشنابوون بە جێگەی دینیی ناوداری کوردستان و جیهان
- ئاشنابوون بە دابونەریتی دینیی جیاواز
- ئاشنابوون بە جیهانبینی و دیدی جیاواز

بۆ کار کردن بە ئاڕاستەی ئەو ئامانجانە دەبێ کارمەندان

- خۆیان بە بەرپرس بزانن لە پیادە کردنی بەهای بنەڕەتی زارۆخانە
- بڕوا، پرسیار و ڕامانی منداڵ بەهەند وەرگرن
- زەمینە ساز بکەن بۆ ڕامان، بیر کردنەوە و گفتوگۆ دەربارەی بەهای گشتی
- دەرفەت ساز بکەن بۆ ئاشنابوون بە دەرکی یەکتر، سەلماندنی یەکتر
- یارمەتی منداڵ بدەن کاتێک گیرۆدەی کێشەیەک دەبن
- نموونە بن لە ڕێز گرتنی دین و فەرهەنگی کەسانی بەرانبەر ...».

لە کوردستان، منداڵ لە تەمەنی 4 ساڵییەوە دەچنە زارۆخانە و نزیکەی 2 ساڵ لە زارۆخانە دەمێننەوە. ئاگامەندی منداڵ، لەم قۆناغەدا، بە گوێرەی دابەشکردنەکەی «ژان پیێژێ» (1896-1980) کە بە چوار قۆناخ دیاری دەکات:

1) قۆناخی پاڵنەری هەستی «سێنسۆ مۆتۆریک» (لە یەک ڕۆژییەوە تا 2 ساڵی).
لەم قۆناغەدا زانیار، لە ڕێگەی هەستەکانەوە پەیدا دەکرێت (هەستەکانی: بیستن، بینین، چێژ و...)
2) قۆناخی بیرکردنەوەی ئاقڵانە «پرۆپێراشونێل» (2 تا 7 ساڵی) لەم قۆناغەدا منداڵ زانیار لەمەڕ سیمبول پەیدا دەکات. دەتوانێت سیمبول بەکاربهێنێت و لە سیمبول تێبگات.
3) قۆناخی بیرکردنەوەی بەرجەستەیی «کۆنکرێتۆ پێڕاشونێل» (7 تا 11 ساڵی)
لەم قۆناغەدا منداڵ زۆر بەرجەستە (کۆنکرێتی) بیردەکاتەوە. بەواتایەکی دیکە سەرەتای قۆناغی بیرکردنەوەی لۆجیکیانەی منداڵە.
4) قۆناخی بیرکردنەوەی ئەندێشەیی «فۆرمێل پێڕاشۆنێل – ئاپستراکت»
لەم قۆناغەدا منداڵ ئەندێشە لە بیرکردنەوەدا بەکاردەهێنێت و قۆناغی بەرجەستەیی تێدەپەڕێنێت.

بە بڕوای پیێژێ، ئەم قۆناخانەی بیرکردنەوەی ئاگامەندییانە، بناغەی گەشە، یان گۆڕانکاری ڕەوشتییانەن (مۆراڵی) منداڵن و سەرئەنجام منداڵ گۆڕانکارییە ڕەوشتییەکانی بۆ دوو قۆناخ دابەش دەبن:

1) مۆراڵی وابەستە بە دەسەڵات، یان بە زەبر «هێتێرۆگین مۆراڵ» (2 تا 4 ساڵی) لەم قۆناخەدا منداڵ پەیڕەوی ڕەوشت (مۆراڵ) ـێک دەکات، کە لە دەرەوەی بیرکردنەوە و خواستی خۆیەوە بەسەریدا سەپێنراوە، لەلایەن، خێزان، بەخێوکەر، یان زارۆخانەوە. خۆی هیچ ڕۆڵێکی لە فۆرمەلەکردنی ئەم مۆڕاڵەدا نیە. تەنها لە ترسان (ترسی سزا)، یان لەبەر هەبوونی دەسەڵاتی ئەو کەس و لایەنانەوە بەسەریدا، پەیڕەویان دەکات.

2) مۆراڵی سەرفەراز (سەربەخۆ) «ئەوتۆنۆم مۆڕاڵ» (لە 4 ساڵییەوە) لەم قۆناخەدا منداڵ دەکەوێتە بەراورد و هەڵسەنگاندنی هەر کردار و گوتارێک، یان هەڵسوکەوتێک / دانوساندنێک و ڕای خۆی بەرانبەر بەو هەڵسوکەوتە، ئەگەر دەریش نەبڕێت، ئەوا لە لای خۆی گەلاڵەی دەکات و ڕەنگە کاردانەوەشی هەبێت (بە گوتار، یان بە کردار).

ئەوەی بۆ ئەم بەشە باسە گرنگە، ئەم خاڵەی دواییە (مۆڕاڵی سەرفەراز) کە لە تەمەنی 4 ساڵییەوە دەست پێدەکات، ئەمەش ئەو تەمەنەیە، کە منداڵانی کوردستان تێیدا دەچنە زارۆخانە.

کەوابوو، بەگوێرەی ئەم دابەشکردنەی پیاژێ. لە ڕووی توانای و ئاستی بیرکردنەوە، منداڵ لە تەمەنی زارۆخانەدا، دەتوانێت، لە بابەتە مۆڕاڵییەکان تێبگات، ئەوەش کردنەوەی دەروازەی بیری منداڵە بە ڕووی تێگەیشتن لە بابەتە فەلسەفییەکان.

فەلسەفە لە زارۆخانەدا دەبێت، چیرۆکی سادە (هەقایەت)، ڕووداوی ڕۆژانەی ناو زارۆخانە و ئامرازە بەردەستییەکان وەک، وێنە، بکاتە بابەتی وانەی فەلسەفی. چۆن؟

**چیرۆکی سادە**

ئەو باوک و کوڕەی بە سواری کەرەکەیان دەچن بۆ شار و لە ڕێگە چەند کەسێکیان پێدەگات و هەریەکەیان بە شێوەیەک ڕەخنەیان لێدەگرێت، یەکێک پێیان دەڵێت، کە چۆن دوو کەس سواری کەرێک بوون. کە دادەبەزن، یەکێکی دیکەیان پێدەگات و ڕەخنەیان لێدەگرێت، کە بۆچی کەریان هەیە و کەسیشیان سواری نابن. دواتر، کە باوکە سوار دەبێت، یەکێکی دیکەیان پێدەگات و ڕەخنەی لێدەگرێت، کە بۆچی ئەو منداڵە سوار ناکات و خۆی بە پێیان بڕوات. کە ئەو کارە دەکەن، یەکێکی دیکەیان پێدەگات و ڕەخنەی ئەوە

دەگرێت، کە چۆن کوڕێکی گەنج، لە ڕووی دێت، ئەو سوار بێت و باوکە پیرەکەی پیادە. دواتر کە بڕیار دەدەن کەرەکایان لەسەر شانی خۆیان بار بکەن، یەکێکی دیکەیان پێدەگات و ڕەخنەیان لێدەگرێت، کە چۆن کەر دەخرێتە سەر شانی مرۆڤ».

دوای خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە، مامۆستا دەتوانێت ئەم بابەتە بکات بە گفتوگۆیەکی فەلسەفی. لە منداڵەکان بپرسێت :

- ئایا دەبێت گوێ لە هەموو کەسێک بگرین؟
- ئایا هەموو ڕەخنەیەک ڕەوایە، ڕاستە؟
- ئایا دەبێت تەنها ئەو شتە بکەین کە خۆمان بەڕاستی دەزانین؟
- پێویستە بەگوێی کەسانی دیکە بکەین؟ بۆ؟

**ڕووداوی ڕۆژانەی زارۆخانە**

بۆ نموونە، گەر تەنها یەک فوتبۆڵ لە زارۆخانەکەدا هەبێت و چەند منداڵێک بیانەوێت، تۆپانێ بکەن، بەڵام یەکێک لە منداڵەکان تۆپەکە بۆخۆی دەبات و ناهێڵێت ئەوانی دیکە گەمەی پێبکەن. مامۆستا دەتوانێت، ئەم ڕووداوە بکاتە بابەتی وانەی فەلسەفی و گفتوگۆکردن، بپرسێت:

- ئایا ڕەوایە تەنها یەک کەس فۆتبۆڵی هەبێت و ئەوانی دیکەش نەتوانن گەمەی پێبکەن؟
- دەبێت، ئێمە هەرچییەکمان هەبێت، لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەشی بکەین؟
- ئەو شتانە چین، کە ناتوانین لەگەڵ کەسی دیکەدا بەشی بکەین؟

**وێنە**

مامۆستا دەتوانێت، چەند وێنەیەکی گونجاو بۆ تەمەن و توانای تێگەیشتنی منداڵەکان نیشان بدات و بابەتی وێنەکان بکاتە بابەتی گفتوگۆکردن و پرسیارکردن. بۆ نموونە:
وێنەی جوجەڵە و بێچووە پشیلە، دواتر وێنەی پشیلەگوربەیەک، کە خۆی بۆ جوجەڵەیەک مات داوە، بپرسێت:

- ئایا جیاوازی نێوان ئەم دوو وێنەیە چییە؟
- تۆ بڵێیت، ئەو بێچووە پشیلەیەش، کە گەورە بوو ئاوا خۆی بۆ جوجەڵە مات بدات؟
- ئایا لەگەڵ گەورەبوونی لەشدا شێوازی بیرکردنەوەش دەگۆڕێت؟

**ئەرک و ڕۆڵی مامۆستای زارۆخانە**

ئەمانە تەنها چەند نموونەیەکن، مامۆستا دەتوانێت، خۆی بابەتی هاوشێوە، پەیدا بکات و بەکاریان بهێنت .

بابەتەکانی فەلسەفە بۆ قۆناخی بنەڕەتی، پۆلەکانی 1- 3، 4 - 6، 7 - 9.
جارێکی دیکە بە گەڕانەوە بۆ کتێبی پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ قۆناخی بنەڕەتی، بابەتەکانی فەلسەفە لەم قۆناخەدا بۆ هەر بەشەقۆناخێک لەو پۆلانەدا، دەبێت ئەم بابەتانە لەخۆ بگرێت:

- ڕامان و هزر
- پەیوەندیی مرۆڤایەتی: دادپەروەری، ڕەوایەتی و یەکسانی
- جوانناسی.

بابەتی فەلسەفە بۆ ئاستی **1** **تا** **3**

- بە تایبەتی لە پۆلی 3 دا پرسیارە سادە و ساکارەکانی فەلسەفە
- خۆناسین «بۆ نموونە تۆ کێیت؟» بیرکردنەوە لە خودی خۆت.
- کەسانی دیکە «کێت خۆشدەوێت؟» بیرکردنەوە لە کەسانی دەوروبەر.

بابەتی فەلسەفی بۆ ئاستی **4** **تا** **6**
- پەیوەندیی مرۆڤایەتی، دادپەروەری، ڕەوایەتی، یەکسانی.
- پەیوەندی خود بە تاکێکی دیکەوە.
- هزرە سەرەتاییەکانی «بوون»

ئەم پرسیارانە، لە کتێبی 52 پرسیاردا، لە فێرگەی گوندی کەندەکەوە و گوندی دەلالان و قوتابخانەی قەلای دمدم (فێرگەکانی ژێر چادر لە کەرکووک) وەک پرۆژەیەک لە پاڵ وانەکانیاندا پیادەیان کردووە. ئەم نامانە تێبینی و سەرنجی مامۆستاکانی ئەو فێرگەیەیە، دەکرێت وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی، کە فەلسەفە بۆ منداڵان، پرۆگرامێکی کاریگەرە بۆ هۆشیارکردنەوەی منداڵ بخرێتە کار. هەروەها چەند نموونەیەک لە وەڵامی منداڵانی فێرگەی دەلالان نیشان دەدەین، تا بیسەلمێنێت، کە منداڵانی کوردستان دەتوانن لە پرۆژەیەکی وەهادا کاریان لەگەڵدا بکرێت و توانا هزرییەکانیان بهروژێنرێت.

مەبەستی ئەم پرسیارگەلە ئەوە نیە، کە منداڵان بکات بە فەیلەسووف، یان بە گەنجینەی زانیاری! بەڵکوو ئامانج ئەوەیە کە ئەنگێزە و خووی پرسیارکردنیان زیاتر بهەژێنێت. دەبێت منداڵان بەبۆچوونی خۆیان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، تەنها (گەر پێویست بوو) بە مەبەستی ڕوونکردنەوە کۆمەکیان بکرێت. مەرج نیە هەموو پرسیارەکان وەڵامیان هەبێت، ڕەنگە هەندێکیان پرسیار درووست بکەن!

بۆچی 52 پرسیار؟ 52 ژمارەی هەفتەکانی ساڵە و هەر هەفتەی پرسیارێک، تا کات لە ئەرکەکانی قوتابخانە نەگرێت و منداڵیش کاتی تەواوی هەبێت بۆ بیرکردنەوە لە پرسیارەکان. لەکۆتایی هەر پرسیارایکدا، لە کەوانەیەکدا نووسراوە (بنووسە / پرسیاربکە / وێنە بکێشە)، ڕەنگە بەیەکێ لەو سێ شێوازە، یان بەهەرسێ شێوازەکە منداڵ بتوانێت ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر پرسیارەکان، دەربڕێت.

هەر هەفتەی پرسیارێک

1) تۆ کێیت؟ تۆ چۆن دروست بوویت؟ (بنووسە / بپرسیە / وێنە بکێشە)
2) بە بڕوای تۆ، ژیان کەی دەستی پێکردووە؟ ئایا کۆتایی هەیە؟ (بنووسە / بپرسە)
3) بڕوا دەکەیت لە سەر ئەو ئەستێرە بەرزانەی ئاسمان ژیان هەبێت؟ گەر ژیان لەوێ هەبێت، دەبێت ئەو زیندەوەرانەی ئەوێ چۆن بن؟ (بنووسە / بپرسە / وێنە بکێشە)
4) بێنە بەرچاوت مرۆڤ وەک ڕووەک لە زەویدا بڕوێت. ئەو کاتە مرۆڤ چۆن دەبێت؟ (وێنە بکێشە / بنووسە / بپرسە)
5) ئایا تۆ جوانیت؟ ژیر و زیرەکیت؟ جوانی و زیرەکی چین؟ (بنووسە / بپرسە)
6) تۆ هەست دەکەیت؟ هەست بە چی دەکەیت؟ (بنووسە / وێنە بکێشە)

7) بڕوا دەکەیت خەڵکی دیکەش هەست بکەن؟ دەتوانی هەستەکانی خۆت و هەستەکانی ئەوان ببینیت؟ چۆن؟ (بنووسە / پرسیار بکە)

8) ئایا زیندەوەرەکانی دیکە (ئاژەڵ، مێروو، باڵندە، ماسی ...) هەستیان هەیە؟ هەست بە ئازار دەکەن، یان دڵیان تەنگ دەبێت؟ تۆ هیچ زیندەوەرێکت بینیوە ئازار بکێشێت؟ (بنووسە / بپرسە)

9) گەر تۆ بتوانیت خۆت بکەیت بە زیندەوەرێکی دیکە، خۆت دەکەیت بە چ زیندەوەرێک؟ بۆ؟ (بنووسە، وێنە بکێشە)

10) بڕوا دەکەیت، ڕوەک: درەخت و گوڵ و گیا، هەستیان هەبێت؟ چ گوڵێک لەلای تۆ جوانترین گوڵە؟ چ میوەیەک لە لای تۆ خۆشترین میوەیە؟ (بنووسە/ وێنە بکێشە / بپرسە)

11) ئایا تۆ بیر دەکەیتەوە؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟ (بنووسە)

12) ئایا مرۆڤ بە بیرکردنەوە خۆی دەناسێت، یان دەبێت خۆی بناسێت، بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە؟ (بنووسە / بپرسە)

13) ئایا تۆ حەز لە بیستنی گۆرانی و مۆسیقا دەکەیت؟ حەز لە وێنە کێشان دەکەیت؟ حەزت لە تەماشاکردنی پەیکەر هەیە؟ چوویت بۆ سەیری شانۆگەری؟ حەزت لە دانس و هەڵپەڕکێ هەیە؟

بە هەموو ئەو کارانە دەڵێن «هونەر» و بەو ئەو کەسانەی ئەو کارانە دەکەن دەڵێن «هونەرمەند». ئێستا دەزانی «هونەر» چیە؟ حەز دەکەیت ببیت بە «هونەرمەند»؟ (بنووسە / بپرسە)

14) حەزدەکەیت وەرزش بکەیت؟ چ وەرزشێک؟ ئایا دەزانی وەرزش بۆ لەشساخی پێویستە؟ چۆن دەزانیت لەشساخیت؟ ئایا لەشساخی خۆشە؟ (بنووسە / بپرسە)

15) گەر لەشساخبێت ، دەبێیت کار بکەیت؟ بۆ پێویستە کار بکەین؟ ئایا ئێمە دەژین بۆئەوەی کار بکەین، یان دەبێت کار بکەین بۆ ئەوەی بژین؟ (بنووسە/بپرسە)

16) گەر تۆ کەسێکی کەمئەندام بیت، چۆن کارەکانی ڕۆژانەت دەکەیت؟ گەر کەمئەندام نیت، ئایا بیر لە کەسانی کەمئەندام دەکەیتەوە چۆن ئەرکەکانی قوتابخانەیان جێبەجێ دەکەن؟ (بنووسە / بپرسە)

17) پێتخۆشە لە قوتابخانە دەخوێنیت؟ بۆ پێویستە لە قوتابخانە بخوێنین؟ (بنووسە / بپرسە)

18) کام وانەیەت لە هەموو وانەکانی دیکە لە لا خۆشترە؟ بۆ؟ (بنووسە)

19) بۆ دەبێت فێری ماتماتیک ببین؟ هەر بۆ ئەوەی بتوانین هەموو «شتێک» بژمێرین؟ ئەی دەزانیت ئەو «شتانە» چین کە ناتوانین بیانژمێرین؟ (بنووسە / بپرسە)

20) ئایا پێویستە فێری وانە زانیاریەکانی دیکە ببین؟ بۆ، کەڵکیان چیە؟ (بنووسە/بپرسە)

21) ئایا پێویستە جگە لە زمانی کوردی، فێری زمانی دیکە ببین؟ بۆ؟ جگە لە کوردی، تۆ چ زمانێکی دیکە دەزانیت؟ دەتوانیت بەو زمانە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیتەوە؟ (بنووسە)

22) دەزانیتساڵێک، چەند هەفتە، چەند ڕۆژ، چەند سەعات و چەند دەقیقەیە؟ تۆ تا ئێستا چەند دەقیقە ژیاویت؟ (بپرسە / بنووسە)

23) گەر مرۆڤێک تەنها 24 سەعات بژی، بە بڕوای تۆ چۆن کاتەکەی بەکار دەهێنێت؟ تۆ دەتوانی یارمەتی بدەیت و کاتەکانی بۆ ڕێک بخەیت؟ (بنووسە)

24) تۆ چۆن سەعاتەکانی ڕۆژێکی ژیانت بەکار دەهێنیت؟ بۆ نموونە لە سەعات 8 ی بەیانی بۆ سەعات 8 ی ئێوارە؟ (بنووسە)

25) دەزانیت دەبێت مرۆڤ لە شەو و ڕۆژێکدا 8 سەعات بخەوێت؟ تۆ چەند سەعات دەخەویت؟ بۆ دەبێت بخەوین؟ ئایا هەموو زیندەوەرێک پێویستی بە خەو هەیە؟ (بنووسە / بپرسە)

26) زۆربەی ئەو کاتانەی کە تێیدا خەوتووین، خەون دەبینین. تۆ خەون دەبینیت؟ دەتوانی خەونێکی خۆت بگێڕیتەوە؟ (بنووسە)

27) ئایا خەون پەیوەندی بە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەمانەوە هەیە؟ ئەو «شتە» ی لە ژیاندا ئاواتەخوازین، دەتوانین لە خەوندا بەدەستی بهێنین؟ تۆ خەونێکت بینیوە و هاتبێتە دی؟ (بپرسە / بنووسە)

28) بڕوا دەکەیت زیندەوەرەکانی دیکە خەون ببینن؟ دەبێت خەون بە چییەوە ببینن؟ دەتوانی خەونێکی خۆت، یان خەونێکی زیندەوەرێکی دیکە وێنە بکێشیت؟ (بپرسە / وێنە بکێشە)

29) هەوا، ئاو، خاک و وزە (ئاگر)، سەرچاوەی ژیانن. نابێت پیس بکرێن و زیادەڕۆیی بکرێت لە بەکارهێنانیاندا. بڕوا دەکەیت گەر یەکێک لەو سەرچاوانە نەمێنن ژیان بەردەوام بێت؟ بۆ؟ (بپرسە / بنووسە)

30) ژینگە، ئەو شوێن و دەوروبەرەی لێیدەژین، دەبێت ئاگاداربیین و پاک ڕایبگرین. بۆ؟ تۆ بەتەنگ ژینگەکەی خۆتەوە دێیت؟ چۆن؟ (بپرسە / بنووسە)

31) تۆ سروشتت لە لا جوانە؟ چیا و گرد، دەشت و دۆڵ، دارستان و بیابان، کامیانت لە لا جوانترە؟ بۆ؟ (وێنە بکێشە / بنووسە)

32) دەزانیت خۆشەویستی چیە؟ چۆنی پێناسە دەکەیت؟ تۆ کێت، یان چیت زۆر خۆشدەوێت؟ بۆ؟ (بنووسە / وێنە بکێشە)

33) ئایا تۆ هەموو کەسێکی، یان «شتێکی» خۆشەویستت لەلا جوانە؟ یان هەموو کەسێکی، یان «شتێکی» جوانت لە لا خۆشەویستە؟ بۆ؟ (بنووسە)

34) کەسانی دیکە (خوشک و براکەت، هاورێکەت) چۆن بزانن کە تۆ خۆشتدەوێن؟ ئایا پێویستە خۆشەویستی دەرببڕیت، یان هەر بە نهێنی بمێنێتەوە؟ بۆ؟ (بنووسە / بپرسە)

35) مرۆڤ لە سکی دایکیدا بە تەنهایە، کە دەخەوێت هەر بۆ خۆی دەخەوێت. کە نەخۆش دەبێت هەر بۆ خۆی نەخۆش دەبێت، کە دەشمرێت هەر بۆ خۆی دەمرێت. ئایا مرۆڤ تەنهایە یان هەمیشە لەگەڵ کەسانی دیکەدایە؟ (بنووسە / بپرسە)

36) تۆ هەندێ جار هەست بە تەنهایی دەکەیت؟ بۆ؟ بڕوا دەکەیت کەسانی دیکەش هەروەک تۆ، هەندێ جار هەست بەتەنهایی بکەن؟ (بنووسە / بپرسە)

37) بڕوا دەکەیت کەسانی دەوروبەرت هەمیشە، یان هەندێ جار لێت تێدەگەن؟ ئەی تۆ هەمیشە یان هەندێ جار لەوان دەگەیت؟ بۆ؟ (بنووسە / بپرسە)

38) هەندێ جار، بە هەندێ کاری مرۆڤ دەگوترێت هەڵە، چۆن دەزانین کارێک «دروستە» یان «هەڵە» یە؟ گەر کەسانی دەوروبەرت هەڵەیان کرد، ئاگاداریان دەکەیتەوە؟ ئەی تۆ حەز دەکەیت ئەوانیش تۆ لە هەڵەکانی خۆت ئاگادار بکەنەوە؟ بۆ؟ (بنووسە / بپرسە)

39) تۆ حەز دەکەیت، ئارەزووت لە هەر کارێک، یان هەر شتێکت بوو بیکەیت، بێ ئەوەی کەس ڕێگەت لێبگرێت؟ بۆ؟ بڕوا دەکەیت کەسانی دیکەش هەمان حەزیان هەبێت؟ (بنووسە / بپرسە)

40) گەر هەموو کەسێک، هەر کارێکی ویست، بەدڵی خۆی بیکات و هەر شتێکی ویست بە دڵی خۆی، بیبات، بە بڕوای تۆ چی ڕوو دەدات؟ ئایا ژیان ئاسانتر دەبێت، یان ئاڵۆزتر دەبێت؟ (بنووسە / بپرسە)

41) یاسا و ڕێسا، بەرنامە و پلانێکن، مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی ژیان و پەیوەندی نێوان تاکەکان و کاروباری ڕۆژانە، دایڕشتوون و نووسیونی، بڕوا دەکەیت گەر هەموو کەسێک پەیڕەوی ئەو یاسایانە بکات، ژیان خۆشتر یان ئاسانتر ببێت؟ بۆ؟ (بنووسە / بپرسە)

42) بەگوێرەی یاسا، دەبێت تۆ پەیڕەوی هەموو یاساکان بکەیت، ئەگەرنا، سزا دەدرێیت! چۆن دەزانیت ئەو کەسانەی، کە یاساکانیان داناوە، «هەڵە» نین؟ ئەی ئەگەر یاسایەکت بەدڵ نەبوو، هەر پەیڕەوی دەکەیت؟ بۆ؟

43) جلوبەرگ پۆشین. مافێکی تایبەتی تاکەکەسە، بەڵام هەر لەو ڕۆژەوەی لەدایک دەبین، خێزان، کلتور، دین، ڕیساکانی ناو کۆمەڵ، بڕیار دەدەن، ئێمە چ جۆرە جلوبەرگێک بپۆشین! ئایا ئێمە دەتوانین (لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکدا) ئەو جلوبەرگەی حەزمان لێیەتی، بیپۆشین؟ (بنووسە)

44) فەیلەسووفێک گوتویەتی: «دەبێت بەو شتەی کە دەیخۆیت». ئایا تۆ پێش ئەوەی خواردنێک بخۆیت، بیرلە خواردنەکە دەکەیتەوە؟ ئایا گەر تۆ، سێویک یان گۆشتی ماسی و بەرخ و مریشک بخۆیت، ئیدی دەبێت بەوانە؟ (بنووسە، بپرسە)

45) هەموو مرۆڤێک شیاوی ئەوەیە ڕێزی لێ بگیرێت! بەڵام (لە هەندێ کات و هەندێ شوێندا) هەندێ کەس بەهۆی (دەسەڵات، دەوڵەمەندی، پلەی زانستی و ڕۆشنبیری و هونەری و ڕووخسار) یانەوە، ڕێزی زۆرتریان لێ دەگیرێت. ئایا تۆ ڕێز لە خودی مرۆڤەکان دەگریت، یان لە پلەوپایەیان؟ بۆ؟ (بنووسە)

46) بە، شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، پەخشان و دراما،... دەگوترێت ئەدەب. زۆرکەس بڕوایان وایە کە ئەدەب، ژیان جوانتر دەکات! تۆ دەڵێیت چی؟ بێنەبەر چاوت، گەر ئەوانە هیچیان نەبوونایە، ئایا ئەوکاتە ژیان چۆن دەبوو؟ ئایا تۆ کام لەو بابەتانەی ئەدەب دەخوێنیتەوە؟ بۆ؟ (بپرسە / بنووسە)

47) بۆ دەبێت منداڵ بەقسەی دایک و باوک و مامۆستا و کەسانی لەخۆی گەورەتر، بکات؟ ئەی ئەگەر ئەو گەورانە «هەڵە» بن، هەر دەبێت بە قسەیان بکات؟ ئایا دەبێت منداڵ بەقسەی کەسێکی گەورە بکات کە نەیناسێت؟ بۆ؟ ئایا تۆ تەنها بە قسەی ئەو کەسانە دەکەیت کە دەیانناسیت؟ بۆ؟ (بنووسە)

48) کاتێک کە داوات لێدەکەن، کارێک بکەیت، یان ئەرکێک جێبەجێ بکەیت، لەبەر چی ئەو کارە، یان ئەو ئەرکە، جێبەجێ دەکەیت:

- لەبەر ئەوەی بڕوات بەو کارە یان ئەرکە هەیە؟
- لەبەر ئەوەی کەسێکی لە خۆت گەورەتر داوای لێکردوویت؟
- لەبەر ئەوەی یاسا بڕیاری داوە؟
- لەبەر ئەوەی ئەو کارە، یان ئەرکە خۆشە؟
- لەبەر ئەوەی لەوە دەترسیت گەر ئەو کارە یان ئەرکە جێبەجێ نەکەیت سزا بدرێیت؟ (بنووسە)

49) ئایا پێویستە یارمەتی کەسانی دیکە بدەین؟ بۆ؟ ئایا دەبێت تەنها یارمەتی ئەو کاسانە بدەین کە دەیانناسین، یان یارمەتی هەر کەسێک کە پێویستی بە یارمەتی هەبێت؟ (بنووسە / بپرسە)

50) کاتێک کە یارمەتی کەسێک دەدەین، ئایا ئەو کارە بۆ ئەوە دەکەین تا دڵی خۆمان خۆش بکەین، یان دڵی ئەو کەسە خۆش بکەین؟ (بنووسە)

51) بڕوا دەکەیت، مرۆڤ و زیندەوەر و ڕوەک و سروشت و کەون، هەر لە خۆوە دروست بووبن؟ یان خودا دروستی کردوون؟ (بنووسە / بپرسە)

52) بڕوا دەکەیت، ئەگەر پرسیارکردن نەبوایە، ژیان ئاسانتر دەبوو، یان ئاڵۆزتر؟ (بنووسە)

ئەمانە تەنها چەند نموونەیەکن، مامۆستا دەتوانێت، خۆی بابەتی هاوشێوە، پەیدا بکات و بەکاریان بهێنێت.



فێرگەی قەڵای دمدم - فێرگەکانی ژێر چادر لە کەرکووک 15-3-2006

وەڵامی بەهمەن عوبێد ئەحمەد، پۆلی پێنجەم، یەکێک لە فێرخوازانی فێرگەی قەڵای دمدم (فێرگەکانی ژێر چادر لە کەرکووک) بۆ کتێبی 52 پرسیار.

**ئەمە** چەند وەڵامێکی بەهمەنە، ژمارەی ئەو پرسیارانەم داناوە کە وەڵامی داونەتەوە، بەڵام کەمێک ڕێنووسکەی بەهمەنم گۆڕیوە، دەنا وەڵامەکانی وەک خۆی نووسراونەتەوە!

من ناوم بەهمەن عوبێد ئەحمەد بەکر، دانیشتوی کەرکووکم، لە خوێندنگەی سەرەتایی قەڵای دمدم.

1- پەروەردگار منداڵی بڕواداری دروست کردووە، ئینجا باوک و دایک دەبنە هۆی دروستبوونی منداڵ.
2- کەس نازانێت ژیان کەی دەستی پێکردووە و کەس نازانانێت کەی دەمرێت و کەی کۆتایی دێت! ئێوە دەزانن کەی کۆتایی دێت؟
3- لەسەر ئەو ئەستێرە بەرزانەی ئاسمان ژیان نییە! چونکە لەوی هەوا نییە، مرۆڤ ناتوانێت بەبێ هەوا بژی، بەڵام لەسەر ئەو ئەستێرە بەرزانە لاپاڵ و چیا و دەشت و دۆڵ هەیە.
4- ئەگەر مرۆڤ وەک ڕوەک وا بێت، هەموو ساڵێک زیندوو دەبێتەوە؛ بەڵام ژیانی مرۆڤ یەکجارە. مردوو لەو دنیا زیندوو دەبێتەوە؛ بەڵام ڕووەک هەموو ساڵێک زیندوو دەبێتەوە.
6- بەڵێ من هەست دەکەم. هەست بە خۆشی و ناخۆشی دەکەم. هەست بە بوونی ژیانیش دەکەم.
7- بەڵێ خەڵکی دیکەش هەست دەکەن، وەک حاڵەتی، بینین و بیستن و دەست لێخشاندن و هەست بە شتی تریش دەکەن. بەڵام هەستی کەسانی تر زۆر بەدەگمەن هەستی پێدەکەین، چونکە، هەرکەسە لە دڵی خۆیدا هەستی جیاوازی هەیە.
8- بەڵێ گشت زیندەوەران هەستیان هەیە و هەست بە ئازار دەکەن و دڵیشیان تەنگ دەبێت. تەنانەت ڕوەکیش هەست بە ئازار دەکات. ئەگەر ڕوەکێک لە قەدەکەیەوە ببڕی وشک دەبێت.
9- من ئەگەر بمتوانیایە خۆم بکەم بە زیندەوەرێکی دیکە، خۆم دەکرد بە ماسی!
10- نەخێر ڕوەک هەستی نییە؛ بەس زیندەوەران هەستیان هەیە. (*ئەمە پێچەوانەی وەڵامی پرسیاری هەشتەمە!*) هەستی مرۆڤیش وەک بیستن و بینین و دەست لێخشاندن.

11- بەڵێ من بیردەکەمەوە. بیر لە تەواوکردنی خوێندن دەکەمەوە. بیر لە ژیانی خۆم دەکەمەوە، کە ژیانێکی سەیر و سەرسوڕمان هەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، جۆری ژیان و بیری خەڵک دەگۆڕێت. من وەک خۆم، بەهمەن، دەڵێم ئایا چۆن هەرکەسە دەنگێکی جیاوازی هەیە و چۆن دروستبوون؟ بیر لە زۆرترین شتی دونیا دەکەمەوە، کە خوای گەورە بە جوانترین شێوە دروستی کردوون.

12- بەڵێ مرۆڤ بە بیرکردنەوە خۆی دەناسێت. وەک ئەوەی بیر لە شتێکی خۆی دەکاتەوە و دەڵێت: بڵێیت بێتەدی، یان نا؟

13- بەڵێ حەز لە بیستنی مۆسیقا دەکەم، بەتایبەتی کەمان. حەز لە وێنەکێشان دەکەم. نەخێر پەیکەرم نەدیوە. سەیری شانۆم کردوە. حەز لە دانس ناکەم، چونکە لەناو کوردەواری ئێمەدا دانس و ڕاقیسە، عەیبە(!) لە کوردەواریدا، هەڵپەڕکێ هەیە و لە ڕاستیدا حەزی لێدەکەم.

15- هەر کەسێک لەشساخ بێت دەبێت کار بکات. بەڵێ ئێمە دەژین بۆ ئەوەی کار بکەین، هەر کەس کار نەکات ناژی.

26- بەڵێ خەون بە دنیای سەیرەوە دەبینم. لە خەونمدا مردبووم.

27- هەندێک دەڵین پەیوەندی پێوە هەیە و هەندێک دەڵێن پەیوەندی پێوە نییە. زۆر کەم خەونم بینیوە هاتبێتە دی.

28- لەوانەیە هەموو زیندەوەرێک خەون ببینێت، بەڵام من نەمبیستووە، کە خەون بە ژیانی ڕۆژانەی خۆیەوە ببینێت.

32- بەڵێ خۆشەویستی هەموو کەسێک کۆ دەکاتەوە. خۆشەویستی ئەوەیە کە هەموومان ئەوین کۆمان بکاتەوە. بارانی سۆز و مەحیبەت و جوانی بەسەرماندا بپرژێنێت. من هەمووکەسێکم خۆشدەوێت، ڕقم لەکەس نییە.

36- هەموو کەس لە ناخی خۆیدا هەست بە تەنهایی دەکات.

39- هەمووکەس هەستی چاکە و خراپەیان هەیە.

42- ئەگەر یاسایەکم بەدڵ نەبوو، قەت پەیڕەوی ناکەم.

52- بە بڕوای من گەر پرسیارکردن نەبوایە، ژیان ئاڵۆزتر دەبوو؛ چونکە هەتا بپرسین شتی زیاتر فێر دەبین. گەر پرسیارکردن نەبوایە فێری هیچ نەدەبووین.




لە وەڵامەکاندا دەردەکەوێت، کە ناخی منداڵێکی ئاسایی زۆر قوڵتر و پڕنهێنی ترە لەوەی زۆر لە گەورەسالان، بەتایبەتی مامۆستاکانیان و خێزانیان تێیگەیشتوون. نهێنی فەلسەفە بۆ منداڵان، لە پرسیارگەلێکی لەم بابەتە بەدیار دەکەوێت.

**ڕاپۆرتی فێرگەی دەڵاڵان دەربارەی کتێبی 52 پرسیاری فەلسەفی**

بەڕێز کاک کەریم مستەفا

دوابەدوای گەیشتنی کتێبی «52 پرسیاری فەلسەفی بۆ منداڵان»، ماوەیەک لە قوتابخانەکەماندا، «قوتابخانەی دەڵاڵانی بنەڕەتی» لەگەڵ مامۆستایانی هاوکارام، تاوتوێمان کرد. دەرفەتمان بۆ ڕەخسا لە پۆلی چوارەم (بنەڕەتی) بۆ ماوەی سێ مانگ، ئەم وانەیەم گوتەوە. هەستمان کرد، کە قوتابیان بیریان زۆر فرەوان بووە، توانای بیرکردنەوەیان چۆتە ئاستێکی بەرزتر و زۆر یارمەتیدەریش بوو بۆ تێگەیشتنیان لە بابەت و وانە زانیستەکانی دیکە. سەرەڕای ئەوە هۆکاریش بوو بۆ ئارام بوونەوەی قوتابیان و هەڵسوکەوتیان گۆڕا و دواتر بە دیقەت و وردبوونەوە، لە شتەکانی دەوروبەریان دەڕوانی.

لە دیداری گەشەدا (دیداری گەشە، دیدارێکە لە ساڵدا دوو جار بە ئامادەبوونی خێزانی هەر قوتابییەک و قوتابییەکە خۆیی و مامۆستاکەی، سێ قۆڵی، ساز دەدرێت) خێزانی قوتابیان ئەم هەوڵەیان بەرز دەنرخاند، بۆیە ئێمەش هەوڵماندا ئەم بابەتە ببەینە دەرەوەی قوتابخانەش. ئەوەبوو لە چەند محازەرەیەکدا، لەگەڵ خوێنکارانی مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە، بەشی زانستەکان لە 2008/4/15 بۆ ماوەی 3 سەعات. لە بەشی زارۆخانە دوو جار، جاری یەکەم لە 2007/5/25 بۆ ماوەی 2 سەعات و جاری دووەم لە 2008/7/20 بۆ ماوەی 3 سەعات، لە بەشی زمانی کوردی، لە 2008/7/17 بۆ ماوەی 3 سەعات. باسی ئەم کتێبە و بابەتەکانیمان بۆ خوێندکارانی ئەو بەشانە کرد. ئەمە بۆ ڕاهێنانی ئەو خوێندکارانە بوو کە دەبنە مامۆستایانی ئایندە، تا کاتێک بوون بە مامۆستا بتوانن بەدوای ئەم زانستەدا بگەڕێن و لەو قوتابخانانەی کاری تێدا دەکەن، پراکتێکی بکەن. ئێستا بەشێکی ئەو خوێندکارانە بوونەتە مامۆستا و داوای کتێبی 52 پرسیار دەکەن

لە قوتابخانەکەماندا (لە دەڵاڵان) لە 2008/1/25 تا 2008/4/30 هەر هەفتەی وانەیەکی 50 خولەکی لەو کتێبە گوتراوەتەوە. ئەوەی جێگەی نیگەرانیە، سەپاندنی مەنهەجی زۆر، کەمی مامۆستا لە قوتابخانەکەماندا و کەمی کاتی قوتابیان، دەرفەتی ئەوەی نەدا، کە بتوانم بەردەوام بم. هەروەها کەمتەرخەمی لە نووسینی ڕاپۆرت و ناردنی نووسراو و وێنەکانی منداڵانی بەشداربوو، بۆ تۆی بەڕێز، بەشێکیشیان لە نەزانینەوە بووە، کە نەمان توانیبێت گشت چالاکی و وانەکان بە ڕاپۆرت و دیکۆمێنتەوە بنێرین بۆتان.

بەهیوای ئەوەی ئەم هەوڵە جوانەی تۆ ببێتە مەنهەج لە سیستەمی فێرکاری لەکوردستاندا.



سابیر سەلیم
بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەڵاڵان
2009/2/26 ڕانیە

مامۆستا سەجاد، مامۆستای پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە فێرگەی دەڵاڵان، کارێکی زۆری لەسەر کتێبی 52 پرسیار کردووە. کتێبەکەی وەک بابەتی وانەی فەلسەفەی بۆ چالاککردنی پرۆسەی بیرکردنەوەی فێرخوازەکانی، بەکارهێناوە. چەند پرسیارێکی لێ هەڵبژاردووە، فێرخوازەکانیش، هەر هەفتەی کاریان لەسەر پرسیارێک کردووە..
ئەمە چەند نموونەیەکە لە وەڵامی فێرخوازەکان. ئەم وەڵامانە لە پۆلدا و لەکاتی وانەکەدا نووسراون.



مامۆستا سەجاد، قوتابخانەی دەڵاڵان / ڕانیە

- پ 1: له سکی دایکمەوە هاتووم.
- پ 2: بۆ پێشخستنی ژیان و مرۆڤایەتی هاتووم.
- پ 3: دەمرم و دەچمە بەر بارەگای خودا.

شکۆ باوەڕ، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، قوتابخانەی دەڵاڵان. 2009

- پرسیار: له کوێوە هاتووین؟
- وەڵام: بە بڕوای خۆم، من لە دایک و باوکمەوە هاتووم. .
- پرسیار: بۆکوێ دەڕۆین؟
- وەڵام: هەر کەسە و ژیانی بەرەو شوێنێک دەڕوات و هەر مرۆڤە و بە بیروڕای خۆی بۆ شوێنێک دەڕوات، بەڵام من لە ژیان بەردەوام دەبم و لە کۆتاییشدا دەگەڕێمەوە بۆ باوەشی سروشت.



لارا جەعفەر پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، قوتابخانەی دەڵاڵان، 2009

- پرسیار: لەکوێوە هاتویت ؟
- وەڵام: لە خاک ڕا هاتووین.
- پرسیار: بۆچی هاتووین؟

- وەڵام: بۆ تەبایی و برایەتی و یەکسانی و کۆمەڵگەیەکی یەکسان هاتووین.
- پرسیار: بۆ کوێ دەچین؟
- وەڵام: بۆ دنیای ژین، ژینی ئینسانی.

هێڤین حەمەد باییز، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، قوتابخانەی دەڵاڵان. 2009



لەنیا ئیبراهیم، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، قوتابخانەی دەڵاڵان، 2009

- پرسیار: لە کوێوە هاتویت؟
- وەڵام: لەو زەویەدا چۆن ئەو هەموو زیندەوەرە هەیە منیش هەم. هەست دەکەم
- دایکم و باوکم منیان دروست کردووە، بەڵام باوەڕیشم وایە هەموو ئەو شتانەی هەنە هێزێک دروستی کردوون ئەویش «خوایە».
- پرسیار: بۆچی هاتویت؟
- وەڵام: بۆ ئەوە هاتووم کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکەم و لە ئایندەدا ببم بە کەسێکی باش!
- پرسیار: بۆ کوێ دەچی؟
- وەڵام: باوەڕم بەوە هەیە کە ڕۆژێک دادێت دنیا بەجێ دەهێڵم، بەڵام ئەگەر کەسێکی باش بم ئەوا لەو دونیای کەش ئاسوودە دەبم.

### بابەتەکانی فەلسەفە بۆ ئاستی 7 تا 9

- تێگەیشتن لە ئازادی
- ناسینی ڕێبازەکانی فەلسەفە
- ڕامان و بیرکردنەوە
- گرێدانی هزری فەلسەفی بە ژیانی ڕۆژانەوە
- بینینی بابەتەکان لە ڕەهەندی جیاوازەوە
- فێربوونی دیالۆگ
- بەڵگە هێنانەوە و سەلماندنی بیروبۆچوون
- تێگەیشتنی لە بەها و نۆرم
- ئەرک و ماف

### ئەرکی مامۆستا لە گوتنەوەی وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان لە پۆلەکانی 7 تا 9 دا

وانەی فەلسەفە، لەم بەشەقۆناخەدا دەبێت ببێتە وانەیەکی هەفتانە، لایەنی کەم 2 وانە لە هەفتەدا. بۆ ئەم ئاستانە چەند چیرۆکیکی فەلسەفەئامێز ئامادەکراون، مامۆستا / وانەبێژ، دەتوانێت وەک کەرەستە و بابەتی وانەکە بەکاریان بهێنێت. هەمان کات مامۆستا دەتوانێت فلیمی تایبەت، یان فەلسەفەئامێز وەک فیلمەکانی: «ماتریکس»، «میستەر نۆ بۆدی»، «فۆر ئێلیمەنتس» و فیلمی دیکە یان ڕووداى کۆمەڵایەتی، ڕۆژانە.

بۆ گوتنەوەی وانەی فەلسەفە، مامۆستا/ وانەبێژ، دەبێت ئەم هەنگاوانە هەڵبێنێت:

- چیرۆک بخوێنێتەوە و تێبینیەکانی خۆی تۆمار بکات.
- پرسیارەکانی دوای هەر چیرۆکێک بخوێنێتەوە.
- خۆی هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بدات، بۆ خۆی.
- گەر دوای خوێندنەوەی تێکستەکە پرسیاری لە لا دروست بوو، ئەوا دەبێت لە لای خۆی تۆماری بکات و لە کاتی پێویستدا وەک پرسیاری لاوەکی بیکات.
- بێ لایەنانە (نۆیترال) لە چیرۆکەکان بڕوانێت و بە هیچ شێوەیەک خۆی نەکات بە بەشێک لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکان، یان لە وەڵامەکان.

- به هیچ شێوەیەک وەڵامی هیچ پرسیارێک لە پرسیارەکانی تێکستەکە، بۆ خوێندکاران نەداتەوە.
- هیچ پرسیارێکی خوێندکاران (لە سوورِی پرسیار کردندا) رِەت نەکاتەوە.

**شێوازی گوتنەوەی وانەکە**

خوێندکاران دەبێت بە شێوەی بازنەیی لە پۆلدا دابنیشن، تا گشت چاویان لە رِوخساری یەکدی بێت. ئەم شێوازە زۆر گرنگە، بە تایبەتی لە کاتی گفتوگۆ و راگۆرِینەوەدا. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی رِووبەری پۆلەکان و زۆری ژمارەی خوێندکاران دەکرێ مێزەکان (رِەحلەکان) رِوو وەرگێرِن بە چواردیواری ژورەکەدا، واتە خوێندکاران لەسەر مێزەکان دابنیشن و پێ بخەنە سەر کورسیەکان، بەڵام دەبێت گشتیان رِوو لە یەکدی بن.

دەبێت مامۆستاش/ وانە بێژ لە بازنەکەدا بێت.



کەریم مستەفا، لەکاتی گوتنەوەی وانەی فەلسەفە، لە فێرگەی دەلالان، بەهاری 2010

**کەرەستەی پێویست.**

گەر خوێندکاران کتێبی تایبەت بەم وانەیان نەبوو (واتە هەرکەس کتێبی خۆی نەبوو) ئەوا دەبێت، مامۆستا هێندەی ژمارەی خوێندکارەکان، چیرۆکەکە و پرسیارەکان کۆپی بکات و بە سەریاندا دابەش بکات.

دەبێت خوێندکاران دەفتەرێکی تایبەت بۆ وانەکە تەرخان بکەن بۆ تۆمارکردنی تێبینییەکانیان دوای خوێندنەوەی چیرۆک و پرسیارەکان و وەڵامدانەوەی ئەو ئەرک و پرسیارانەی کە لە دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکان هەڵدەهێنجرێن و چڕ دەکرێنەوە.

**هەر وانەیەک بە 3 قۆناخ دەگوترێتەوە (هەر چیرۆکێک 3 سەعات / 3 وانەی دەوێت.)**

**قۆناخی یەکەم:** کاتی پێویست بۆ هەر وانەیەک (45 دەقیقەیە)

- 3 تا 4 دەقیقە بۆ سازکردنی مێزەکان (ڕەحلەکان) و دابەشکردنی کۆپی تێکستەکان، بەسەر خوێندکاراندا.
  - خوێندنەوەی چیرۆکی هەر وانەیەک لە 3 بۆ 5 دەقیقە دەخایەنێت.
  - پشویەک بۆ بیرکردنەوە لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە 2 تا 3 دەقیقە. (لەم کاتەدا دەبێت خوێندکاران بە تەواوی بێ دەنگ بن و بیر لە چیرۆکەکە بکەنەوە)
  - سووڕی پرسیاری خوێندکارن 7 تا 10 دەقیقە. پرسیارکردن بە نۆرە.

لە کاتی پرسیارکردنی خوێندکاراندا مامۆستا - وانەبێژ پرسیارەکان لەسەر تەختە دەنووسێتەوە و ناوی کەسی خاوەن پرسیاریشی لە پاڵدا دەنووسێت. گەر خوێندکارێک پرسیاری نەبوو، یان نەیویست کۆمێنتارێک/ شتێک، بڵێت، مامۆستا - وانەبێژ، دەبێت بەسەریدا تێپەڕێت و لە کەسی دوای ئەو بپرسێت، بەڵام گرنگە مامۆستا - وانەبێژ، تێبینی بکات، کە ئەو خوێندکارەی لەم وانەیەدا بەشدار نەبووە، دەبێت لە وانەی، یان وانەکانی داهاتوودا بەشداری بکات، هەروەها دەبێت خوێندکاران لەم ماوەیەدا ئاگایان لەسەر تەختە بێت و پرسیارەکان لای خۆیان تۆمار بکەن. لەوانەیە لە پۆلێکی 25 کەسیدا، 10 تا 15 خوێندکار لە وانەیەکدا چالاک بن.

- مامۆستا - وانەبێژ، نابێت هیچ پرسیارێک ڕەت بکاتەوە.
- پشوویەکی 2 تا 3 دقیقە، بۆ تێڕامان لە پرسیارەکان.
- چڕکردنەوەی پرسیارەکان بۆ 3 تا 5 پرسیار (لە 3 پرسیار کەمتر نەبێت و لە 5 پرسیار زۆرتر نەبێت) واتا هەڵبژاردنی ئەو پرسیارانەی کە بەڕای زۆرینە گرنگترن. ماوەی 5 دەقیقەش بۆ ئەم کارە دابنێن.
- ماوەی 10 دەقیقە بۆ گفتوگۆ و تێبینی خوێندکاران لە مەڕ پرسیارەکانی خۆیان تەرخان بکەن. (واتە هەریەکێ لەو کەسانەی پرسیاریان کردووە، دەتوانن زیاتر ڕوونی بکەنەوە، کە مەبەستیان لە پرسیارەکە چیە)
- 5 دەقیقەی کۆتایی، بۆ پێدانی ڕاهێنان بۆ ماڵەوە و ڕێکخستنەوەی ڕەحلەکان.

**ڕاهێنان بۆ ماڵەوە**

لە کۆتایی هەر وانەیەکدا، ڕاهێنان بدە بە خوێندکاران تا لە ماڵەوە تەواوی بکەن.

- تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆیان لەمەڕ چیرۆکەکە بە چەند دێڕێک بنووسن 5 تا 10 دێڕ زیاتر نەبێت.
- وەڵامی سێ پرسیار بدەنەوە.
- زانیاری دەربارەی فەلسەفە بە گشتی و ئەو فەیلەسووفەی/ فەیلەسووفانەی لە وانەکەدا ناوی/ ناویان دێت و چ کتێب و نووسراوێکی هەیە/ هەیانە، کۆ بکەنەوە و تۆماری بکەن.

**قۆناخی دووەم:** تەواوکردنی وانەکان

- لە قۆناغی یەکەمدا بەو شێوەیەی کە ڕوون کرایەوە، وانەکە دەگوترێتەوە و ڕاهێنان دەدرێت بە خوێندکاران.
- لە وانەی دووەمدا، بە هەمان شێوەی وانەی یەکەم، 5 دەقیقەی سەرەتای وانەکە بۆ ڕێکخستنی مێزەکان بە شێوەی بازنەیی تەرخان دەکرێت، تا خوێندکاران ڕوخساری یەکدی ببینن. لەم ماوەیەدا مامۆستا / وانەبێژ، ڕاهێنانی ماڵەوە، بەسەر دەکاتەوە.

- ماموستا/ وانەبێژ، ماوەی 10 دەقیقە بۆ پێداچوونەوە و بیرهێنانەوەی چیرۆکی وانەی پێشوو، هەروەها ئەو پرسیارانەی دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکە کراون و 3 یان 5 پرسیارە هەڵبژێردراوەکە، بەکار دەهێنێ.
  - 2 تا 3 دەقیقە پشوو، بە بێدەنگی بیرکردنەوە لە چیرۆکەکە و لە پرسیارەکان.
  - 15 دقیقە بۆ ڕاڤەکردنی پرسیارەکان (3 یان 5 پرسیارەکە) تەرخان دەکرێت.

سەرەتا با خوێندکاران بە خواستی خۆیان بەشداربن لە گفتوگۆکاندا، گەر کەس دەستپێشخەری نەکرد، ماموستا بەپێی لیستی ناوەکان داوا لە خوێندکاران دەکات تا لە گفتوگۆ و وەڵامی پرسیارەکاندا بەشدار بن. دیسان گەر خوێندکارێک نەیویست لە وەڵام و گفتوگۆدا بەشدار بێت، با ماموستا بەسەریدا تێپەڕێت، بەڵام زۆر گرنگە کە ماموستا تێبینی ئەو خوێندکارە بکات و لە وانەکانی داهاتوودا بەشداری پێبکات. بۆیە دەبێت، ناوی ئەو کەسانەی لە هەر وانەیەکدا بەشداری دەکەن و چالاکن، لە لای خۆی تۆمار بکات.

- 5 تا 7 دەقیقە بۆ خوێندکاران تا باسی ئەو زانیارییە بکەن کە دەربارەی فەیلەسووف یان فەیلەسووفەکانی پەیوەندیدار بە چیرۆکەکەوە، پەیدایان کردووە.
- 5 دەقیقەقە بۆ دابەش کردنی ئەو لیستەیەی ماموستا خۆی ئامادەی کردووە، دەربارەی ژیان و کتێب و نووسراوەکانی فەیلەسووفەکە / فەیلەسووفەکانی کە لە وانەکەدا ناوی / ناویان هاتووە.

**قۆناخی سێیەم:** مێژوو

کۆتایی هەر وانەیەک بە کورتەیەک لە مێژووی فەیلەسووفەکە / فەیلەسووفەکان کۆتایی دێت. کورتەیەک لە خاڵە گرنگ و سەرەکییەکانی فەلسەفەکەی/ فەلسەفیەکەیان و زانیارییەکی کورتیش لەسەر ژیانی/ ژیانیان.

(ماموستا دەتوانێت زانیاری زۆرتر لەسەر مێژووی فەیلەسووفەکە / فەیلەسووفەکان، بۆ ئەم قۆناغە پەیدا بکات).

## زانیاری زیاتر

- زانیاری زیاتر دەربارەی فەیلەسووفە کە، لیستیک لە بەرهەمە نووسراوەکانی، کتێبەکانی (بە کوردی) لەگەڵ ناوی ئەو دەزگایەی کتێبەکەی چاپ کردووە، یان ناوی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی بابەتیان لەسەر ئەو فەیلەسووفە نووسیوە، یان تەرجەمە کردووە. پەیدا بکە و بیدە بە خوێندکاران.
- گەر بتوانیت وێنەی ئەو فەیلەسووفەی / فەیلەسووفانەی کە بیرۆکەی چیرۆکەکەی لێ وەرگیراوە، لەگەڵ کتێبێکیدا / کتێبێکیاندا، پەیدا بکەیت و لە پۆلدا لە کاتی گوتنەوەی وانەکەدا، نیشانی خوێندکارانی بدەیت. ئەم شێوازە، یارمەتی خوێندکاران دەدات تا لە بیر و بۆچوونی فەیلەسووفەکە / فەیلەسووفەکان زیاتر نزیک ببنەوە.

## پرسیار

لەگەڵ هەر چیرۆکێکدا 10 پرسیار داڕێژراوە بۆ زیاتر ڕۆشنایی خستنە سەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکە و وروژاندنی پرسی دیکە. (ئەم پرسیارانە نابنە ڕێگر لە بەردەم پرسیاری خوێندکاراندا. واتە دەبێت هەنگاوی سوڕی پرسیارکردن لە دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکە، پیادە بکەن.)

## تێبینی بۆ مامۆستا

لەژێر ئەم بڕگەیەدا، ئاماژەی ئەو بیر و ڕێبازە فەلسەفیە کراوە، کە بیرۆکەی وانەکەی لێ وەرگیراوە.

## کلتور و کتێبی پەیوەندیدار

کلتور: هەر بابەتێکی دیکە، کە پەیوەندی بە باسەکەوە هەبێت.

کتێبی پەیوەندیدار: لە کۆتایی کتێبەکەدا لیستێک بەناوی ئەو کتێب، گۆڤار، یان گوتارانە هەیە. کە لەو تێڕوانینە فەلسەفیانەوە نزیک بێت، یان بە شێوەیەک پەیوەندییەکی بەو باسەوە هەبێت.

مەبەست لە کتێبی پەیوەندیدار، هەر کتێبێکە بە زمانی کوردی چاپ کرابێ دەربارەی فەلسەفە بەگشتی و ئەو بابەتە فەلسەفیەی چیرۆکەکەی لەسەر دارێژراوە، یان بە شێوەیەک باسی ئەو فەیلەسووفەی کردووە، کە ئایدیای چیرۆکەکەی لێ وەرگیراوە.

ئەم کۆمەڵە چیرۆک و پرسیارانە، دەکرێت وەک کەرەستەی گوتنەوەی وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان، لە پۆلەکانی 6 تا 9 بەکار بهێنرێت.

## چیرۆک

### گوڵفرۆشی

نازدار و خونچە، هاوڕێ و هاوپۆل بوون، دوای نیوەڕۆیەک لە فێرگەوە بەرەو ماڵەوە دەگەڕانەوە، دیتیان یەکێک لە دوکانەکانی نزیک فێرگەکەیان، بووە بە دوکانی گوڵفرۆشی.

نازدار بە خونچەی گوت: وەرە با بچین سەیری گوڵ بکەین، ئەها لەسەر تابلۆی ئەو دوکانە نووسراوە گوڵفرۆشی.

خونچە گوتی: نازدار، من زۆرم حەز لە گوڵە، بەڵام ئەوە هەر وێنە و پۆستەرە بە جامخانەکەدا هەڵواسراوە و هیچ گوڵ نابینم.

نازدار گوتی: با بچینە ژووری، ڕەنگە جوانترین و بۆنخۆشترین گوڵیان هەبێ

خونچە هیچی نەگوت. بەجووتە چوونە ناو دوکانەکە. هەر هێندەی چوونە ناو دوکانەکە، دوکاندارەکە بە ڕوویەکی خۆشەوە بەرەو پیریان هات و گوتی: فەرموون خانمە خنجیلانەکان، چیتان دەوێت تا بۆتانی جێبەجی بکەین؟

نازدار و خونچە لە یەک ساتدا بیریان لەوە کردەوە، کە ئەم دوکاندارە زۆر بەڕێزەوە لەگەڵیان دەپەیڤێ. دیسان بیریان بۆ ئەوە چوو، ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت کە ئێرە دوکانی گوڵفرۆشییە و ئەو کەسەشی لێرە کار دەکات، دەبێت شێوازی ئاخافتنی وەک گوڵ بێت!

نازدار گوتی: ئێمە هاتووین سەیری گوڵ بکەین.

خونچە بە نازداری گوت: نازدار، خۆ یەک تاقە گوڵیش چیە لەم دوکانەدا نیە، تەنها وێنە و پۆستەری گوڵیان هەڵواسیوە.

دوکاندارەکە گوتی: خونچەکان ...

خونچە قسەکەی پێبڕی و گوتی: تەنها من ناوم خونچەیە، هاوڕێکەم ناوی نازدارە. بەڵام تۆ چۆن زانیت من ناوم خونچەیە؟

دوکاندارەکە گوتی: ببورە، من نەمزانیوە تۆ ناوت خونچەیە، بەڵکوو من ویستم بە زمانی گوڵ لەگەڵتاندا بدوێم. بەو زمانەش، بە گوڵێک کە هێشتا نەپشکوتبێت و پەڕەکانی پەخشان نەکردبێتەوە، دەڵێن خونچە...

نازدار گفتوگۆکەی پێبڕین و گوتی: ببورە، ئەی بۆچی گوڵتان نیە؟ تەنها وێنەی گوڵتان هەڵواسیوە. ئایا ئێرە پێشانگای گوڵە، یان وەک لەسەر تابلۆی دوکانەکە نووسراوە گوڵفرۆشییە؟

دوکاندارەکە گوتی: بەڵێ گوڵ فرۆشییە، بەڵام گوڵەکان لە باخێکی دوورن. ئەم وێنانەی ئێوە دەیانبینن، وێنەی گوڵە ڕاستیەکانن. هەرکەسێک حەزی لە هەر جۆرێکی گوڵ بێت، بەپێی وێنەکان هەڵیان دەبژێرێت و...

خونچە خۆی پێنەگیرا و گوتی: بەڵام ئێرە بۆنێکی خۆشی لێدێت، لە بۆنی گوڵ دەچێت!

کابرای دوکاندار گوتی: بەڵێ ئەوە بۆنی گوڵاوە. دیارە کاتێک گوڵەکان لە جێگەیەکی دوور بن، بۆنەکەشیان ناگاتە ئێرە، بۆیە لێرە گوڵاو دەرژێنین. گوڵاو و وێنەی گوڵ، وا لە هەر کەسێک دەکات وا بزانێت ئەم دوکانە گوڵزارە!

نازدار گوتی: ئەی چەپکێک گوڵی جوان بایی چەندە؟

دوکاندارەکە گوتی: من ناتوانم پێت بڵێم بایی چەندە. دەبێت تۆ جۆری گوڵەکان و ڕەنگی گوڵەکان دیاری بکەیت و هەروەها بڕیار بدەیت، ئایا گوڵی بۆندار، یان بێ بۆنت دەوێت. هەروەها ژمارەی چڵەکان و.....

خونچە دیسان گوتەکانی بە کابرا بڕی و گوتی: زۆر سوپاس بۆ ئەو هەموو زانیاری و ڕوونکردنەوەیە، بەڵام ئێستا ئێمە دەبێت بە پەلە بچینەوە بۆ ماڵەوە و خەریکی ئەرک و وانەکانمان بین. وانیە نازدار؟

نازدار نەیدەویست دوکانەکە بەجێ بهێڵێت. حەزی دەکرد زیاتر سەیری وێنەی گوڵەکان بکات، جگە لەوەی بۆن گوڵاوەکەش بە جارێ هێزی ڕۆیشتنی لێ بڕیبوو. بەڵام بەبێ دەنگ دوای خونچە کەوت و لە دوکانەکە چوونە دەرەوە، ئەوجا بە خونچەی گوت: خونچە، سبەینێ هەینیە و پشووە و هیچ ئەرکێکمان نیە. تۆ بۆ نەتهێشت زۆرتر سەیری ئەو وێنانە بکەم، بەڕاستی زۆر.......

خونچە قسەکانی پێبڕی و گوتی: نازدار، ئەو دوکانە گەورەیە، ئەو هەموو پێشوازیە، دیارە تا چەپکە گوڵێکت بۆ دەهێنن زۆر گران دەکەوێت. جگە لەمانەش کێ دەڵێت گوڵەکان لە ڕاستیدا وەک ئەو وێنانە جوانن؟ ئەی کێ دەڵێت بۆنیان وەک بۆنی ئەو گوڵاوە خۆشە؟ وانیە؟

نازدار هیچی نەگوت و بە بێ دەنگی بەرەوماڵەوە ڕۆیشتنەوە.

**پرسیار**

ئەمە نموونەی چەند پرسیارێک، با خوێندکارانیش خۆیان پرسیار بکەن

1) ئایا هەموو تابلۆ و نووسینێک، ڕاستی شتەکانمان بۆ دەردەخەن. وەک تابلۆکەی سەر دوکانی گوڵفرۆشیەکە؟
2) ئایا وێنە، پەیکەر، یان کۆپی هەر «شتێک» دەتوانێت هەمان چێژی «شتەکە» ڕاستەقینەکە بدات؟
3) نازدار، یان خونچە، کامیان «ژیرانە» بۆچوونەکانی خۆیان دەردەبڕن؟
4) تۆ بڵێی کابرای دوکاندار بەڕاستی بێت و گوڵزار و گوڵخانەی هەبێت، خۆ هیچ بەڵگەیەکی نەبوو ڕاستی قسەکانی بسەلمێنێت؟
5) ئایا نازدار کەسێکە «هەستەکانی» بەهێزترن لە «بیرکردنەوەی» و خونچەش کەسێکە بیرکردنەوەی بەهێزترە لە هەستەکانی؟
6) بڵێیت هەموو «شتێک» لەم جیهانەدا کۆپی «وێنەی» شتە ڕاستەقینەکان بن و ئەو شتە ڕاستەقینانەش لە جیهانێکی دیکە بن و ئێمە نەتوانین بیانبینین؟
7) ئایا خونچە درۆی کرد، کە گوتی «دەبێت خەریکی ئەرکی وانەکانیان بن» یان ئەوە تەنها هۆیەک بوو تا نازدار لە دوکانەکە دوور بخاتەوە؟
8) گەر نازدار دەیزانی «سبەینێ پشووە و فێرگە نیە»، بۆچی بەبێ دەنگ دوای خونچە کەوت و لە دوکانەکە چووە دەرێ؟
9) ئایا دەبێت، یان پێویستە هەموو شتێکی جوان بکڕین؟
10) ئایا خەڵکی دەبێت تەنها لە شوێنی پاک و بۆنخۆشدا بە جوانی بئاخاڤن، یان پێویستە لە هەموو جێگایەک هەر وابن؟

**تێبینی بۆ مامۆستا:** بیرۆکەی ئەم چیرۆکە لە بیری «ئایدیای بەرز»ی پلاتۆن وەرگیراوە.

**کلتور**: بریان مەگا: «پلاتۆن ڕایەڵەکانی نێوان دنیای بەرزی بیر و مرۆڤی پێکەوە گرێداوە».

**مێژوو**

**پلاتۆن (427 تا 347 پ.م.)**

پلاتۆن، یەکێک لە بە دسپلینترین و نزیکترین شاگرد و هاوڕێی سۆکراتیس بوو. پلاتۆن، بە ڕەچەڵەک ئاتێنی و لە خانەوادەیەکی ئاریستۆکرات بوو. ئەم تایبەتمەندێتییە بە بۆچوونە فەلسەفیەکانیەوە بە ئاشکرا دیارە، بەتایبەتی لە پەسندیدانی بە چینی دەسەڵاتدار، یان فەیلەسووفان و بە هەند نەگرتنی مرۆڤی سادە/ بەرهەمهێن و جەنگاوەر، ئەم هەڵاواردنەش لە دابەشکردنی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی لە بیرۆکەی «دەوڵەت — کۆمار» دا بەئاشکرا دیارە. دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی دیموکراتی ئاتێن لە ساڵی (399 پ.م.) دا سۆکراتیان بە مەرگ سزا دا، کینەیەکی سەخت لە لای پلاتۆن بەرانبەریان، دروست بوو.

لە ئەنجامی شکستیەکانی ئاتێن لە هەمبەر سپارتەدا، پلاتۆن شاری جێهێشت و ڕووی کردە سیسیلی. لەوێ لە لای شا دیۆنیسیۆس بوو بە مامۆستا - و وانەبێژی کوڕەکەی. دواتر گەڕایەوە ئاتێن و لە ساڵی (358 پ.م.) دا فێرگە بەناوبانگەکەی (ئاکادیمیا) دامەزراند. یەکێ لە ناسراوترین شاگردانی ئاکادیمیا، ئەریستۆتێلیس بوو.

گەرچی خاڵی سەرەکی بیر و بۆچوونەکانی پلاتۆن لە بیرۆکەی «دەوڵەت / کۆمار» دا چڕ بۆتەوە، بەڵام ئەو خاوەنی گەلێ نووسراوی پڕمانا و مەزنە کە تا ئەم ڕۆژگارەش هەر مایەی تێڕامان و مشتومڕە. نووسراوەکانی پلاتۆن بە «دیالۆگ» ناسراون.

بە بڕوای پلاتۆن، ئەو شتانەی ئێمە دەیانبینین سێبەر، یان وێنەی شتە ڕاستەقینەکانن. فۆرمە ئایدیاڵ و ڕاستەقینەکان، لە دنیایەکی ترانسیێندنتاڵ / بەرزدان بۆ نموونە، گەر تەماشای ئەسپێک، یان درەختێک بکەین، ئەوا تەنها چاو پێویستە بۆ بینینیان، بەڵام گەر بمانەوێت فۆرمە ئایدیاڵەکانیان ببینین، ئەوا «دید/ تێگەیشتن» پێویستە.

لە جیهانی ئایدیای پلاتۆندا، فۆرمە هەمەکیەکان پڕ و نەگۆڕن، ئیدی پێویست نیە لەم جیهانەدا گۆڕان ڕووبدات. پلاتۆن، تێڕوانینی تایبەتی بۆ جوانی و هونەر هەبوو، جوانی (ئێستاتیکا) بەشێکی گرنگ بووە لە بیرکردنەوەیدا، بەڵام جوانی لە لای ئەو هەر جوانیەکی سادە نیە، ئەویش فۆرمی هەیە. بۆ نموونە، گەر دیمەنی جوانی خۆرنشین، یان ڕەوتی ئەسپێکی ڕەسەن لە کاتی نەرمەغارادا، بۆیە دەیگوت: «گەر بزانیت جوانی چیە، ئەو کات دەتوانیت وەک فۆرم ڕووبەڕووی ببیتەوە». (لە ڕاستیدا، ڕوون نیە ئەو فۆرم و ئایدیانەی پلاتۆن باسی دەکات هەن، یان لە کوێن و لە چی دەچن. بۆچی تەنها فەیلەسووفیش نەبێت، کەسی ئاسایی تێی ناگات و نایبینێت؟)

پلاتۆن، لە ساڵی (387 پ.م.) تا دامەزراندنی ئاکادیمیا لە ساڵی (358 پ.م.) دوو جار بە کردەوە هەوڵی بەدیهێنانی بیرۆکەی دەوڵەت - کۆماری داوە. جاری یەکەم لەگەڵ شا دینۆسیسی گەورە لە سیسیلیا. دووەم جار لەگەڵ شا دێنۆسیسی بچووک لە شیوراکس. هەردوو جارەکە شکستی هێنا، ئیدی دوای ئەوە وازی لەو بیرۆکەیە هێنا.

تێکڕا 25 دیالۆگ و 13 نووسراوی فەلسەفی بە ناوی پلاتۆنەوە هەیە. پلاتۆن بڕوای وابوو، کە فەلسەفە دەبێت بە سێ بەشەوە: دیالێکتیک، سروشتناسی و ئاکار. زانیاری تەواو و پڕ لەمەڕ ماتماتیکەوە، بۆچوونە ناو ئەو جیهانە بەرزەی پلاتۆن گرنکە. بۆیە گوتویەتی: «کەس بەبێ زانیاری تەواو لە مەڕ ماتماتیکەوە نایەتە ناو ئەم جیهانە».

گەرچی پلاتۆن، کۆیلەی بە مرۆڤی ناتەواو دەزانی، بەڵام پێی وابوو تەنانەت ئەوانیش دیدی ڕەوانیان بەرانبەر ماتماتیک هەیە. شیعر و دراما لە لای پلاتۆن بەهایەکی ئەوتۆیان نەبووە، گەرچی خۆی سەرەتا بە شیعر نووسین دەستی پێکرد، هەر بۆیە لە دەوڵەت / کۆماردا هیچ جێگایەکی بۆ شاعیران دانەناوە.

جیهان لە لای پلاتۆن، وەک زانیاریە هەستەکی و هۆشەکیەکانمان دەبن بە دوو بەشەوە:

- جیهانی نزم، یان خوارەوە. ئەم جیهانە ماتەرییە و زیندەوەری تێدا دەژی و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی کات و شوێنەوە، سەرەتا و کۆتایی هەیە. کۆپی یان سێبەری جیهانە ڕاستەقینەکەیە.
- جیهانی بەرز، یان جیهانی ڕاستەقینە، جیهانێکی لە ماتەر بەدەرە و کەوتۆتە ئەودیو سنووری کات و شوێنەوە. ئەم جیهانە تەنها فەیلەسووفەکان دەرکی پێدەکەن و تێیدەگەن.

پلاتۆن بڕوای وابوو، کە ناکرێت زانیاری تەواو لەمەڕ بابەتە هەستەکیەکانەوە پەیدا بکەین و دەکرێ ماتماتیک وەک مێتودێک بۆ ڕاڤەکردنی کێشە فەلسەفیەکان بەکاربهێنین. ئەمەش خاڵێکی دژە بۆچوونی نێوان پلاتۆن و ئەریستۆ بووە. پلاتۆن بڕوای بە یەکسانی ژن و پیاو هەبووە، هەر بۆیە لە دەوڵەت / کۆمارەکەیدا دەرفەتی بە ژنانیش داوە، مەشقی وەرزشی و سەربازی بکەن و لە پاراستنی وڵاتدا بەشداربن. بەڵام پلاتۆن هیچ جێگەیەکی بۆ کۆیلە، لە کۆمارەکەیدا دیاری نەکردووە، گەرچی لە ئاتێن و لەو ڕۆژگارەدا، بە هەزاران مرۆڤی کۆیلە هەبوون. ئەویش وەک گشت خاوەن کۆیلەیەک، مرۆڤی کۆیلەی وەک ئاژەڵ دادەنا.

خۆشەویستی (ئێرۆس/ خۆشەویستی خودایی)، لە لای پلاتۆن، هۆکارێکە بۆ ئاسوودەبوونی گیان. ئەو کەسەی دوای ئیرۆس دەکەوێت، ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەر بەسەر دەبات، چونکە ئێرۆس هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بە جیهانی بەرزی بیر. ژیانی ئاسوودەش ژیانێکە هاوسەنگ و پەیوەست بە یاسا ئەقڵانی و حەقانیەکانەوە. پلاتۆن مرۆڤی وەک دوو بەش دادەنا، لەش و گیان، بەڵام گیانیشی کردووە بە سێ بەشەوە. حەزکردن، ویست و بیرکردنەوە.

پلاتۆن، فەیلەسووفەکانی پێش خۆی کاریگەرییان لەسەر داناوە. لەوانە: هێراکلیتوس (540 - 475 پ.م.) کە بڕوای بە گۆڕانیکی هەمیشەیی هەبووە و وەک خەسڵەتێکی تایبەتی گشت «شتەکان» ی دەزانێت. لەم بوارەدا دەڵێت: «مرۆڤ ناتوانێت دوو جار پێی بخاتە هەمان ئاوی ڕووبارێکەوە». بەو مانایەی، هەر هێندە پێی دەرهێنایەوە، ئاوی ڕووبارەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمەش بنیاتنانی سیستەمی «دیالیکتیک» ـە لە فەلسەفەدا. هێراکلیتوس، بڕوای وابوو »مرۆڤ هۆشیار نیە، بەڵکوو هۆش چواردەوری داوە».

**ئەناکسیمەندەر (610 تا 547 پ.م.)**

بڕوای وابوو کە توخمی سەرەکی پێکهێنەری گشت «شتەکان» لە ماددەیەکی بنەڕەتی «ئەپیرۆن»ی پێکهاتوون. هەرچی «شت» هەیە ئەپیرۆنە، بەڵام ئەپیرۆن خۆی هیچ کام لەو شتانە نیە، چونکە ماددە، خەسڵەتی تایبەت و«سەرەتا و کۆتایی» هەیە. بەڵام ئەپیرۆن هەمیشە بووە و هیچ خەسڵەتێکی تایبەتی لەناو خۆیدا هەڵنەگرتووە.

## سۆکراتیس (470 تا 399 پ.م)

سۆکراتیس مامۆستای پلاتۆن بوو. نزیکەی لە گشت دیالۆگەکانی پلاتۆندا کاراکتێر و ئاخێوەر (قسەکەر) ی یەکەمە. گەرچی سۆکراتیس خۆی هیچ نووسراوێکی لە پاش بەجێ نەماوە، بەڵام لە تویێ دیالۆگەکانی پلاتۆندا بیروڕاکانی دەخوێنینەوە. سۆکراتیس، بە یەکەم فەیلەسووف دادەنرێت کە ڕێبازی بیرکردنەوەی فەلسەفەی لە پرسی ڕامان لە سروشتەوە، بۆ ڕامان لە پرسی ڕەوشت و دیدی مرۆڤ، گۆڕیبێت. سۆکراتیس هەردەم دەیپرسی، تەناتەت زۆربەی وەڵامەکانیشی هەر لە شێوەی پرسیاردا بووە. ئەو مەبەستی بووە کەسی پرسیارلێکراو خۆی وەڵام پەیدا بکات. بۆیە سۆکراتیس گوتویەتی: «خۆت بناسە».

موغی پەرستگای ئۆراکیل سۆکراتیسی بە داناترین پیاوی یۆنان داناوە، کەچی خۆی، هەردەم گوتویەتی «من دەزانم کە هیچ شتێک بەتەواوی نازانم». ئەو هەمووو پرسیارکردن، ڕەخنەگرتن و گاڵتەپێکردنەی سۆکراتیس، دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی بە جارێ هەراسان کرد بوو. بۆیە تۆمەتی بێ بڕواییان خستە پاڵی و بە ئاژاوەگێڕ و تێکدەری بڕوا و ڕەوشتی لاوانیان دانا. سزای مەرگیان بەسەردا دا. دەبوایە جامێک ژەهر بخواتەوە. گەرچی دەرفەتی ئەوەی هەبوو لە زیندان هەڵبێت و لە مەرگ ڕزگاری بێت، بەڵام لە دیدی بڕوابوون بەڕاستی و لەسەر هەقیی خۆی و لەو ڕوانگەیەوەی کە «بە مردن گیانی لە لەشی ڕزگاری دەبێت و بە نەمری دەمێنێتەوە» سزاکەی بەجێ گەیاند. (ئا لەم ساتە وەختەوە، ئیدی کێشەی نێوان دەسەڵات و ئینتەلێکتوێل - ڕۆشنبیر لە مێژوودا، سەرهەڵدەدات) سۆکراتس لەو ڕۆژگارەدا لەگەڵ دوو بەرەدا، بەرەی سۆفیستەکان و بەرەی دەسەڵاتداران، لە کێشەدا بووە، (مەبەست لە دەسەڵاتی کاربەدەستانی شاردەوڵەتی ئاتێنە) ئەو سزایەی دەسەڵاتدارانی شاری ئاتێن بۆ سۆکراتیان بە ڕەوا بینی بوو، پلاتۆنی کردە دوژمنی دەسەڵاتداران و سیاسەتمەداران، هەربۆیە لە دەوڵەت / کۆمارەکەیدا فەیلەسووفەکان دەبنە ڕێبەری کۆمارەکە.

## سۆفیستەکان

گرووپێک فەیلەسووف، یان ڕاستتر مامۆستای فەلسفە بوون. (وشەی سۆفیست مانای زانا دەدات)، وەک پیشە بە پارە ئەو کەسانەی خوازیاری فێربوونی فەلسەفە، یان هونەری ئاخاوتن بوون، فێری فەلسەفە و هونەری ئاخاوتن دەکرد. بەتایبەتی کوڕانی خێزانە ئەرستۆکراتیەکان، تا بتوانن پلە و پایەی دەوڵەتی بەدەست بهێنن. پرسی دەسەڵات و

کێشەکانی بۆ سۆفیستەکان زۆر گرنگ نەبووە. سۆفیستەکان گروپێک بوون کەمێ پێش سۆکراتیس، واتە سالآنی (400 پ.م.) تا دوای مردنی ئەویش، هەر چالاک بوون.

سۆکراتس بڕوای وابوو سۆفیستەکان «لۆتین، لۆتیی وشە» هەر بۆیە وشەی سۆفیست، تا ئەمڕۆش، لە بواری فەلسەفەدا، مانایەکی نێگەتیڤی هەیە. ئەو دەیگوت: «سۆفیستەکان بەلایانەوە گرنگە هەقیان بدرێتی، نەک لەسەر هەق بن».

خاڵی سەرەکی لە فەلسەفە و بیروباوەڕی سۆفیستەکانیشدا ئەوەبوو کە گشت شتێک، تەنانەت ڕاستیش ڕێژەییە. سۆفیستەکان ڕێبازی بیری فەلسەفییان گۆڕی، لە بیرکردنەوە و ڕامان لە سروشت و دیاردەکانی، بۆ ڕامان لە خودی مرۆڤ، هەر ئەم ڕێباز و دیدەش بوو کە سۆکراتیس پەیڕەوی دەکرد، کەچی هەردەم خۆی بە دوژمنیشیان دەزانی.

**پرۆتاگۆراس (485 تا 410 پ.م.)**

بەناوبانگترین فەیلەسووفی ئەو گروپە بوو، پرۆتاگۆراس گوتویە «مرۆڤ پێوەری گشت شتێکە». چ پلاتۆن و چ ئەریستۆتێلیس، ئەم گوتە و دیدەیان بە «ڕێلەتیڤیزمی ڕیزپەڕ» لە قەڵەم داوە، بە واتایەکی دیکە، ئاگامەندی دەبێتە پاشکۆی بابەت، واتە بابەتی ئاگامەندیەکە.

**جۆرجیاس (483 تا 376 پ.م.)**

هاوسەردەمی پلاتۆن بووە. وانەبێژ و پێداگۆگێکی زۆر بە توانا بووە. کتێبێکی نووسیوە، تیتڵێکی زۆر سەرنجڕاکێشی هەبووە «دەربارەی ئەو شتەی کە نیە، یان دەربارەی سروشت»، لەو کتێبەدا سێ بابەتی هوروژاندووە:

1) کە هیچ «شتێک»، بوونی نیە/ وجودی نیە!
2) گەر شتێکیش هەبێت، ئەوا ناکەوێتە بەر ئاگامەندی مرۆڤ!
3) گەر هاتوو یەکێکیش ئەو «شتەی» ناس کرد (گەر شتەکە کەوتە بەر ئاگامەندیی مرۆڤێک)، ئەوا ئەو کەسە ناتوانێت ئەو ئاگاییە / ناسینە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بەش بکات!

لە ڕاستیدا، نازانرێت مەبەستی جۆرجیاس لەم سێ بابەتە چیە. هەندێک وای بۆ دەچن کە تەنها مەبەستی گاڵتەکردن بە فەیلەسووفەکانی پێش خۆی بووبێت!

**ڕاڤە**

ئایدیالزم: لە وشەی یۆنانی (ئیدیا / ئایدیا) وەرگیراوە، بە مانای ئەو دیاردەیەی / فێنۆمێنەی کە بە تەنها لە جیهانی هەستدا هەیە. ئەم ئایدیایانە، بەڕای پلاتۆن فۆرمی چەسپاو و نەگۆڕیان هەیە و مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی بیرکردنەوە دەتوانێت تێیان بگات.

## چیرۆک

### سێوەکەی دیاکۆ

بەیانیەک، دیاکۆ بە پەلە، جانتاکەی هەڵگرت و بەرەو دەرگای حەوشە، ڕایکرد. دایکی هاواری لێکرد:

دیاکۆ، سێوەکەت لە بیر چوو.

دیاکۆ، وەڵامی نەدایەوە، خەریکی کردنەوەی دەرگاکە بوو. دایکی دیسان هاواری کردەوە:

دیاکۆ، دەبێت سێوەکە لەگەڵ خۆت ببەیت.

دیاکۆ، بە نابەدڵی بەرەو ژووری نانخواردن گەڕایەوە، ڕووی لە دایکی کرد و گوتی:
دایە من حەزم لە سێو نیە!

دایکی گوتی: کوڕە شیرینەکەم، میوە بۆ لەش باشە و پێویستە!

دیاکۆ گوتی: ئاخر کامیان، باشە یان پێویستە؟

دایکی گوتی: هەردووکیان.

دیاکۆ گوتی: دەباشە، من هەنار دەبەم.

دایکی گوتی: هەنار لە قوتابخانە، ناخورێت!

دیاکۆ گوتی: بۆ ناخورێت؟ ئەی هەناریش میوە نیە؟ کەواتە ئەویش بۆ لەش باشە.

دایکی گوتی: ڕاستە، بەڵام، هەنار خواردن کاتی زۆرتری دەوێت، تاکو سێو خواردن.

دیاکۆ گوتی: کەواتە بە پەلە، دەیخۆم.

دایکی گوتی: نا، نابێت، بە پەلە خواردن بخۆیت. باش نیە!

دیاکۆ گوتی: ئەی تۆ نەتگوت، میوە بۆ لەش باشە،

دایکی گوتی: بەڵێ، وام گوت، بەڵام بە پەلە خواردن باش نیە و کارێکی جوانیش نیە!

دیاکۆ گوتی: بە پەلە خواردنی میوە، یان بە پەلە خواردنی گشت خۆراکێک؟

دایکی گوتی: گشت بەپەلە خواردنێک کارێکی خراپ و ناشرینە.

دیاکۆ گوتی: کەواتە هەناریش ناخۆم، چونکی گەر هەنار لەگەڵ خۆمدا ببەم، دەبێت بە پەلە بیخۆم. لەبەر ئەوەی کاتی پشووەکەم کەمە.

دایکی دیاکۆ، کە زانی ئیدی گفتوگۆ لەگەڵ دیاکۆدا بێ ئەنجام دەبێت و کاتی زەنگ لێدانی فێرگەش نزیک ببووەوە. بۆیە بە جۆرێک، فەرمانی دا بە دیاکۆ و گوتی:

دیاکۆ، فەرموو، سێوەکە لەگەڵ خۆت ببە و دەشبێت لە کاتی پشوودا، بیخۆیت. تکایە لەوە زیاتریش لەسەر ئەو باسە مەڕۆ. دەشبێت کەمێ پەلە بکەیت، چونکە وا نزیکی سەعات هەشتە.

دیاکۆ، سێوەکەی هەڵگرت و بە ڕاکردن بەرەو دەرگای حەوشە ڕۆیشت.

**پرسیار**

ئەمە نموونەی چەند پرسیارێکە، با خوێندکارانیش خۆیان پرسیار بکەن

1) ئایا هەر «شتێک» باش بێت، ئیدی پێویستە؟
2) ئایا هەر «شتێک» پێویست بێت ئیدی باشە؟
3) کاتێک کە دوو «شت» وەک یەک باشبن، چۆن بتوانین یەکێکیان هەڵبژێرین؟
4) تۆ لەسەر چ بنەمایەک، «شتەکان» هەڵدەبژێریت. لەبەر ئەوەی باشن، یان، لەبەر ئەوەی پێویستن.
5) ئایا هەڵبژاردنی «شتەکان» پەیوەندی بە کاتەوە هەیە؟
6) ئایا هەڵبژاردنی «شتەکان» پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە؟

7) گەر«باشی» سیفەتێکی ناوەکی - ناوەوەی شتەکان بێت - و «جوانی» سیفەتێکی دەرەکی - دەرەوەی شتەکان بێت - ئەدی «پێویستی» چ سیفەتێکی شتەکانە؟
8) هەندێ جار کەسانی دیکە (دایک و باوک، مامۆستا ...) بڕیار دەدەن چی بکەین و چی نەکەین. وەک لەم چیرۆکەدا، دایکی دیاکۆ بڕیار دەدات، دیاکۆ چی بخوات. ئایا ئەمە لە بەر ئەوەیە، کە ئێمە خۆمان ناتوانین ئەو بڕیارانە بدەین؟
9) نزیکەی بۆ هەموو شتێک، ڕێسا دانراوە، وەک ڕێساکانی هاتوچۆ، چۆن بڕیار لەسەر خێرایی لێخوڕین دەدات، بۆ نموونە: 60 کم لە سەعاتێکدا. گەر سەرپێچی ئەو یاسایانەش بکەین، سزا دەدرێین، ئایا ئەمە لەبەر ئەم هۆیانەیە؟
   - ئێمە خۆمان دەرک بە مەترسی خێرایی لێخوڕین، ناکەین؟
   - ئێمە بە تەنگ ژیانی خۆمان و کەسانی دیکەوە نایەین؟
   - ئایا ئەو سزایە بۆ ئەوەیە، تا ئێمە زیان بە خۆمان نەگەیێنین؟
10) بڕوا دەکەیت دیاکۆ سێوەکە بخوات. ئەی چ پاڵنەرێک (میکانیزمێک) هەیە وا لە دیاکۆ بکات بە قسەی دایکی بکات؟

تێبینی بۆ مامۆستا: ئەم چیرۆکە پەیوەندی بە یاسای لۆجیکی، ئەریستۆتێلیسەوە هەیە. دیسان پەیوەندیشی بە بۆچوونەکانی (پێرۆنی ئێلیسی) ـەوە هەیە، کە بە «سکێپتیسزم» یان گوماناوی ناسراوە.

**کلتور**: نالی (1800 – 1856)

لە کن تۆ خار و خەست گوڵزارە بێ من
لە لای من خرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ

ئەریستۆتێلیس: «پلاتۆن هاوڕێمە، بەڵام ڕاستیم خۆشتر دەوێت».

دانتێ (1256 - 1321) دەربارەی ئەریستۆتێلیس گوتویە: «ئەریستۆتێلیس پێشڕەوی گشت دانایانە».

## مێژوو

### ئەریستۆتێلیس (384 تا 322 پ.م.)

یەکێکە لە فەیلەسووفە ناودارەکانی یۆنان. شاگردی پلاتۆن بووە. دوای مردنی پلاتۆنی مامۆستای، فێرگەی ئاکادیمیای لە ئاتێن جێهێشت و لە مەکەدۆنیا بوو بە مامۆستای «ئەسکەندەری مەزن» کوڕی پاشای مەکەدۆنیا. ئەریستۆ نزیکەی 170 کتێب/ نووسراوی بە ناوەوە هەیە، تەنها 47 یان بە تەواوی ماونەتەوە، ئەم نووسراوانە نزیکەی گشت بوار و دیاردەکانی ژیانیان لە دووتوێدایە، هەر لە باسی زیندەوەرە خشۆکەکانەوە، تا گیانی نەمر. ئەریستۆ، ڕەهەندێکی نوێی بە گەلێ چەمک و پرسی فەلسەفیی جۆراوجۆر بەخشیوە، وەک: لۆجیک، میتافیزیک، بوون، ئاکار، بەختەوەری و....

بۆچوونەکانی ئەریستۆتێلیس، کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و ڕوانینی گەلێ لە فەیلەسووفەکانی دوای خۆی. هەروەها ئەو کەسێکی پراگماتیکەر بووە. میکانیزم و یاسا سروشتیەکان، زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە. بە پێچەوانەی پلاتۆنی مامۆستایەوە، ئەم بڕوای وابوو کە تاک (ئیندیڤید) ی شتەکان بوونی هەیە و تەنها ئایدیا، یان بیر، کە ئەم خۆی ناوی نابوون «فۆرم»، نین، بەڵکوو لێرەشن و لە جێگەی دیکە نین. ئەو بڕوای وابوو کە «مرۆڤ هەر بە سروشت ئاژەڵێکی سیاسییە»، یان «ئەوە بێ هێزەکانن کە هەمیشە پەرۆشی یەکسانی و ڕەوایەتین، دەنا بەهێزەکان هەرگیز بیر لەم پرسانە ناکەنەوە»، «گشت مرۆڤێک بە سروشتی خۆی بە پەرۆشە و لە هەوڵی ئەوەدایە کە بزانێت و فێربێت». دیسان ئەریستۆ بڕوای وابوو کە «مرۆڤی چاک» بە سروشت چاکە و «مرۆڤی خراپیش» هەر بە سروشت خراپە، کۆیلە بە سروشت کۆیلەیە و خاوەن کۆیلەش هەر بە سروشت خاوەن کۆیلەیە. بەڵام لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا، کۆیلەکانی خۆی سەرفەراز و - ئازاد کرد.

ئەریستۆتێلیس پێی وابوو، شیعر لە مێژوو فەلسەفیانەترە و دەهێنێت گرنگی زیاتر پێ بدرێت. بە بڕوای ئەریستۆتێلیس، سۆکراتیس بە هەڵەدا چووە کە گوتویەتی: «فەزیلەت و پاکێتی، یان ڕەوشت بەرزی، حیکمەتە». بۆیە خۆی گوتویە: «بۆ ئەوەی ببیە مرۆڤێکی ئاسایی و ڕەوشت بەرز، تەنها زانینی ڕاستی بەس نیە، بەڵکوو هەڵبژاردنییشی گرنگە». ئەریستۆتێلیس، بڕوای وابوو، کە گیان، بنەمای هەبوونی گشت تەنێکی زیندووە، بەم بۆچوونەش دەگوترێت «دوالیزم».گرنگترین ئافراندنی فەلسەفیانەی ئەریستۆ لۆجیکەکەیەتی، گەر بە شێوەیەکی ئاسان ڕوون بکرێتەوە، بەم شێوەیە دەبێت:

- پرێمیسەی یەکەم: هەموو میوەیەک بۆ لەش *باشە*

- <u>پرێمیسەی دووەم: هەناریش میوەیە</u>
- ئاکام: کەوابوو، هەناریش بۆ لەش باشە

ئەریستۆتێلیس، بڕوای وابوو کە لۆجیک، چونکێ خۆی لە خۆیدا هیچ زانیارییەکمان ناداتێ، بۆیە خۆی بە بابەتێکی دیاریکراو، یان واقیعەوە خەریک ناکات، بەڵکوو هۆکارێکە، زانست بۆ ڕاڤەکردن و سەلماندنی خۆی بەکاری دێنێت. ئەو دەیگوت: «گەر هەبوونی شتەکان جەبری بن (واتە بەزەرورەت دروست بووبن) ئەوا دەبێت ئێمە بیر لە بزوێنەر/ پاڵنەری یەکەم بکەینەوە». بە واتایەکی دیکە، دەبێت بزووینەرێک، هێزێکی پاڵنەر لە سەرەتاوە هەبووبێت کە گشت «شتەکانی» خستبێتە بزاوتن. بەڵام نابێت ئەم بۆچوونە وا لێکبدرێتەوە کە یەکەم دروستکەر و خولقێنەر هەر ئەو هێزە بووە، بەڵکو ئەو تەنها جووڵەی بە پرۆسێسەکە داوە. بە بڕوای ئەریستۆتێلیس، مرۆڤ ئاژەڵێکە، بەڵام ئاژەڵێکی ئاگامەند. ئەمیش وەک پلاتۆن، فەلسەفەی بەسەر سێ بابەتدا دابەش کردووە:

- **بابەتی یەکەم**، میتافیزیک (خوداناسی) ئەمەیانی بە فەلسەفەی یەکەم داناوە و بەرزترین پلەکانی فەلسەفەیە لە لای. ماتماتیک و سروشتناسییش هەر دەچنە ئەم بەشەوە.
- **بابەتی دووەم**، زانستی پراکتیکی: ئاکار، ڕامیاری و ئابوری
- **بابەتی سێیەم**، هونەر: شیعر، شانۆگەری، نیگارکێشان، ڕەوانبێژی.

ئەریستۆتێلیس، بابەتێکی دیکەی گرنگی وروژاندوە، ئەویش ئاکار (ئێتیک) ـە. بە بڕوای ئەو، ئامانجی ئاکار، ئەوەیە کە مرۆڤ، چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ، ئاسوودە بکات.

بە بڕوای ئەریستۆتێلیس، بیرکردنەوە سێ مەبەست، یان چاکەی هەیە:

- ئاگامەندی، ئامانجەکەی گەیشتنە بە ڕاستی (حەقیقەت).
- زانین، ئامانجەکەی پەیداکردن و بەرهەمهێنانە.
- ژیرێتی، ئامانجەکەی ڕەفتارکردن و دانوستاندنە.

بۆ هەبوونی هەر بابەت/ شتێکیش چوار هۆکاری دەستنیشان کردووە.

- هۆکاری ماتەری (ئەو شتە لە چی دروستکراوە)
- هۆکاری ئافراندن و خوڵقاندن (ئەو شتە چی، یان کێ دەیئافرێنێ و دەیخوڵقێنێ)
- هۆکاری خەسڵەتی (ئەو شتە چ خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە، بۆچی دروستکراوە)

- هۆکاری هۆیی (ئەوشتە بە چ هۆیەک دروستکراوە، خوڵقێنراوە)

بە بڕوای ئەریستۆتێلیس، هەرچی «شت» هەیە لە سروشتدا، بۆ مەبەستێک دروست بووە. سروشت هەر لە کردەوەی دانوستاندنی مرۆڤ دەچێت، مەگەر دانوستاندن مەبەستێکی تایبەتی نیە؟

هەر بەو شێوەیەش سروشت مەبەستی خۆی هەیە. بۆ نموونە: گەر کورسی یەکێ بووایە لەو شتانەی کە لە سروشتدا پەیدا دەبن، ئیدی هەر لەو کورسیە دەچوو کە ئێستا مرۆڤ دروستی دەکات.

ساڵی (335 پ.م.) ئەریستۆتێلیس گەڕایەوە بۆ ئاتێن و فێرگەیەکی فەلسەفی تایبەت بە خۆی دامەزراند بە ناوی «لیکەیۆن»، زۆرترین کتێبی ئەو ڕۆژگارە، لەم فێرگەیەدا کۆ کرابۆوە و گەورەترین کتێبخانەی ئەورووپا بووە. ساڵی (323 پ.م.) ئەلەکساندەری مەزن مرد، خەڵکی ئاتێن دژی مەکدۆنیەکان ڕاپەڕین، ئەریستۆتێلیسیش، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی مامۆستای ئەلەکساندەر بوو، بە ناچاری بۆ دواجار شاری جێهێلا و ساڵی دواتر مرد.

**پێرڕۆنی ئێلیسی (360 تا 270 پ.م.)**

پوختەی بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسووفە ئەوەیە، کە دەرک بە دوو جیاوازی لە هەر شتێک / بابەتێکدا بکەین.

- **یەکەم**: ئەو شتە / بابەتە، چۆنە بۆ خۆی (لە ناو خۆیدا)
- **دووەم**: ئەو شتە / بابەتە، چۆنە بۆ من کاتێک کە دەکەوێتە بەر هەستەکانم (ئاگامەندیم) بە واتایەکی دیکە، ئێمە ناتوانین هیچ زانیارییەک دەربارەی شتەکان / بابەتەکان، لە سروشتی خۆیاندا بە دەست بهێنین، تا نەکەونە بەر هەستەکانمان (ئاگامەندیمان).

با دیاکۆ و دایکی بکەین بە نموونە، دیاکۆ حەزی لە سێو نیە، دایکیشی بڕوای وایە کە سێو بۆ لەش باشە. لەم حاڵەتەدا ئەم دوو کەسە ناکۆکن و هەر دووکیشیان ڕاستن. بە واتایەکی دیکە، بابەتی سێو بۆخۆی (لەناو خۆیدا) بەکەڵکە، ئا لێرەدا دایکی دیاکۆ ڕاستە، بەڵام کاتێک دیاکۆ حەزی لە سێو نیە، ئیدی ئەو کاتە سێو ئەو بابەتە نیە کە لەناو خۆیدا باشە، بەڵکوو

بۆتە بابەتێک و کەوتۆتە بەر هەستەکانی دیاکۆ، ئیدی لێرەدا دیاکۆ ڕاستە. بەکورتی، ڕەنگ و بۆن و تام و چێژ، شتگەلێکن ناکرێت گفتوگۆیان لەسەر بکەین.

پێرۆن، لەم ڕوانگەیەوە بڕوای وابوو کە فەیلەسووفەکان نابێت هێندە، ڕەها / دابڕ/ ئەبسلوتی قسە بکەن. ئەم بۆچوونەی نەک هەر کردیە هاوڕای سۆفیستەکان بەڵکوو لەوانیشی تێپەڕان. دیارە ئەم بۆچوونەش تەواو دژ بە لۆژیکی ئەریستۆتێلیسە.

**ڕاڤە**

ئەبسلوت: لە وشەی «ئەبسۆلۆتۆس» وەرگیراوە و مانای بێ بەربەست، ڕەها، تەواو، بێلەمپەڕ، دەدات، بە پێچەوانەی ڕێلێتیڤ، کە مانای ڕێژەیی، سنووردار، تا ڕادەیەک، ناتەواو، دەدات.

لۆجیک: لە وشەی یۆنانی «لۆگۆس» وەرگیراوە، بەپێی پریمیسەکان، یان گوزارەکان، کۆنکلوشن، یان ئاکام دەسەلمێنن. پریمیسە، ڕستەکانی سەروو هێڵی هاوکێشەکەن.

- پرێمیسەی یەکەم
- پرێمیسەی دووەم
- ئاکام

ڕوونکردنەوە: دەتوانین بڵێین حەز و سۆزیش، وەک ڕەنگ و تام و چێژ دەکەونە ژێر هەمان ڕێساوە، بۆیە ئەو بەیتە شیعرەی نالی، زۆر لەم بۆچوونەوە نزیکە.

## چیرۆک

### دوکانداری

هێمن لە پشت پەنجەرە پچووکەکەی فرۆشگای فێرگەوە وەستابوو. زۆر بە گورجی، بەڵام بێ شپرزەیی، کێک و بسکیت و کۆلا و شەربەتی بە خوێندکاران دەفرۆشت. کڕیارەکان بە پەلە بوون، دەیانوویست کەمترین کاتی پشووەکەیان بۆ شتکڕین بەکاربهێنن.

خوێندکارێک داوای قوتوویەک شەربەتی پرتەقاڵی کرد، هێمنیش بە گورجی قوتوویەک شەربەتی ساردی دایەدەستی. خوێندکارەکە بڕێک پارەی دا بە هێمن و بێ ئەوەی لە قوتووەکە بڕوانێت یەکسەر هەڵیپچڕی و قومێکی لێدا و دوای کەمێک ڕووی کردە هێمن و گوتی:

- ئەم شەربەتە زۆر ناخۆشە، خۆ بەسەرنەچووە؟

هێمن گوتی: نەخێر هێشتا چەند مانگێکی ماوە بۆ بەسەرچوون.

کاتێک هێمن بە وردی سەرنجی قوتووەکەی دەستی خوێندکارەکەی دا، دیتی ئەو قوتووە شەربەتی نارنجە، نەک پرتەقاڵ، بۆیە بە خوێندکارەکەی گوت:

ببوورە من شەربەتی نارنجم داویتەتێ، هەرچەندە هەڵیشت پچڕیوە، بەڵام دەتوانم ئەو قوتووە وەربگرمەوە و قوتوویەک شەربەتی پرتەقاڵت بدەمێ.

کاتێ کڕیارەکەش سەرنجی قوتووەکەی دا، دیتی ئەوە شەربەتی نارنجە؛ ئیدی بەتوڕەییەوە ڕوویکردە هێمن و گوتی:

- دیارە تۆ بیر لە ئارەزووی کڕیارەکانت ناکەیتەوە، کەواتە تۆ دوکاندار نیت؛ یان ڕاستتر بڵێم، تۆ بۆ دوکانداری ناشێیت!

هێمن کەمێ نیگەران بوو، بەڵام لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:

- بەگوێرەی گوتەکەی تۆ، هەر کەسێ بیر لە ئارەزووی کەسانی دیکە بکاتەوە دەتوانێت ببێت بە دوکاندار، منیش بیر لە ئارەزووی کڕیارەکانم دەکەمەوە، کەواتە منیش دوکاندارم. ئەوەی ڕوویدا هەڵەیەک بوو، نە من و نە تۆش زوو هەستمان پێنەکرد.

کڕیارەکە بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- هەڵە؟ ئەوە کاری تۆیە وەک فرۆشیار کەرەستەی داواکراو بدەیتە کڕیارەکان.

هێمن گوتی:

- بەڵێ ڕاستە، بەڵام کڕیاریش دەبێت بزانیت کە ئاخۆ کەرەستەی دڵخوازی خۆی دراوەتێ، یان نا.

خوێندکارە کڕیارەکە بە دڵنیایەکی لەخۆ بایبوونەوە، گوتی:

- من پێموایە ئەوە تەنها ئەرکی فرۆشیارە، بۆیە بەڕای من، تۆ دوکاندار نیت.

هێمن لە ناخی خۆیدا زیاتر نیگەران بوو، بە نیاز بوو بە کڕیارەکە بڵێت، کە بەهەڵەدا چووە، چونکە «من هەم بیر لە زەوقی کڕیارەکان دەکەمەوە و هەم دوکانداریشم»، بەڵام ئەو ڕستەیەی نەدرکاند و کەمێ لە کڕیارەکە ڕاما و دواتر گوتی:

- گەر دەتەوێت قوتوویەک شەربەتی پرتەقاڵت دەدەمێ، یان پارەکەت دەدەمەوە؛ فەرموو بڕیار بدە.

خوێندکارە کڕیارەکە، بەگومانەوە سەرنجێکی هێمنی داو گوتی:

- قوتوویەک شەربەتی پرتەقاڵم بدەرێ.

تێبینی بۆ مامۆستا: بیرۆکەی ئەم چیرۆکە لە کۆجیتەکەی دیکارت وەرگیراوە.

*«کۆگیتۆ ئێرگۆ سوم» - «من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم».*

## پرسیار

1) ئایا دەکرێت لە هەموو کات و ساتێکدا وردبین و بەدیقەت بین؟
2) ئایا هەڵە بەشێکی سروشتییە لە ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤ؟
3) ئایا ئاساییە لە دوای گشت هەڵەیەک داوای لێبوردن بکەین، گەرچی ئەو هەڵەیە بەمەبەستیش نەبوبێت؟
4) ئاشکرایە تا مرۆڤ کار و کردەوە، نەکات هەڵەش ناکات. گەر هاتوو لە کارێکدا یان کردەوەیەکدا، هەڵەمان کرد، ئەمە مانای ئەوەیە کە دەبێت ئیدی واز لەو کارە بهێنین، چونکە ئێمە بۆ ئەو کارە ناشێین؟
5) ئەوە هەر ئەرکی فرۆشیارە کە گشت «مافێکی» کڕیار بدات، یان ئەرکی کڕیاریشە کە داوای گشت «مافێکی» خۆی بکات بەرانبەر ئەو نرخ، یان هەقدەستەی کە دەیدات؟
6) ئایا مرۆڤ دەبێت بیر بکاتەوە تا هەبێت، یان دەبێت هەبێت بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە؟
7) ئایا خەسڵەتی بیرکردنەوە و دنیابینی، بەپێی کات و شوێن گۆڕانیان بەسەردا دێت؟
8) ئایا لە جیهان و لە ژیاندا «شتێک» هەیە مرۆڤ گومانی لێ نەکات؟
9) گەر هەر کێشە و پرسیارێک بۆ چەند بەشێک شی بکەینەوە، ئیدی چارە و وەڵامدانەوەی ئەو کێشە و پرسانە ئاسانتر دەبێت؟
10) ئایا لە ڕێگەی ماتماتیکەوە دەگەینە ڕاستی؟

## مێژوو

### ڕێنێ دێکارت (1596- 1650)

ڕێنێ دێکارت، بە ڕابەری فەلسەفەی نوێ و پێشڕەوی ڕێبازی ڕاشاونالیزم، ئاوەزی / عەقڵانی، دادەنرێت. لە شارۆچکەی فلێچی، لە فەرەنسا، لە دایکبووە و خوێندنی تەواو کردووە، ساڵی 1618 خۆی بۆ خزمەتی سەربازی ناونووس دەکات و دەچێتە هۆڵاند و دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن، دەچێتە ئەڵمانیا. دێکارت، هێندە پەرۆش و لەخەمی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی خۆیدا بووە، پێیوابووە، کە خودا ئەوی بۆ «پەرەپێدانی زانستی نوێ و بێهاوتا دەستنیشان کردووە!» بەڵام بە بڕوای خۆی ئەو هێشتا بۆ ئەو کارە نەدەشیا، هەر بۆیە زیاتر خۆی بە لێکۆڵینەوە لە مێتافیزیک و بایۆلۆجیەوە خەریک کرد. لە ساڵی 1637 دا یەکەم کتێبی خۆی بەناوی «دیسکۆرسی مێتۆد / گوتار دەربارەی مێتۆد» ی بڵاو کردوە. لە ساڵی 1641دا کتێبی «مێدیتەیشن / بەناخدا ڕۆچوون دەربارەی بنەماکانی فەلسەفە» ی بڵاو کردەوە. ئەم دوو کتێبە لە شێوەی بیۆگرافیدا نووسراون و کاریکتەری سەرەکی «من» ێکی تا ڕادەیەک سەرلێشێواوە، وێڵە بە دوای وەڵامی پرسیار و زانیاردا.

بە کورتی، دێکارت، پەیوەندیەکانی نێوان «خۆ» و «دەرەوەی خۆ»ی بە زانینەوە بەستۆتەوە و لە سەر زەمینەیەکی ئەپستمۆلۆجی (زانیار) دایمەزراندووە.

دەتوانین کۆجیتەی «من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم» بکەین بە دوو بەشەوە، یان دوو «من» ـەوە. منی یەکەم، سەربەخۆیە و وابەست نیە بە بوونێکی ماتەرییەوە. کەواتە بیرکردنەوە لای ئەم منە، ناوەڕۆکێکی گیانەکییە و پەیوەستی جیهانێکی بەرزە. منی دووەم، بوونێکی ماتەرییە و لە بوونی ناوەڕۆکە گیانەکیەکە ترازاوە و پەیوەستە بەم جیهانەوە / ئێرە، ئەمەش کۆنتراس و دژوارییە، لە دوالیزمی دێکارتدا.

بەگوێرە ئەم بۆچوونەی دێکارت، گیان/ بیرکردنەوە، دەتوانێت بەبێ هەبوونی لەشیش هەبێت، یان ڕوو بدات.

گەر مرۆڤ ناوەڕۆکێکی گیانەکی هەبێت، ئەوا دەبێت بڕوا بەوە بهێنین، کە کەسانی دیکەش وەک ئێمە ئاگامەندن و بیریش دەکەنەوە. بەڵام ئەم بڕواهێنانە بەڵگەی لۆژیکمەندانەی بوونی کەسانی دیکەمان ناداتێ، چونکە بەپێی ئەم شیکردنەوەیە، ئەمە تەنها بەراوردکردن و وێکچواندنە، «ئانالۆجی»یە.

باوەڕهێنان بە بوونی هێزێکی لە پێشتری ئۆنتۆلۆجی، ئایدیالیستیانە (ئاوەزی - عەقڵی) بۆتە چاوگی بوونی مرۆڤ و زانینی دروست و بەها ڕەوشتیەکان. گەر (سەدەمی ئاوەزی) نەبێت، ئەوا نە مرۆڤ و نە زانین و نە بەهای ڕەوشتیش، نابن.

دێکارت، وەک پلاتۆن و ئەریستۆ، تایبەتمەندێتی مرۆڤ بۆ خەسڵەتێکی نەگۆڕ و چەسپاو دەگەڕێنێتەوە، بێگومان ئەم بنەڕەتە ئۆنتۆلۆجیە ئاوەزییە، دەسەڵاتی داهێنان لە مرۆڤ دەستێنێتەوە و هێندەشی ئازادی پێ ڕەوا دەبینێت، کە تەنها کردەوە چاکەکان هەڵبژیرێت. پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجیەکانی نێو فەلسەفەکەی دێکارت، هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە زانیارییەکی ڕاست و گومانبەدەر.

دێکارت لە کتێبی دووەمیدا، کۆمەڵێک پرسیاری قوت کردۆتەوە، وەک «من دەتوانم گومان لە چی بکەم؟»، یان «ئایا شتێک هەیە من گومانی لێنەکەم؟» لەم پرسیارانەدا بەدیار دەکەوێت، کە دێکارت لە گێژەنی گومانێکی سەختدا سوڕی خواردووە، ئەم گومانە لە خاڵێکدا دەگاتە لوتکە، کە تەنانەت هاوکێشە ماتماتیکیە بەڵگەنەویستەکانیش دەگرێتەوە، کاتێک دەڵێت:

«تەنانەت، گومانیشم لە ماتماتیک هەیە. دەشی گیانێکی شەڕانی، هێزێکی خراپە، وام لێبکات بڕوا بەوە بهێنم، کە 2+2 =4، بەڵام ڕەنگە لە ڕاستیدا بکاتە 5 یان 6».

یان دەڵێت:

«من تەناتەت لەوەش بەگومانم، کە ئەم لەشە، جەستەی من بێت، چونکە کاتێک خەون دەبینم، دەشێ وا هەست بەکەم لەبەر ئاگردانێکدا دانیشتووم و لە نێڵەی ئاگرەکەی دەڕوانم. تەواوی دیمەنەکە زۆر زیندوو دێتە بەرچاو، وام لێدەکات بڕوا بکەم کە بەئاگام. باشە ناکرێ نوقرچێک لەخۆم بگرم؟ ئەرێ دەکرێ، بەڵام دیسان هەر لەخەوندا ئەو نوقرچە لەخۆم دەگرم. ئیدی چۆن بتوانم خەون و ڕاستەقینە لێک جودا بکەمەوە؟ یانژی چۆن بزانین کە ئەوە گیانێکی شەڕانی نیە هەردەم فێڵمان لێدەکات و بە هەڵەماندا دەبات؟».

دێکارت بڕوای وابوو، کە هەستەکانمان هەردەم بەهەڵەماندا دەبەن. تەنانەت ڕەوشت و ئاکار و زانستیش، جێگەی گومانن. تاقە شتێک کە دێکارت لێی بەگومان نیە، بوونی خودایە. بۆ سەلماندنی هەبوونی خودا، دێکارت بە چوار هەنگاو / قۆناغ ، ڕاستەقینەی ئەو بوونە دەسەلمێنێت:

1- من کاتێک لە گوماندا بم، ئیدی هەست بە ناکاملی / ناتەواوی خۆم دەکەم.
2- من بیر (ئایدیا) یکم دەربارەی کاملێک/ تەواوێک، هەیە.
3- منێکی ناکامڵ / ناتەواو، بنەما و هۆکاری ئەم بیر (ئایدیا) یە نیم.
4- بیر (ئایدیا) هۆکارێکی هەیە، ئەویش خودایە.

ڕەنگە بزوێنەری دەستنیشانکردنی ئەم چوار خاڵە / هەنگاوە، هۆکارەکەی ئەوە بێت، کە دێکارت بڕوای وابوو، ئیدیا / بیر زگماک و خۆڕسکە. لەگەڵ ئەمانەشدا دێکارت بە ڕابەری فەلسەفەی نوێ و ڕێبازی مۆدێرنەتە، دادەنرێت، چونکە بڕوای وابوو کە ئەو بنەڕتە زانیارییەی بنەمای زانستە نوێیەکانی لەسەر داڕێژراوە، دەکرێ لە ڕێگای فەلسەفەوە داکۆکییان لێ بکرێت، بۆیە چوار ڕێسای داناوە، کە بە مێتۆدە گەردونیەکان، ڕێسا گشتگرەکان، یان (یونڤێرشاڵ مێتۆد) ناوی بردوون. بڕوای وابووە، کە دەکرێ بۆ ڕاڤەی زانست و فەلسەفەش بەکار بهێنرێن:

- ڕێسای 1 - تەنها ئەو ڕاستیانە قبووڵ بکە و وەربگرە، کە ڕوون و ئاشکران و ناشێ گومانیان لێبکرێت.
- ڕێسای 2 – هەردەم کێشە ئاڵۆزەکان، ورد بکەوە، (بەش بەش) بکە، تا گشت وردەکاریەکانی بە باشی ببینیت.
- ڕێسای 3 – بە قۆناغ بیربکەرەوە، هەمیشە لە کێشە و پرسیارە ئاسانەکانەوە دەسپێبکە و هەنگاو بە هەنگاو برۆ بۆ کێشە و پرسیارە سەختەکان.
- ڕێسای 4 – بە دیقەت بە و مەهێڵە دەرئەنجام و شیکردنەوەکانت بە هەدەر بڕوات و لە دەست بچێ.

ئەم ڕێسایانە، ژیری، ئاوەز و ماتماتیک، دەکات بە بنەما. یەکێک لەو کەسانەی کە زۆر کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی دێکارت هەبووە، ئێوکلیدی یۆنانی بووە.

### ئیوکلید، زانای ماتماتیک، له سالآنی (300 پ.م.)

له ئەلەکسەندەریە ژیاوە. ئەم زانایە کۆمەڵێ زانیاری و زانستی لە کتێبێکدا کۆ کردۆتەوە و نێوی ناوە «ئێلێمنتا» کە تێکەڵەیەک بووە لە زانستی گیۆمێتری / ئەندازە و لۆجیک. ئەم کتێبە تا ساڵەکانی سەدەی هەژدە لە زانکۆکانی ئەورووپادا دەخوێندرا. ئێکۆلید، لەو کتێبەدا کۆمەڵێک پێناسەی دارشتووە، ناوی ناون «ئاکسیۆم» ئەم ئاکسیۆمانە، هەوڵێک نین بۆ سەلماندنی ڕاستیەکان و وەک پێویستی دانەڕێژراون، بەڵکوو هەرکەسێک بیان بینێت، یەکسەر تێدەگات و دەزانێت کە ڕاستین.

- «ئاکسیۆم خۆی ڕاستییەکی درەوشاوەیە».

### ئێمانۆیل کانت (1724– 1804)

بە ڕابەری فەلسەفەی نوێی ئەڵمانی دادەنرێت. سەردەمی زێڕینی فەلسەفەی ئاڵمانی لەگەڵ کانتدا دەست پێدەکات و هەر یەک لە شۆپنهاوەر، هێگڵ، مارکس، فیۆرباخ، فێختە، ئانجلس، نیتشە، هۆسرڵ و هایدگەر، زیاتری دەڕازێننەوە. کانت، ڕۆڵی لە هەموویان زیاتر دیارە.

کانت «ئەو مەزنە گچکەیە، یان، ئەو گچکە مەزنە» گرنگی ڕۆڵەکەشی لەوەدابوو کە ڕێبازی «ڕاشونالیزمی» لەگەڵ ڕێبازی «ئێمپیریزم» دا تێکەڵ کرد.

### ڕاڤە

- ئێمپیریزم: ئەزموونی، لە وشەی (ئێمپایریا)ی یۆنانی وەرگیراوە. ئەم ڕێبازە لە بریتانیا، لە هەمبەر ڕێبازی ڕاشونالیزمدا سەری هەڵدا. بەگوێرەی ئەم ڕێبازە، زانیاری لە ڕێگەی ئەزموونەوە وەردەگیرێت و سەرچاوەکەشی تەنها هەستەکانن. (دروست بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی دێکارتەوە).
- دوالیزم: لە وشەی«دوالیس» ی لاتین وەرگیراوە. هەرشتێک کە لە دوو شت پێک هاتبێت. بڕوابوون بە دوو بنەما لە تیۆری میتافیزیکدا کە بنەمای بوون، بۆ دوو هۆ دەگەڕێنێتەوە.

- ڕاشونالیزم: ئاوەزیی، لە وشەی (ڕاتیۆ/ ڕاشیۆ) ی لاتین وەرگیراوە، بەگوێرەی ئەم ڕێبازە بە دەستخستنی زانیاری دەربارەی ڕاستەقینە (حەقیقەت) و بابەت، تەنها لە ڕێگەی ئاوەزەوە دەبێت. ئەم ڕێبازی ڕاشاونالیزمیە، لە دوای دێکارتەوە، هەریەک لەم فەیلەسووفانە پەیڕەویان کرد باروچ سپێنۆزا (1632- 1677)، گۆتیفرید ویلهێڵم لیبنیز (1646- 1716) و ئیمانۆیل کانت.
- مێتافیزیک: لە هەردوو وشەی «مێتا» و «فیزیک» یۆنانیەوە وەرگیراوە، بە مانای «دوای سروشت» / «ئەودیو سروشت». ئەم چەمکە، لە کتێبەکانی ئەریستۆتێلیسدا، دوای مردنی خۆی، نووسراوە. ئەریستۆتێلیس خۆی لەبری ئەمە، چەمک یان وشەی « پریما فیلۆسۆفیا / فەلسەفەی یەکەم»ی بەکارهێناوە.

## چیرۆک

### بودا

شازادە سیداهارتا گەوتاما، نزیکەی (500 ساڵ پ.م) لە باکووری هندوستان ژیاوە. سیداهارتا، وەک شازادەیەک لە هیچی کەم نەبووە. هەر لە خۆراک و پۆشاک، تا موڵک و سامان و خۆشگوزەرانی ژیان. هەر کاتێک هەستی بە دڵتەنگی کردبا، دەیان لێبوک و قەرەقۆز، قۆشمەییان بۆی دەکرد تا دەیانهێنایە خەندە. گەر ساتێک پەژارە با، سەدان شۆخی نازدار، بۆ خەمرەوێنی ئەو. سەمایان دەکرد و بە دەنگی بەسۆز سترانیان دەچڕی.

بە فەرمانی شا (بابی سیداهارتا) هەر شتێک نیشانە، یان مایەی نیگەرانی و پەژارەیی بایە، لە کۆشک و دەرەوەی کۆشکدا، نەدەبا بکەوێتە بەر دیدی شازادە. (ئاخر کە سیداهارتا لە دایک بوو، بابی، گشت جادووگەرانی مەملەکەتی بانگ کرد، تا فاڵ بگرنەوە و بزانن چارەنووسی شازادە بە چی دەگات. دوای فاڵگرتنەوە و ئەستێرەدۆزی و مشتومڕێکی زۆر، گەورە جادووگەری وڵات چووە خزمەت شا و پێی گوت:

- گەورەم، ئەم کوڕەی جەنابتان منداڵێکی ئاسیی نیە. بەڵام گەر شازادە، هەردەم لەتەک بابی لە کۆشکدا بمێنێتەوە، ئەوا لە پێشین ڕۆژدا گشت مەملەکەتەکانی هیندستان داگیر دەکات و دەبێتە شای شاهان و گشت جیهان. وەلێ گەر لە کۆشک چوە دەر و دنیای دیت، ئەو کات دەبێت بە ڕزگارکەر و ڕێنیشاندەری گشت مرۆڤان.

شا، کە دەیویست کوڕە تاقانەکەی نەک هەر جێگەی بگرێتەوە، بەڵکوو بشبێتە شای گشت شاهان، بەشی دووەمی وەڵامەکەی بە دڵ نەبوو، هەر بۆیە فەرمانی دا هەرچی جادووگەر لە وڵاتدا هەیە، لەناو ببرێن. تا ئەو نهێنیە نەدرکێنن. شا، هەردەم بە سیداهارتای دەگوت، کە دنیا گشتی وەک ئەم کۆشکە، پڕە لە خۆشی و ئاسوودەیی. بەڵام سیدەهارتا حەزی دەکرد خۆی ئەوە بە چاو ببینێت. بۆیە بڕیاری دا لە کۆشک بچێتە دەرەوە.

شا کە زانی کوڕەکەی سوورە لەسەر چوونە دەرەوە، بە پەلە قەرەوڵ و پاسەوانی ناردە ناو شار تا هەرچی پیر و پەککەوتە و نەخۆش و هەژار و بێدەرەتان هەیە، لە شەقام و کۆڵانەکانی شاری دوور بخەنەوە. هەروەها فەرمانی دا گشت خەڵکی خەریکی سەما و شادی بن.

که سیداهارتا گەیشتە ناو شار، دیتی شار وەک ئەوە وایە کە بابی بۆی باس کردبوو. خەڵکی شادن و هەژار و نەخۆش و بێدەرەتانیان تێدا نیە. لە کاتی گەڕانەوەدا لەناو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا چاوی بە پیاوێکی پیر کەوت، توانای ڕاوەستانی نەبوو، خۆی دابوو بەسەر گۆپاڵەکەیدا. دیاربوو پاسەوانەکان بیریان چووبوو ئەو پیرە دوور بخەنەوە، ئیدی سیداهارتا کەوتە ڕامان و بیرکردنەوە.

ڕۆژێکی دیکە، دیسان سیداهارتا لە کۆشک چووە دەرەوە و بابیشی هەمان فەرمانی بە پاسەوانەکان و خەڵکی شاریش دایەوە. خەڵکی خەریکی سەما و شادی بن.

ئەم جارەش لە کاتی گەڕانەوەدا، سیداهارتا چاوی بە پیاوێکی لاواز و زەردهەڵگەڕاو و نەخۆش کەوت. دیسان بووە مایەی ڕامان و بیرکردنەوەی.

جاری سێیەم بە هەمان ڕێوڕەسم چووە دەرەوە، ئەم جارە دیتی لە کۆڵانێکدا ئاگر کراوەتەوە و دووکەڵ هەڵدەستێت. دیتی وا چەن کەسێک خەریکن لاشەی مردوویەک دەسوتێنن (هیندۆس، لەبری ناشتن، لاشەی مردوو دەسووتێنن). جاری چوارەم کە لە کۆشک چووە دەرەوە، موغێکی دەرۆزەکەری دیت. کەوایەکی جاوی لەبەردا بوو، سەری پاک تاشی بوو، کاسەیەکی چێشتی بەدەستەوە بوو. سیداهارتا لە دیمەنی ئەم موغەوە فێر بوو کە مرۆڤ چۆن بە دوای مانای ژیاندا وێڵە.

ئیدی سیداهارتا بڕیاری دا بە شوێن پەیداکردنی مانای ڕاستەقینەی ژیاندا بگەڕێت و ژیانی جوانکراوی نێو کۆشک و تەلار تورهەڵدا، بڕیاری دا عەوداڵی ڕاستی بێت. لە نیوەشەوێکی هێمندا بە نیگایەکی پڕ لە هەست و خۆشەویستییەوە بۆ دواجار لە ڕوخساری هاوسەرەکەی و کوڕە تاقانەکەی ڕوانی، کە لە شیرین خەودا بوون و بێدەنگ ماڵئاوایی لێکردن. هەر ئەو شەوە، پشتەو تەخت و تاجی شاهانە، بە مەبەستی گەڕان بە دوای ڕاستیدا، ڕووی لە کەژ و هەرد و جەنگەڵان کرد. سەری خۆی پاک تاشی. شەش ساڵان لە خزمەت پیرانی تەریقەتدا مایەوە تا تەواو بە ناخی خۆیدا ڕۆچوو. دوای خەتمکردنی تەریقەت و تێگەیشتن لە چوار ڕاستی:

- **ڕاستی یەکەم:** هەموو بوونێک، ناتەواو پڕە لە ئازار
- **ڕاستی دووەم:** هەموو بوونێک وابەستەی حەز و چێژە و عەوداڵی بە دەستخستنی شتی چەسپاو و تەواوە، لە جیهانێکی ناچەسپاو و ناتەواودا
- **ڕاستی سێیەم:** گەیشتن بە نیرڤانا (پاکێتی)

- **ڕاستی چوارەم**: پەیداکردنی ڕێگاکانی گەیشتن بە نیرڤانا،

هەشت ڕێگەن و بە ڕێگە ڕاستەکان ناسراوون:

1) دیدی ڕاست
2) بیرکردنەوەی ڕاست
3) گوتاری ڕاست
4) هەڵسوکەوتی ڕاست
5) بژێوی ڕاست
6) تەوانایی (تەحەمول) ڕاست
7) وریایی، یان هۆشیاری ڕاست
8) ڕامانی ڕاست (مێدیتەیشن)

دوای گەیشتن بەو ڕاستیانە، سیداهارتا، چووە ژێر درەختێک (دواتر ئەو درەختە ناونرا درەختی بودا) و بە هەموو ناخی خۆیدا ڕۆچوو (مێدیتەیشنی کرد) ئیدی هەستی کرد، کە سیداهارتا لە ناخی ئەودا ون بوو. (بودا = هۆشیار) جێگەی گرتەوە. بودا لە سەرتاپای هیندستاندا ناوبانگی بڵاوبۆوە. خەڵکی دەهاتنە زیارەتی. نەیان دەپرسی: «تۆ کێیت؟» بەڵکوو دەیانپرسی: «تۆ چیت؟».

- دەیانپرسی: تۆ خودایت؟
- دەیگوت: نەء.
- دەیانپرسی: تۆ فریشتەی؟
- دەیگوت: نەء.
- دەیانپرسی: تۆ پیر و پیاوچاکی؟
- دەیگوت: نەء.
- دەیانپرسی: ئەی تۆ چیت؟
- دەیگوت: من بودام، من هۆشیارم.

### زانیاری زیاتر

گەرچی بەسەرهاتی ژیانی بودا تێکەڵەیەکە لە ڕاستی و ئەفسانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوە مێژووییە هیندییەکان دەڵێن سیداهارتا، کوڕی پادشای وڵاتی نیپاڵ، کە بەشێک بووە لە هیندستان، لە ساڵی (563 تا 483 پ.م.) ژیاوە و لە تەمەنی 29 ساڵیدا ژن و منداڵ و تەخت و تاج جێ دەهێڵێت و دوای موغێکی هیندو دەکەوێت، تا فێری مێدیتەیشن (ڕامان) ببێت. لە داوای 6 ساڵ لە ڕۆژووگرتن و ڕامان و بیرکردنەوە. دەگاتە (ڕاستی) ڕاستییەک کە تا کۆتایی ژیانی لەگەڵیدا ژیا. بودا، نزیکەی 40 ساڵ، موغ بووە و دەروێشانە ژیاوە.

لە تەمەنی 80 ساڵیدا مردووە. بە ڕای بودا، سەرچاوەی گشت ئازارێک، حەز، یان ویستە. گەر مرۆڤ توانی بەسەر حەزەکانی خۆیدا زاڵ بێت و جڵەویان بکات، ئیدی لە ئازاریش ڕزگاری دەبێت و دەگاتە ژیانی جاویدانی، یان نیرڤانا. ئەمڕۆ لە جیهاندا 400 تا 450 ملیۆن کەس بڕوایان بە بۆچوونەکان و ڕێنماییەکانی بودا هەیە، بە سەدان هەزار کەسیش لەسەر هەمان ڕێچکەی ژیانی ئەو دەڕۆن و گشت حەز و ئارەزوویەکی خۆیان زیندەبەچاڵ کردووە و بەشوێن ڕاستی و ژیانی جاویدانیدا وێڵن. بەو کەسانە دەڵێن «مونک».

### ڕاڤە

- مێدیتەیشن: ڕامان و بە ناخی خۆدا ڕۆچوون. بیرکردنەوەی زۆر قووڵ.
- نیرڤانا: *دامرکاندنەوە* - مەبەست دامرکاندنەوە و جڵەوکردنی حەز و ئارەزوەکانی لەشە.
- ترۆپکی، مێدیتەیشن/ بەناخی خۆدا ڕۆچوون، نیرڤانایە.

### پرسیار

1) ئایا تەنها بە تێڕامان دەتوانینن لە ڕاستی تێبگەین، یان بگەین بە ڕاستی؟
2) کاتێک کە ئێمە بابەتێک «شتێک» نەبینین، یان نەکەوێتە بەر چاومان، ئیدی ئەوە مانای نەبوون، یان ڕوونەدانی ئەو شتەیە؟

3) ئایا هەموو بابەتێک «شتێک» دژە بابەتێکی لەگەڵدایە، یان لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە؟
4) بە بڕوای تۆ لە پشت هەموو ڕووداوێک، یان بەسەرهاتێکی مێژووییەوە، بیرۆکەیەک، یان (ئایدیایەک) هەیە؟
5) بڕوا دەکەیت کێشە، یان ناکۆکی نێوان، «بیر» و «بڕوا»، هێزی بزوێنەری مێژوو بێت؟
6) بە تەنها زیندەبەچاڵ کردنی حەزەکانمان، دەروونمان ئاسوودە دەکات؟
7) بڕوا دەکەیت، بودا بیتوانیایە بە پاشایەتیش بەو (هۆشیاری) یە بگەیشتایە، کە بە گەدایی پێیگەیشت؟
8) ئایا تەنها بە دوورکەوتنەوە لە «شت» ماتریاڵ، دەتوانین بەها ئاکاری و ڕەوشتیەکان بپارێزین؟
9) ئایا ژیان سەرتاپای ئازارە (ئازاری جەستەیی و دەروونی)، یان ئازار (چ جەستەیی و چ دەروونی) بەشێکی سروشتیە لە ژیان ؟
10) کاتێک، کە بابەتێک، لەگەڵ دژەبابەتدا دەکەونە جەنگەوە، ئیدی (تێکهەڵکێش) بابەتێکی نوێ، دێننە ئاراوە؟

**کارڵ مارکس (1881- 1883)**

- «مێژوو، مێژووی کێشەی نێوان چینەکانە»

کارڵ مارکس، لە سەرەتادا یەکێک بووە لە پەیڕەوانی هیگڵ، کە بە «هیگڵیانی چەپڕەو» ناسرابوون. دواتر ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی داهێنا کە بە دیالێکتیکی ماتریالیزمی ناسرا. کەم فەیلەسووف هەبووە هێندەی مارکس، لایەنگر و نەیاری هەبووبێت. ڕێبازی فەلسەفەی مارکس بە «مارکسیزم» ناسراوە. سیان لە نووسراوەکانی مارکس « مانیفێستی کۆمۆنیزم»، «ئایدیۆلۆجیی ئاڵمانی» و «کاپیتاڵ- سەرمایە» زۆرترین مشتومڕیان دەربارە کراوە.

**جۆرج ولهێلم فریدرچ هیگڵ (1770 – 1831)**

- «هیچ هێزێک نیە بتوانێت بەر لە پێشکەوتن و گۆڕان بگرێت»
- «مێژوو گفتوگۆیەکی دیالێکتیکانەیە لە فۆرمێکی گەورەتردا»

بەم دیدەوە هیگڵ، لە ئەورووپای دوای شۆڕشی فەرەنسای دەڕوانی. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ئیدی مێژوو بۆ دواوە ناگەڕێتەوە. کە شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی 1789 دا بەرپا بوو، هیگڵ لاوێکی تەمەن 19 ساڵان و خوێندکاری زانکۆ بوو. ئەو «شیعارەی» شۆڕش بەرزی کردبۆوە «ئاشتی لەگەڵ کوخنشینان و شەڕ دژی کۆشک و تەلارنشینان» یان «ئازادی و یەکسانی بۆ گشت مرۆڤ» بە هەزاران کەسی وەک هیگڵی کردبووە لایەنگری شۆڕش و ئاواتەخوازبوون ڕۆژێک زووتر قارەمانانی شۆڕش بگەنە بروسیا (ئەڵمانیا) و لە دەست ئاغا و دەرەبەگ و میرە دواکەوتوو و خوێنمژەکان، ڕزگاریان بێت.

«کاتێک کە لە مێژوو دەکۆڵینەوە، دەبینین هەردەم بەرەو پێشەوە دەڕوات. جیهان هەردەم لە گۆڕاندایە، گۆڕان بەرەو باشتر. گۆڕانێکی پۆزەتیڤانە». بەم ڕایە، هیگڵ لە فەیلەسووفانی ڕێبازی ڕۆشنگەری، نزیک دەبێتەوە. بەڵام نا، ئەم وەک ئەوان نیە سەردەمێکی مێژوویی بە چاک و پێویست بزانێت و سەردەمێکی دیکەش بە خراپ و ناپێویست. بەڵکوو بە بۆچوونی ئەم «گشت سەردەمە مێژووییەکان گرنگ و پێویست بوون و هەر سەردەمێکیش تەواوکەری سەردەمی زووتر و بنیاتنەری سەردەمی داهاتووە».

ئالەم خاڵەوە فەلسەفەی هیگڵ (فەلسەفەی دیالێکتیک، دیالێکتیکی مێژوویی) دەست پێدەکات.

**بەڵام ئەو هێزە چیە کە پرۆسەی مێژوو دەبزوێنێت؟**

ئەو هێزە، بە بڕوای هیگڵ، جەنگ و ناکۆکیە. هیگڵ ئەم بیرۆکەیەی لە هێراکلیت، (500 ساڵ پ.م.) وەرگرتووە. هێراکلیت بڕوای وابوو کە «هەرچی گۆڕانکارییەک لە سروشتدا ڕووو دەدات، لە ئەنجامی جەنگ و ناکۆکیی نێوان دژەکانەوەیە وەک، گەرمی و ساردی، ڕووناکی و تاریکی و...».. بەڵام ئەو جەنگ و ناکۆکیانە کە دەبنە مایەی بزاوت و گۆڕانەکانی نێو مێژوو، بە بڕوای هیگڵ لەو جۆرە ناکۆکی و دژایەتیانە نین. بەڵکوو جەنگ و ناکۆکی و دژایەتی نێوان بیر و بۆچوونەکانە.

ئایا جەنگ و دژایەتی نێوان بیر و بۆچوونەکان، گۆڕانکاری لە مێژوودا بەرپا دەکەن و قۆناخی مێژوویی نوێ دێننە ئاراوە؟ ئایا ڕووداوێکی لەو جۆرە لە مێژووی فەلسەفەدا ڕووی داوە؟

بەڵێ ڕووی داوە. نزیکەی (500 ساڵ پ.م.) کۆمەڵێک فەیلەسووف لە یۆناندا هەبوون و سەرقاڵی سروشت و گۆڕانکارییەکانی نێو سروشت بوون و عەوداڵی پەیداکردن و ناسینەوەی ئەو ماتریاڵە بوون کە سەرچاوەی گشت «شتێک» بووە. ئەمانە بە فەیلەسووفانی سروشت ناسرابوون. نزیکەی 100 ساڵ دواتر، واتە (400 ساڵ پ.م.) کۆمەڵێک فەیلەسووفی دیکە پەیدا بوون، کە سەرقاڵی مرۆڤ و کێشەکانی مرۆڤ بوون و ئەوەی بەلایدا نەدەچوون سروشت و پرسە سروشتیەکان بوو. ئەمانە بە سۆفیستەکان ناسرابوون.

ئەم جەنگ و ناکۆکی و دژایەتییە، قۆناغێک فەلسەفە و مێژووی بەرەو پێشەوە برد. ئەمەش ڕاستی بۆچوونەکەی هیگڵ دەسەلمێنێت کە هەموو قۆناغێک تۆوی دژایەتی خۆی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە. یان وەک هیگڵ ناویان دەنێت «تێسیس/ بابەت و ئەنتی تێسیس/ دژەبابەت». کەواتە هەموو بابەتێک/ قۆناخێک، دژەبابەت و دژەقۆناغی خۆشی هەڵگرتووە،

بەڵام کێشەکە، لای هیگڵ، لێرەدا کۆتایی نایەت، بگرە پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێترەوە، ئەویش قۆناخی سینتێسیس/ تێهەڵکێشە، کە هەڵگری بابەت و دژەبابەتیشە. یان بە

واتایەکی دیکە، تێکەڵەیەکە لە بابەت و دژەبابەت. ئەی بۆ ئەم قۆناخە نوێیە هیچ نموونەیەکمان لە مێژووی فەلسەدا هەیە؟

بەڵێ، پلاتۆن نموونەیەکی زیندووی ئەم قۆناخەیە. پلاتۆن سەرقاڵی پرسە سروشتیەکان و پرسە مرۆییەکانیش بوو، بەڵام فەلسەفەکەی پلاتۆن نە فەلسەفەی فەیلەسووفە سروشتیەکان و نە فەلسەفەی فەیلەسووفە سۆفیستەکانش بوو، بەڵکوو سینتێسیس/ تێهەڵکێشێک بوو لە هەردووکیان و قۆناغێکی نوێ بوو.

بە بڕوای هیگڵ پەرەسەندنی قۆناغەکان لە تێسیس/ بابەت بۆ ئەنتیتێسیس/ دژەبابەت و دواتر بۆ سینتێسیس/ تێهەڵکێش، بزاوتێکی دیالێکتیکیە. هیگڵ ئەم زاراوەیەی لە سۆکراتیس وەرگرتووە.

هیگڵ وای دەبینێت کە سۆکراتیس لە گفتوگۆکانی لەگەڵ کەسانی دیکەدا، هەردەم لە بابەتێکەوە دەستی پێکردووە. سۆکراتیس هەوڵی داوە ئاخێوەر بۆ خۆی بگاتە چەند ڕاستییەک و لە ئەنجامدا بیرێکی نوێی لەمەڕ بابەتی ئاخاوتنەکە لە لا دروست ببێت. لەم ڕوانگەیەوە هیگڵ دەگاتە بڕوایەک کە «مێژوو ئاخاوتنێکە لە فۆرمێکی زۆر مەزندا».

## ئازادی لە دیدی هیگڵدا

بە بڕوای هیگڵ، کلتوری ئەورووپا هەر لە سەردەمی شاردەوڵەتی یۆنانەوە (ساڵی 500 پ.م.) سەرقاڵی ئازادی مرۆڤ (تاکەکان) بووە. لەو ڕۆژگارەدا، هاوشاریە ئازادەکان (هاونیشتمانیان)، سەربەست بوون لە بیروڕا دەربرین و بەشداریکردنی بڕیاری ڕامیاری و کارگێرایەتی شاردا. بەڵام، ژنان و کۆیلە و خەڵکی بێگانە، لێیی بێبەری بوون.

لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی یۆنانەکان و پەرەسەندنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان، ئەم ئازادیانە زیاتر پەرەیان سەند و لە یاساشدا چەسپێنران. لە لای ڕۆمانەکانیش وەک یۆنانیەکان، ئازادی بە تەنها پاوانی «پیاوانی ئازاد» بوو. بە بڕوای هیگڵ، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاینی مەسیحدا، ئیدی ئازادی بە هەموو مرۆڤەکان ڕەوابینی. هیگڵ وای دەبینی کە لە سەردەمی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری ساڵانی 1600 و 1700، کێشەی ئازادی بوو بە کێشەی سەرەکی فەلسەفە و فەیلەسووفانی سەردەمی ڕۆشنگەری سەلماندیان، کە مرۆڤ هەر بە سروشت

ئازادە و بە ئازادیش لە دایک دەبێت. ئەم دیدە بووە بنەما و یەکێ لە سێ کوچکە سەرەکیەکەی شۆڕشی فەرەنسا «ئازادی و یەکسانی و برایەتی».

هەر لەم بوارەدا هیگڵ بیروڕای خۆی لەمەڕ شارستانی (ئۆریەنتاڵ) ڕۆژهەڵات، چین و هند و فارس، دەردەبڕیت. پێیوایە لەو شارستانیەت و کلتورانەدا بیری ئازادی تاک، سەری هەڵنەداوە، چونکە تەواوی خەڵک وەک کۆیلەی شا و ئیمپراتۆرەکان ژیاون.

ڕووداوێکی زۆر گرنگ لە ژیانی هیگڵدا، ئەوە بوو کە لە ساڵی 1818 دا کرا بە سەرۆکی زانکۆی بەرلین. هیگڵ پشتگیری تەواوی خۆی بۆ ڕژێمی شا فریدریکی سێیەم دەربڕی، کەچی هەر هەمان ساڵ بە فەرمانی شا، ئازادیی نووسین و ڕادەربڕین قەدەغەکرا و هیگڵیش کە هەردەم باسی ئازادی دەکرد، وشەیەکیشی دژی ئەم بڕیارە نەگوت!

**تێبینی بۆ مامۆستا**

بەسەرهاتی بودا و پەیوەندی بیرۆکەی تێسیس/ بابەت، ئەنتی تێسیس/ دژەبابەت، سینتێسیس/ تێهەڵکێش.

ژیانی شاهانەی سیداهارتا لە کۆشکەکەی بابیدا، (تێسیس/ بابەت)، ژیانی گەدایی و دەروێشی (ئەنتی تێسیس/ دژەبابەت)، کاتی گەیشتن بە هۆشیاری/ بودا (سینتێسیس/ تێهەڵکێش). بودا، تێکەڵەیەکە لە ژیانی گەدایی و ژیانی شاهی، بودا گەرچی گەدا بوو، بەڵام پلە و پایەی لە لای خەڵکی لە گشت شایەک بەرزتر بوو.

**ڕاڤە**

- دیالێکتیک: لە وشەی (دیالیکتیکا)ی یۆنانی وەرگیراوە. ئەم چەمکە فەلسەفیە لە زۆرترین گوتار و ڕاڤەی فەلسەفیدا بەکار هاتووە. یەکەم جار، پلاتۆن وەک چەمک لە پرۆسەی «پرسیار - وەڵام» دا لە دیالۆگەکانی سۆکراتیسدا، بەکاریهێناوە. دواتر ئەریستۆتێلیس ڕەهەندێکی قووڵتری پێدا و بۆ مەبەستی وەڵام (وەڵامی لۆجیکانە) بەکاری هێنا.

- ڕۆشنگەری: قۆناخێکی فەلسەفیە، لە ساڵی (1700 تا 1789) لە بەریتانیادا، لەسەر دەستی نیوتۆن، هۆببیس، لۆک و هیوم، دەستی پێکرد. ئەمانیش لە بنەڕەتدا، بیرۆکەکانیان لە فەیلەسووفە فەرەنسییەکان ڤۆلتێر، هۆڵباخ، لامێترێ و دیدیرۆت، سەرچاوەی گرتبوو. دواتریش پەڕی بۆوە بۆ لای فەیلەسووفە ئاڵمانیەکان، لەیبنیز و کانت.
- ئۆریەنتاڵ: لە وشەی (ئۆریەنس)ی لاتینەوە وەرگیراوە، بە مانای ئەو بەشەی ئاسمان، کە خۆری لێوە هەڵدێت. (خۆرهەڵات)
- کلتور: مارکس: «هیگڵ بە هەڵەدا چووە، کە دەڵێت بیر و بڕوا، مێژوو دەبزوێنن و بەرەو پێشەوەی دەبەن. مێژوو، بزوێنەری ماتریاڵیی هەیە، واتە، ئەوە هێزی ماتریاڵە، کە مێژوو بەرەو پێشەوە دەبات، نەک بیر و بڕوا».

## چیرۆک

### ئازادی و ڕێسا

دوای نیوەڕۆری ڕۆژێکی هەینی بوو. هاژە و چیا، لە ژوورەکانی خۆیاندا سەرقاڵبوون. دایکیان بانگی کردنە هۆڵەکە و پێیگوتن:

- کچە خۆشەویستەکانم، من و باوکتان دەچینە سەردانی کاک هیوای هاوڕێمان. دەزانن کاک هیوا، تازە لە نەخۆشخانە هاتۆتە دەرەوە، چونکێ نەشتەرگەری (عەمەلیات) ی گورچیلەی بۆ کراوە. گورچیلەیەکیان دەرهێناوە و گورچیلەیەکی دیکەیان بۆ داناوە.

لەبەر ئەوەی کاک هیوا، کەمێک ئازاری هەیە، بۆیە ناکرێت ئێوە لەگەڵ خۆماندا ببەین. تەنها سەعاتێک لە لای کاک هیوا دەبین و دوای دوو سەعاتی دیکە، دەگەڕێینەوە. جا لەو ماوەیەدا نابێت کەس لە هاوڕێکانتان بهێننە ژوورەوە و ناوماڵ تێک بدەن.

هاژە و چیا، بە نیشانەی ڕازیبوون سەریان ڕاوەشاند و بە «بەڵێ باشە» وەڵامیان دایەوە. دایک و باوکی هاژە، لە ماڵ چوونە دەرێ و سواری ئۆتۆمبیلەکەیان بوون.

باوکی هاژە بە دایکی هاژەی گوت: تۆ زۆر توندی لەگەڵ منداڵەکاندا و ڕێسای سەختیان بۆ دادەنێیت!

دایکی هاژە گوتی: نەخێر ئازیزەکەم، دەبێت بیهێنمەوە بیریان پەیڕەوی ئەو ڕێسایانە بکەن، بۆ ئەوەی ماڵەکەمان نەبێت بە هەرا.

هەر هێندەی دایک و باب ڕۆیشتن، هاژە لە هۆڵەکەدا، کەوتە سەماکردن. باڵەکانی لە هەوادا واڵا کردبوو، سەمای دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئازادین، ئازادین! هەموو ماڵەکە هی خۆمانە و چیمان بوویێت، دەتوانین بیکەین!

چیا، بە گومان و سەرنجەوە تەماشای دەکرد و لێی پرسی: هاژە، ئەوە چیتە؟ خۆ هێشتا دایە و بابە، لە چاو ون نەبوون، جگە لەوەش، ئەوان نزیکەی، ڕێگای هیچ شتێکیان لە ئێمە نەگرتووە و لە گشت هاوڕێکانمان ئازادترین.

هاژە گوتی: بەڵێ ڕاستە، بەڵام. کە ئەوان لێرە نەبن، زیاتر هەست بە ئازادبوونی خۆم دەکەم!

چیا گوتی: زیاتر هەست بە ئازادی دەکەیت، ئەوە خۆت دەیزانی، بەڵام، تۆ گوتت «ئازادین، ئازادین».

هاژە گوتی: ئەی وانیە؟ تۆش واهەست ناکەیت؟

چیا گوتی: بەڵام، تۆ لە منت نەپرسی هەست بە چی دەکەم. بە ناوی منیشەوە قسەت کرد. خۆ دەکرا بڵێیت، ئازادم، ئازادم.

هاژە ویستی وەڵام بداتەوە، بەڵام دەنگی زەنگی دەرگاکە، وەڵامەکەی پێ بڕی. بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: کێیە؟

دەنگێک وەڵامیدایەوە: ئێمەین، کنێر و لاوژە

چیا کە گوێی لە دەنگی ئەوان بوو، وەبیر هاژەی هێنایەوە، کە دایکیان چی پێگوتوون، بۆیە بەهاژەی گوت: هاژە، لەبیرتە، دایکم گوتی نابێت هیچ کەس لە هاوڕێکانمان بهێنینە ژوورەوە.

هاژە گوتی: بەڵێ بیرمە، بەڵام، ئەوان هاتوون بۆ سەردانمان.

چیا گوتی: هەرچۆنێک بێت، ئێمە نابێت بیانهێنینە ژوورەوە. گەر دایکم بزانێت تووڕە دەبێت.

هاژە بەدەنگی بەرز هاواری کرد و گوتی:

- کنێر، داوای لێبوردن دەکەم، ناتوانین هیچ کەس بهێنینە ژوورەوە، چونکە دایکم ڕازی نابێت.

کنێر وەڵامی دایەوە: ئێمە هەر حەزمان کرد بزانین دێنە دەرەوە تا کەمێک یاری بکەین.

ئەمجارە، چیا وەڵامی دایەوە و گوتی: نەخێر، بۆشمان نیە بێینە دەرەوە.

هاژە، بە نیگایەکی نادۆستانەوە، تەماشای چیای کرد و گوتی: خۆ دایە نەیگوت بۆتان نیە بچنە دەرەوە.

چیا گوتی: ڕاستە. بەڵام مەبەستی ئەوەش بوو، با پێشی نەگوتبین.

هاژە، زۆر توڕەبوو. چووە ژوورەکەی دایک و باوکی و لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئێستا بە جوانترین خشڵ و جلەکانی دایکم، خۆم دەڕازێنمەوە.

چیا پرسی: هاژە، تۆ لە دایکمت پرسیوە، کە خشڵ و جلی ئەو بەکاربهێنیت؟

هاژە گوتی: نەخێر. خۆ دایکم لێرە نیە تا بزانێت، کە من شتەکانی ئەو بەکار دەهێنم.

چیا گوتی: جا با لێرەش نەبێت. بەبێ پرسی خۆی، تۆ بۆت نیە شتی ئەو بەکار بهێنیت. جگە لەوەش، من دەتوانم پێیی بڵێم.

هاژە، زۆر توڕە بوو، گوتی: چیا، تۆ زۆر کەللەڕەق و بێ زەوقی. من تاقەتم نیە لەگەڵ تۆدا بم. دەچمە ژوورەکەی خۆم.

هاژە، بەتوڕەییەوە چووە ژوورەکەی خۆی و دەرگەکەی بە توندی پێوەدا. لەسەر چارپایەکەی خۆی ڕاکشا و چاوەکانی نووقاند و لەبەرخۆیەوە گوتی: من، هەر لە ژوورەکەی خۆمدا بە تەواوی ئازادم و چیم بوێت دەیکەم!

**پرسیار**

ئەمە نموونەی چەند پرسیارێک، با خوێندکارانیش خۆیان پرسیار بکەن

1) ئایا ڕێسا کاریگەریی لە ژیانماندا هەیە؟
2) بۆ دەبێت پەیڕەوی ڕێسا بکەین؟ دەبێت پەیڕەوی ڕێسایەک بکەین کە بڕوامان پێی نەبێت؟
3) ئایا هاژە کەسێکی دژەڕێسا و چیا کەسێکی ڕێساخوازە، یان تێڕوانینیان بۆ ئازادی جیاوازە؟
4) کێ مافی داوە بە گەورەکان (خێزان) ڕێسا بۆ منداڵان دابنێن؟

5) ئایا پێویست بوو هاژە لە چیای بپرسیایە، کە ئەویش هەست بە ئازادی دەکات، یان ئەو پرسیارە پێویست نیە، چونکە هەموو کەس وەک یەک هەست بە ئازادی دەکات؟
6) ئایا ئازادی بە دورکەوتنەوە لە خەڵکی (بە تەنهایی) دێتە دی، یان لەگەڵ خەڵکدا (بەکۆ) دێتە دی؟
7) گەر هەموو کەسێک ئەوەی دەیەوێت و حەزی لێیەتی بیکات، ژیان ئاسانتر نابێ؟
8) پێویستە کەسانی دیکە دان بە ئازادی مندا بنێن، یان تەنها ئەوە گرنگە کە من خۆم هەست بکەم ئازادم؟
9) دایکی کچەکان گوتی: «کەس مەهێننە ژوورەوە» خۆ نەیگوت: «بۆتان نیە بچنە دەرەوە» ئەی بۆچی چیا دەڵێت: «مەبەستی ئەوەش بووە، کە نەچنە دەرەوە» دەشێ مرۆڤ شتێک بڵێت و مەبەستی شتێکی دیکە بێت ؟
10) تۆ بڵێیت پەیڕەوی کردنی ڕێسا، ڕێگە لە بێسەروبەری و هەرا (فەوزا) بگرن؟

**تێبینی بۆ مامۆستا**

بیرۆکەی ئەم چیرۆکە لە بۆچوونی فەیلەسووفە بوونگەراکان، (بە تایبەتی سارتەر) ـەوە وەرگیراوە.

**کلتور**: سارتەر: «مرۆڤ نەک هەر ئازادە، بەڵکوو مەحکومە بە ئازادی».

د. محەمەد کەمال، لە کتێبی «فەلسەفەی سارتەر و خوێندنەوەیەکی نوێ»، بەشی، بونیادی ئۆنتۆلۆجیانەی سەربەستی، لاپەڕە، 78- 79 دا نووسیویەتی: «مرۆڤ بوونێکی سەربەستی هەیە و هێزێکی دەرەکی میتافیزیکی سنووراوی نەکردووە».

## ژان پۆڵ سارتەر (1905 – 1980)

سارتەر، بەناوبانگترین فەیلەسووفی ڕێبازی بوونگەرایی (ئێکسستنسیانلیزم) ـە. ئەو بڕوای وابوو، کاتێک کەسانی دیکە بۆ تۆ دەبن بە دۆزەخ کە بوونت داگیر دەکەن و بەها و بیروباوەڕی خۆیانت بەسەردا دەسەپێنن و نەخشە بۆ ژیانت دادەنێن و ناچاریشت دەکەن پەیڕەوییان بکەیت.

گەرچی فەلسەفەی بوونگەرایی مێژووەکەی بۆ کاتێکی زۆر کۆن تر دەگەڕێتەوە، بەڵام سارتەر ڕەهەندێکی نوێی بەم ڕێبازە بەخشی. تەونی فەلسەفەی سارتەر، ڕایەڵەی لە بیروبۆچوونی هەر یەک لە دێکارت، کانت، هێگڵ، مارکس، هۆسرڵ، نیتشە و هایدگەری تێدایە. سارتەر لە سەرەتادا لە ڕوانگەی فەلسەفەی مارکسەوە لە بەها و ڕەوشت و سەربەستی مرۆڤی دەڕوانی، بەڵام کە بە ڕێبازی فێنۆمێنۆلۆجی هۆسرڵ ئاشنا دەبێت و ڕێبازە تازەکەی خۆی، کە بە «بوونگەرایی بێبڕوا، ئێکسستنسیالزمی ئاتێیستی» ناسراوە، دادەمەزرێنێت.

بە واتایەکی دیکە کێشەکانی بوون، سەربەستی و ڕەوشت، لەسەر بنەمای ئۆنتۆلۆجی دێکارتیەوە، بۆ زەمینەی فێنۆمێنۆلۆجیانەی هۆسرلی دەگوازێتەوە. ئەویش لەو ڕوانگەیەوە، کە سەربەستی بە (واقیعەوە) گرێ دەدات. ئەم دیدە فەلسەفیە، مرۆڤ دەخاتە چەقی بازنەی ڕووداوەکانەوە و لە هەمبەر بەرپرسیاریەتی مێژوویدا ڕایدەگرێت. کەواتە سەربەستی لە لای سارتەر، هەست بە لێپرسینەوەیە. ئەمەش ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە، کە گوایە سارتەر لە خوازیارانی بەرهەڵدابیە، ڕەت دەکاتەوە. بە دیدی سارتەر، هیچ بەڵگەیەکی لۆژیکی بۆ ڕەتدانەوەی سەربەستی مرۆڤ نیە و مرۆڤ سەربەستییەکی لە سنووربەدەری هەیە و هێزێکی میتافیزیکی نیە بتوانێت بوونی داگیر بکات. تا ئێرە بونیادی ئۆنتۆلۆجیانەیە، بە نەبوونی ئەو هێزە، ئیدی مرۆڤ خۆی بەها بۆ خۆی دادەهێنیت و هەست بە لێپرسینەوە دەکات. ئا لەم خاڵەدایە که سەربەستی لە بونیادی ئۆنتۆلۆجیەوە بۆ بونیادی فێنۆمێنۆلۆجی، دەگوازرێتەوە. سارتەر، وەک نیتشە، «بێبڕوایی» بە کێشەیەکی تەوەری، لە سەربەستی مرۆڤدا دادەنێت و لەو باوەڕەدایە، بوون و نەبوونی سەربەستی وابەستەیە بە بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجیەوە.

تا ئێرە، لە فەلسەفەی سارتەر دا بە «بوون – بۆ – خۆ» ناسراوە، بەڵام کاتێک ئەم «بوون – بۆ – خۆ» یە لە جیهاندایە، ئەوا بە گوتەی هایدگەر دەبێت بە «بوون - لە ناو – جیهان» دا و لەگەڵ «بوون – بۆ – خۆ» ی دیکە ڕووبەڕوو دەبێتەوە. تا ئەم ساتە «ئەو / ئەوانی دیکە» بۆ من ببوون بە بابەت و وەک دیاردە دەکەوتنە بەر ئاگامەندیم، ئیدی لە ساتی ڕووبەڕوو بوونەوەدا، «من» دەبم بە بابەت بۆ «خۆ» یەکی دیکە و وەک بابەت دەکەومە بەر ئاگامەندی ئەو / ئەوانی دیکە.

ڕەنگە ئەم پنتە وای لە سارتەر کردبێت کە بڵێت: «کەسانی دیکە دۆزەخن!». هەڵبژاردن لە لای سارتەر، مەرجی سەرەکیی ئازادییە، بۆیە مرۆڤ ناچارە هەڵبژێرێت. بە واتایەکی دیکە، هیچ هێزێک نیە چارەنووس بۆ ئێمەی مرۆڤ دیاری بکات، بەڵکوو دەبێت ئێمە ناوەڕۆکێک بدەین بە بوونمان / بە خۆمان، چونکە مرۆڤ «کە فڕێ دەدرێتە ئەم جیهانەوە» بێ ناوەڕۆکە، بۆیە دەبێت ناوەڕۆک بۆ خۆی هەڵبژێرێت. هەر ئەم هۆکارەشە، کە ئازادی لە لای سارتەر بەرپرسیاریەتیە.

بە دیدی سارتەر، بۆ مرۆڤ (بۆ من) هیچ شتێک بوونی نیە جگە لەو شتەی / بابەتەی کە خۆی بۆ ئاگامەندی من دەردەخات. بە واتایەکی دیکە، هەرشتێک وەک دیاردە (فێنۆمێن) نەکەوێتە بەر ئاگامەندی من، ئیدی ئەو بابەتە / شتە، بوون (وجودی) نیە. بۆ دیاری کردنی ئەم بنەمایە، سێ بناغە/ بنەڕەتی داناوە:

1- ئاگامەندی - مەبەست لەو ئاگامەندیەیە، کە هەبووەکان »شتەکان» خۆیانی بۆ دەردەخەن.
2- دیاردە (فێنۆمێن) - مەبەست لەو شێوەیە/ دیاردەیەیە، کە شتەکان خۆیانی پێدەخەنە بەر ئاگامەندی.
3- بابەت/ شت (ئوبجێکت) - مەبەست لەو شتانەیە کە مرۆڤ بڕوا دەکات شتی ماتەری/ ماددەیی بن.

**ئەدی من چۆن بەها / مانا بە شتەکان دەبەخشم؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، سارتەر، بڕوای وایە، لەبەر ئەوەی جیهانی شتەکان / بابەتەکان، لە سنوور بەدەرە، تەنها ئاگامەندی دەتوانێت سنوور و بەهایان بۆ دابنێت. ئەم توانایەی ئاگامەندی، دەسەڵاتی « نەبوون» کردنی داوە بە مرۆڤ.

له ئەم پرۆسەی بەنەبوون کردنە/ بەهیچ کردنەدا سەربەستی مرۆڤ دەر دەکەوێت. ئەو سەربەستیەی کە تێیدا مرۆڤ دەتوانێت جیهانێک بۆ خۆی بنیاد بنێت.

ئایا لەو جیهانەی کە تایبەت بە خۆمانە، شتەکان نیگەرانمان دەکەن و کەسانی دیکە دەتوانن ئازادیەکەمان سنووردار بکەن و هەراسانمان بکەن؟

سارتەر دەڵیت: «نیگەرانی شێوازێکە بۆ دەرککردنی سەربەستی و هەستکردن بە بوون».

کاتێک، نیگەرانی داهاتووم، کاتێک پەرۆشی ئەوەم کە چ بەهایەک لە لام گرنگتر بێت، ئەم «شتانە» سەربەستیەکەم سنووردار دەکەن و کەمی دەکەنەوە. بەڵام کەسانی دیکەش بەهەمان شێوە سەربەستیەکەم سنووردار دەکەن. کاتێک لەگەڵ کەسێکی دیکە / ئاگامەندییەکی دیکەدا ڕووبەڕوو دەبمەوە. کەسی بەرانبەر / ئاگامەندەکەی دیکە هەوڵ دەدات من لە «بوون — بۆ — خۆ» وە بکات بە «بوون - لە ناو — خۆ». لەم خاڵەدا من نیگەران دەبم. چونکە ڕووبەڕووبوونەوەکەم لەگەڵ «ئەو کەسەدا» وەک ڕووبەڕووبوونەوەم نیە لەگەڵ شتێکدا، تا بتوانم بەبێ کێشە بیکەمە بابەت، لەبەر ئەوەی بابەت، خەسڵەتی چەسپاو و نەگۆڕی هەیە. بەڵام مرۆڤ ئاگامەندە و خاوەن خەسڵەتێکی نەچەسپاو و بزێوە. ئالێرەدا، بە بڕوای سارتەر، نامۆیی سەرهەڵ دەدات، چونکە کەسانی دیکە دەتوانن ببنە ڕێگر لەبەردەم پرۆژەکانی مندا و سەربەستیم لێ زەوت بکەن و داگیرم بکەن. ئەم بۆچوونە لە ژێر کاریگەریی ڕوانینەکانی هیگڵدا ڕاڤە کراوە.

سارتەر، نەک هەر وەک فەیلەسووف، بەڵکوو وەک ڕۆماننووس و شانۆنووس (درامانووس)یش ناوبانگێکی جیهانی هەیە، بۆیە ساڵی 1964 خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب پێدرا، بەڵام سارتەر خەڵاتەکەی ڕەت کردەوە.

**سۆرێن کیرکەگارد (1810 - 1854)**

بە بڕوای کیرکەگارد، ترسی هەست بە لێرسینەوە، ناچارمان دەکات، کە لە ئازادی ڕا بکەین و خۆمان لە دنیایەکی بچوک و تایبەت بە خۆمان (قۆزاخە) دا، مەڵاس بدەین. دنیایەک کە تەنها خۆمانی تێدا بێت، دنیای «هەڵاتن لە ئازادی».

**ئێدمۆند هوسرڵ (1859- 1938)**

هوسرڵ بڕوای وابوو کە «هەر دیاردەیەک/ فێنۆمێنێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی ئەزموونێک، کە «من» - مەبەست لە منی هۆشەکییە - پێیدا تێپەڕ دەبێت». هوسرڵ گوتویە: «من هەم، هەر شتێکیش کە من نەبێت، ئیدی فێنۆمێنەیە و لە پەیوەندی فێنۆمێنیانەدا دەتوێتەوە».

**ڕاڤە**

- ئێکسیستنسیالزم: لە وشەی (ئێکسیستێنتیا)ی لاتین وەرگیراوە. لە سەدەی پێنجەمی مەسیحیەوە لە فەلسەفەدا بەکاردێت، دواتر لە سەدەکانی ناوەندا، بەتایبەتی لە نووسراوەکانی تۆماس ئەکویناس (1225 – 1274) ئەم چەمکە جێگەی خۆی لە فەلسەفەدا گرت.
- فێنۆمێن: لە وشەی (فاینەمینۆن)ی یۆنانی وەرگیراوە، بە مانای دیار / ئاشکرا . یەکەم جار پلاتۆن بەکاری هێناوە بۆ جیاکردنەوەی دیاردە / فێنۆمێن لە ئایدیا/ بیر. دواتر، کانت لە ڕاڤەی بۆچوونەکانیدا زۆر گرنگی بەم چەمکە داوە. هەروەها هیگڵ چەمکی «فێنۆمێنۆلۆجیا»ی ڕاڤە کردووە.
- ئۆبجێکت: (بابەت) لە وشەی (ئۆبجێکتۆم)ی لاتینی وەرگیراوە. دژە وشەی (سۆبجێکتە) کە لە کوردیدا (خود)ی بەرانبەر دانراوە.

## چیرۆک

### فێمینیزم

*((کاتێک، باس و گفتوگۆی هزری و فەلسەفی لەگەڵ پیاواندا دەکەم، زۆر لەوە بێزار دەبم کە پێم دەڵێن: «ئەوە بۆیە تۆ بیروڕات لە هەمبەر ئەو پرسە، یان ئەو بۆچوونەدا، وایە، چونکێ ئەتۆ ژنیت». تاکە شێواز و ڕێگەیەکیش کە بتوانم بەرپەرچیان بدەمەوە ئەوەیە، کە بڵێم «نەخێر، بۆیە بیروڕام وایە و وای تێدەگەم، چونکە ئەوە ڕاستییە» بەم وەڵامەکە کەمێک لە «سۆبژێکت– زات»ی خۆم دەردەبڕم. گەرچی پیاوبوون بۆخۆی هیچ خاسیەکی تایبەت ناخاتە سەر مرۆڤ بوون، وەلێ پیاوان هەر لە کۆنەوە بە درێژایی مێژوو دید و بڕوایان وایە کە خۆیان، «تەواوکۆن»، بێگەردن. کەچی ژنان بە «مێ» و ناتەواو دەبینن.*

*ئاخر ئەمان ئەم دیدەیان لە ئەریستۆتێلیس و تۆماس ئەکویناسەوە، بە میرات بۆ ماوەتەوە!*

*پیاو، ژن وەک ئەوەی کە هەیە نابینێت و بە تاکێکی سەربەست و خۆیەکی بڕیاردەری دانانێت، بەڵکوو لە سۆنگەی پەیوەندی و بەرژەوەندی بە خۆیەوە، ژن دەبینێت و بڕیاری بۆ دەدات، کە چۆن بێت. کەچی لە هەمان کاتدا ئەو مافە بە ژن ڕەوا نابینێت.*

*ئیدی ئالەم ڕوانگەیەوە، پیاو دەبێت بە سۆبجێکت و ژنیش دەبێت بە «توخمەکەی دیکە» ئۆبجێکت. ئەمە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەروا بووە، کێشەکە لە نێوان سۆبجێکت و ئۆبجێکتدا بووە. کاتێک کە تۆ خۆت بە سۆبجێکت دابنێیت، ئیدی دەبێت لاکەی دیکە، کەسی بەرانبەر، بکەیتە ئۆبجێکت و خەسڵەتە مرۆییەکانی لێ زەوت بکەیت و لە خۆی نامۆی بکەیت. پیاویش دروست ئەم کارەی کردووە، هەر وەک چۆن سەرمایەدار، کرێکار دەچەوسێنێتەوە و مرۆڤی سپیی مرۆڤی ڕەش دەکات بە کۆیلە.*

*باشە ئەم لە خۆ نامۆکردن و بە کۆیلە کردنەی ژنان، چۆن سەریهەڵداوە و هاتۆتە ئاراوە؟*

*«هیچ مرۆڤێک بە ژنی لە دایک نابێت، بەڵکوو دەکرێت بە ژن!»*

*گەرچی هیچ ڕێسا و یاسایەکی بایۆلۆجی/ سروشتی، سایکۆلۆجی، یان ئابوری بڕیار لەسەر توخم و ڕۆڵی توخم (نێریی و مێیی) ژنێتی و پیاوێتی، نادات، بەڵام شارستانیەت/ کلتور ئەو جیاکردنەوەیە دەسەپێنێت. کچ و کوڕ، لە چوار ساڵی سەرەتای تەمەنیاندا، هیچ جیاوازییەکیان نیە، هەر لە هەڵسوکەوت و یاریکردن و حەز و ئارەزوو، بەڵام لە دوای ئەو تەمەنەوە وردەوردە جیاوازییەکان دروست دەکرێن. تا دەگاتە دوازدە ساڵی، ئیدی بە جارێ لە یەک دوور دەکەونەوە. کچ بۆ ژنێتی و کوڕیش بۆ پیاوێتی ئامادە دەکرێن.*

*بەتایبەتی کوڕان، هەردەم هەستی بە پیاوبوونیان تێدا دەچێنن و بیریان دەخەنەوە کە ئەوان میراتگر و درێژەپێدەری بەهاکانی خێزان و کۆمەڵگەن. کچانیش بۆ سەلاری، ئاغری، گوێڕایەڵی و دڵسۆزی بۆ مێرد و خێزان ساز دەکرێن. کۆمەڵگە هەمیشە داوایان لە کوڕان ئەوەیە، کە خۆڕاگر بن، گەر ئازاریان پێگەیشت نابێت بگرین، ئاخر پیاو نابێت بگری. کچانیش دەبێت ناسک، میهرەبان و بە حیشمەت بن.*

*ئەم دۆخە، لە لای کوڕان دیدێک دروست دەکات، کە «ئەو» بابەتێکە بۆ کەسان و شتانی دیکە (باوک، مامۆستا، خێزان، بەها کۆمەلایەتیەکان، دەوڵەت) بەکورتی، ئەو «خودی خۆی» نیە. ئیدی هەر هەوڵی ئەوەیەتی وێنەیەکی ڕاستەقینە بۆ خۆی بکێشێت، ڕەنگە هەر ئەمەش لە داهاتوودا بیکاتە چەوسێنەری ژن، تا لەو ڕێگەیەوە وێنە شێواو و ناتەواوەکەی خۆی جوان بکات! لە لای کچانیش حاڵەتی بوون بە کەسی دووەم، «ئەوی دیکە« یان، لە لا دروست دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە، کچان خۆیان لەو ئاستەدا نابینن، کە داوای ئازادی و سەربەستی خۆیان بکەن، بەڵکوو خۆ بە سۆبجێکت دەزانن و پێیان وایە کە دەبێت هەمیشە پاشکۆ بن!*

*ئایا چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە هەیە؟*

*ئایا دەکرێت دنیایەکی بێ هەڵاواردن و بێ چەوسانەوە و پڕ لە یەکسانی و بەرابەری ژن و پیاو، بهێنرێتە دی؟*

*بەڵێ، دەکرێ دنیایەکی لەو چەشنە بهێنرێتە ئاراوە. رێگە چارە ئەوەیە شۆڕشێکی نوێ، «شۆڕشێکی سۆڤیەتی» بەرپا بکرێت، کە بەرابەری و یەکسانی و دەرفەتی وەک یەک، لە کار و خوێندن و هەقدەست، بۆ ژن و پیاو بخوڵقێنێ. ژنان ئازاد بن لە هەڵبژاردنی خوێندن و کار و هاوسەری ژیانیاندا و هیچ بەربەستێکی کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی، ناچاریان نەکات و نەبێتە رێگریان. بە پێی یاسا، ژیانیان مسۆگەر بکرێت و هیچ هۆکارێک نەهێڵرێت کە ژن بکاتە پاشکۆی پیاو. ژنان ئازاد بن، هەر کاتێک ویستیان، منداڵ لەباربەرن و لە هاوسەرەکانیان جیا ببنەوە. دەبێت یاسا پاڵپشتیان بێت.*

*بەڵام ئایا بە تەنها گۆڕینی یاساکان، سەربەستی و ئازادی بۆ ژنان دابین دەکات؟*

*نە، تەنها ئەمە گشت کێشەکە چارەسەر ناکات، بەڵکوو کارکردن بۆ گۆڕینی دید و شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵ و لەناوبردنی ئەو دیدە نامرۆڤانەیەی کە تەنها جیاوازیی جەستەیی، نێوان ژن و پیاوی کردووە بە بنەما و کرۆکی چەوسانەوەی ژن. هەر کاتێک، کوڕ و کچ، ژن و پیاو، لەوە تێگەیشتن کە ئەو دوو جەستەیە پێکەوە ژیان پڕ مانا و تەواو دەکەن، ئیدی گشت جیاوازیەکانی یەکدییان قبووڵ دەبێت و ژیانیش ئاسوودەتر و جوانتر دەبێت!)).*

تێبینی بۆ مامۆستا: ئەمە کورتەیەکە، لە کتێبی «لی دیوکسیمە سێکسە / توخمەکەی دیکە»، سیمۆنە دی بیەوڤۆیر، ساڵی 1949 نووسیویەتی.

**فرێدریک ئێنگلس (1820- 1895)**

«مافی هەبوونی موڵکایەتیی تایبەتی و خاوەنداریێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، جیاوازی چینایەتی و چەوساندنەوەی ژنانی ئافراندووە».

**پرسیار**

1) ئایا ڕاستی لە دیدی ژنێک، یان پیاوێکدا گۆڕانی بەسەردا دێت، یان ڕاستی هەر ڕاستییە بۆ هەموو کەسێک؟
2) بە بڕوای تۆ، جیاوازیی سروشتیە یان دید و بۆچوونی کۆمەڵگەیە کە جیاوازیی نێوان کوڕ و کچ، ژن و پیاو، دروست دەکات؟
3) گەر ئەو ڕایەی ئەریستۆتێلیس بە ڕاست بزانین کە گوتویە «ژنان پیاوی نا کامڵن» مانای ئەوە نادات کە پیاو لە سەرەتادا، یان لە ئەسڵدا ژنە و کامڵ بووە؟
4) تەنها هەبوونی یاسا زامنی کردن، یان نەکردنی کارێک دەکات؟
5) بڕوا دەکەیت کۆمەڵگەیەک لافی ئازادی لێبدات، لە کاتێکدا نیوەی کۆمەڵگە، کە ژنانن ئازاد نەبن و وەک مرۆڤی پلە دوو، یان پاشکۆ تەماشیان بکرێن؟
6) گەر هەموو ئەو ئازادی و دەرفەتانەی بۆ پیاوان و کوڕان هەن، بۆ ژنان و کچانیش هەبن، ئیدی یەکسانی ژن و پیاو دێتە ئاراوە و کۆمەڵگە ئاسوودە دەبێت؟
7) گەر بە تەنها دید و بۆچوونەکانی کۆمەڵ، ببنە هۆکاری وێنا کردن و تێگەیشتن لە خود/ زات، لە لای مرۆڤ (چ ژن، چ پیاو)، ئیدی ڕۆڵی تاک چیە لە وێناکردن و تێگەیشتنی خودی خۆیدا؟
8) ئایا، ژنان دەتوانن لە ڕێگەی خەباتی فێمنزمیەوە، مافە زەوتکراوەکانیان بەدەست بهێنن؟
9) بۆ هێنانە ئارای کۆمەڵگەیەکی یەکسان و بێ چەوساندنەوە و بەرابەر، کامیان گرنگترە، خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان، یان هەوڵدان بۆ گۆڕینی دید و تێگەیشتنی هەڵەی پیاوان بەرانبەر بە ژنان؟
10) دەتوانین گشت ئامانجەکانمان لە ئەنجامی شۆڕشەوە بەدەست بهێنین، یان دەکرێ بە دانوساندن و دیالۆگ بگەینە هەمان ئامانج؟

**ڕاڤە**

- فێمێنیزم: لە وشەی (فێمێنین)ی لاتینیەوە وەرگیراوە. بەمانای مێ، ژن، یان ژنانە.
- سۆڤیەت: وشەکە ڕووسییە و مانای «ئەنجومەن/ ڕاوێژ» دەدات. ئەم چەمکە سیاسییە لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی سۆسیالستی لە ڕووسیادا لە ساڵی1917 دا بە ڕێبەرایەتی فلادێمیر ئێلێتیش لێنین (1870- 1924) هاتە ناو فەرهەنگی سیاسییەوە. لێنین، یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕێبەران و بیریارانی سۆسیالیزم - کۆمۆنیزم و گەلێک کتێب و نووسرای هەیە.

**مێژوو**

**سێمۆنە دی بیەوڤیر (1908- 1986)**

سێمۆنە، لە خێزانێکی نیمچە دەوڵەمەند، لە شاری پاریس لە دایک بووە. فەلسەفەی لە ئامۆژگایەکی کاتۆلیکی تایبەت بە کچان خوێندووە، دواتر، لە تەمەنی 21 ساڵیدا چۆتە زانکۆی سۆربۆن. لەوێ لەگەڵ ژان پۆڵ سارتەردا ئاشنا بووە. ئەم ئاشنایەتییە تا مردنی سارتەر لە ساڵی 1980 دا درێژەی کێشا. سێمۆنە، لە تەک کاری مامۆستایەتیدا (مامۆستای فەلسەفە بووە) خەریکی قووڵبوونەوە بووە لە فەلسەفەی هەر یەک لە پلاتۆن، دیکارت، و کانت.

دواتر، لە ساڵەکانی 1930 دا لەگەڵ سارتەردا، خەریکی خوێندنەوەی مارکس، هوسرڵ و هایدگەر بوون. سێمۆنە، دوای خوێندنەوەی فینۆمێنۆلۆجی هوسرڵ و ئۆنتۆلۆجی هایدیگەر، ڕەهەندێکی نوێی بە فەلسەفەی ئێکسیسنتیالیزم بەخشی. سێمۆنە و سارتەر، لە ڕێگەی گۆڤارەکەیانەوە «سەردەمی نوێ» لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، ئەدەب و فەلسەفەی فێمینزمیان تا ڕادەیەکی زۆر بەرەو پێشەوە برد.

کورتەی دیدی سێمۆنە ئەوەیە کە مرۆڤ، خۆی بڕیار لەسەر بە واقیع کردنی بوونی خۆی دەدات، لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و دانوساندنەوە. مرۆڤ بە هەڵسوکەتیەوە مرۆڤە. بوون هیچ مانایەکی نیە گەر ئێمە پێی نەبەخشین.

**پرسی فێمێنیزم لە مێژووی فەلسەفەدا**

فەلسەفە باس لە کێشەی مرۆڤ دەکات، نەک ڕەگەزێکی تایبەت (پیاو، یان ژن) بەڵام لەو مێژوویەی کە فەلسەفەی یۆنانی تێیدا سەریهەڵدا، بە پێی ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری ئەو ڕۆژگارەی یۆنان، کۆمەڵگە دوو چین بوو. چینی مرۆڤە ئازادەکان و چینی مرۆڤە کۆیلەکان. مرۆڤە ئازادەکانیش دوو توێژ بوون، پیاوان و ژنان. ژنان توێژێک بوون لە نێوان ئازاد و کۆیلەدا. «ژنانی ئازاد» وەک کۆیلەکان، مافی دەنگدان و بەشداری کردنی ژیانی سیاسی و بگرە خوێندن و فێربوونیشیان نەبوو.

کچان لە تەمەنی 13- 16 ساڵان، بەشوو دەدران. ئیدی دەبوو هەر لەو تەمەنەوە، خەریکی منداڵ بەخێوکردن بن بۆ مێردەکانیان. بە پێچەوانەوە، پیاوان سەربەست بوون هەمیشە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی فەلسەفی و سیاسی و سەیری پێشبڕکێی وەرزشی بوون. بەکورتی لە گشت ڕووداوەکانی ڕۆژگار ئاگادار بوون.

ئەم بارودۆخە نابەرابەر و نایەکسانییە، دوو دنیای دروست کردبوو، دنیایەکی پیاوانەی خاوەن دەسەڵات و بە ئاگا، دنیایەکی ژنانەی بێ دەسەڵات و بێ ئاگا. ئەم بارودۆخەی ژنان، لە سەردەمی سۆکراتیس، تا سەردەمی جۆن ستیوارت میڵ سەرنجی پیاوە فەیلەسووفەکان و نووسەرانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و هەریەکەیان بەگوێرەی تێڕوانین و هۆشیاری خۆیی و سەردەمەکەی، بیروڕا و بۆچوونی خۆی دەربڕیوە.

گەرچی شۆڕشی فەرەنسا، ئازادی بە مافی گشت مرۆڤەکان دەزانی، بەڵام شیعارەکانی هەر مۆرکی پیاوانە بوو «ئازادی، یەکسانی، برایەتی!».

**ئەماسۆنا**

لە مێتۆلۆجیای یۆنانیدا باس لە کۆمەڵە ژنێک کراوە، کە بە ئەماسۆنا (بێمەمکان) ناسراون. ئەمانە ژنانێکی جەنگاوەر و سوارچاک بوون. ئەم ژنانە چارەی پیاویان نەویستووە. بەپێی فەرمانی شاژنەکەیان، بۆیان هەبووە جارێک لە ساڵدا لەگەڵ پیاودا جووت ببوونایە. دواتر کە منداڵیان بووە، گەر کوڕ بووایە دەستبەجێ کوشتویانە. مەمکی کچەکانیانیشیان بڕیوە و مەشقیان پێکردوون و کردوویانن بە جەنگاوەر. (گەرچی ئەمە ناشیرین کردنی وێنەی ژنە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕەتدانەوەی ئەو غەدرە مێژووییەیە کە لە ژن کراوە). دیسان، هەر لە مێتۆلۆجیای یۆنانیدا، ئارتێمیس خاتو خواوەندی ڕاووشکار، کچی زیۆس و خوشکی ئەپۆڵۆن، لە پیاوان بەگومان بووە و شوی نەکردووە.

**سۆکراتیس (470- 399 پ.م.)**

پلاتۆن دەنووسێت، کە سۆکراتس گوتویە: «گەر جیاوازیی ژن و پیاو هەر ئەوە بێت، کە پیاوان منداڵ دروست دەکەن و ژنان دایانیان بێت، ئەوا ئەمە ڕێگەی ئەوە ناگرێت، جیاوازیی و هەڵاواردنی خوێندن و فێرکردن لە نێوانیاندا بکرێت». بە واتایەکی دیکە، سۆکراتیس خوێندن و فێرکردنی بۆ ژنان بە ڕەوا بینیوە و جیاوازیە فیزیکیە / سروشتیەکەی نێوان ژن و پیاوی بە لەمپەر نەزانیوە. سۆکراتیس لە یەکێ لە دیالۆگەکانیدا (دیالۆگی مێنون) دەڵێت: «چ ژن چ پیاو دەبێت هەمان دید و بەهایان هەبێت و پەرەی پێبدەن. چونکە ئەو دید و بەهایانە بۆ هەردووکیان هەر وەکیەکە و کاری بە توخمی نێر و مێوە نیە».

**پلاتۆن (428 – 348 پ.م.)**

پلاتۆن، گەرچی بڕوای وابوو کە ژنان هەر بە سروشت لە پیاوان کەم هێزترن، بەڵام دەکرێت لە نزیکەی گشت بوارەکاندا هەمان کاری پیاوان بکەن. ئەوەتا لە کتێبی پێنجەمی دەوڵەت/ کۆماردا دەنووسێت، «بەخشیدەیی سروشت بۆ ژنان و پیاوان وەک یەکە، بۆیە مەرج نیە توانای سەرکردەیی کردنی دەوڵەت لە ژنێکدا نەبێت لەبەر ئەوەی ژنە، یان لە پیاوێکدا هەبێت لەبەر ئەوەی پیاوە. بەڵکوو گشت ئەرکەکانی پیاو، ژنیش دەتوانێ جێبەجێیان بکات».

**ئەریستۆتێلیس (384 – 322 پ.م.)**

ئەریستۆتێلیس گەرچی فەیلەسووفێکی سروشتناس بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانینێکی سەیری بەرانبەر بە ژن هەبوو. ئەو بڕوای وابوو کە ژنان «پیاوی ناتەواو، یان ناکامڵن!».

ئەریستۆتێلیس گوتویەتی: «کۆیلە بەهیچ جۆرێک توانای فێربوونیان تێدا نیە. ژنان توانای فێربوونیان هەیە، بەڵام دەسەڵاتیان نیە!» هەر بۆیە بڕوای ئەریستۆتێلیس وابوو، کە لە کاتی

هێرش کردنی دوژمن بۆ سەر شار، پیاوان یەکسەر دەست دەدەنە چەک بۆ بەرگری کردن.

### ئەریستۆفانیس (450 – 385 پ.ز.)

ئەریستۆفانیس، کۆمێدیانووس/ شانۆنووس، لە شانۆگەری «کۆمێدیای لیسیستراتە / کۆمێدیای دژەجەنگ» دا دەنووسێت:

ژنان ڕێکەوتوون، کە ئیدی لەگەڵ مێردەکانیاندا نەخەون، تا جەنگ دەوەستێنن، (جەنگی نێوان ئاتێن و سپارتە)

- پیاوێک: ژنان فڕیان بەسەر جەنگ و سیاسەتەوە نیە!
- لیسیستراتە: ژنانیش هێندەی پیاوان سەرقاڵی جەنگن و ناڕەحەتیان دەکات. دڵنیا بە ژن دەتوانێ سەرکردەیەکی ئەمەکدارتر بێ لە پیاو بۆ وڵات.
- دەنگی ژنێک: ئایا پیاوێک هەیە بەدەنگمانەوە بێت و ئاسوودەمان بکات؟
- کۆرسی ژنان: نەخێر، نەخێر، هیچ پیاوێک نیە!
- دەنگی ژنێک: ئاخر بۆیە ژنان دەنگیان کردووە بە یەک تا کارێک بۆ یۆنان بکەن و لەم میحنەت و تیاچوونە ڕزگاری بکەن.

### ئێپیکۆریەکان

ئەمانە گروپێک بوون، پەیڕەوی ڕێبازی فەلەسەفی ئێپیکیۆریان دەکرد. ئێپیکیۆر (341-270 پ.م.) بڕوای وابوو کە گیان، هەروەک لەش لە ئەتۆم دروست بووە و لەگەڵ مردنی لەشدا، گیانیش ئەتۆمەکانی لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و تێکەڵی سروشت دەبنەوە.
پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە، بڕوایان وابوو کە ئاسوودەیی و ئارامیی گیان زۆر گرنگە و مرۆڤ دەبێت هەردەم لەو کار و هۆکارانە دوور بکەوێتەوە کە نائارامی و ئازاری جەستەیی و دەروونیی پێدەگەیێنن. دیسان بڕوایان وابوو کە، مەرج نیە بتوانرێت خۆشگوزەرانی بۆ هەموو کەسێک دابین بێت (وەک ئەوەی پلاتۆن بڕوای پێ بوو)، بەڵام گرنگە کە تۆ بتوانیت

بەخۆشی بژیت. لەم بزووتنەوەیە / گروپەدا، ژنان و کۆیلەش، بە ڕێژەیەکی زۆر بەشدار بوون.

**ستۆیسیزم (300 پ.م تا 200 د.م.)**

ئەمە ڕێبازێک، یان بزووتنەوەیەکی فەلسەفی یۆنانی- ڕۆمانی بوو، لە لایەن زینۆنی قوبروسی (334-262 پ.م.) دامەزرا. لەم ڕێبازەدا جیاوازی لە نێوان کەسەکاندا نەبووە. هەر بۆیە کۆیلەیەک و ئیمپراتۆر / قەیسەرێک وەک یەک پەیڕەوییان کردووە. سەرەتای بزووتنەوەکە لە شوێنێکدا کۆدەبوونەوە کە ڕاڕەوێکی پڕ پایە بوو، بۆیە بە گروپی ڕاڕەو (ڕەواقی) ناسرابوون. کورتەی باوەڕەکەیان ئەوەبوو «مادام مرۆڤ بەشێکە لە سروشت و بە هارمۆنی لە سروشتدا دەژی، ئیدی کە مردیش هەر دەگەڕێتەوە ناو هەمان سروشت و شوێنێکی دیکە نییە تا مرۆڤ دوای مردن بۆی بچێت».

بەناوبانگترین پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە ئیمپراتۆر مارکۆس ئەورۆلیۆس، کە لە ساڵی (161-180 د.م.) حوکمڕانی ڕۆم بووە. لەم بزووتنەویەدا کە نزیکەی 500 ساڵ درێژەی هەبووە، ژنان بە سەربەستی و یەکسانی لەگەڵ پیاواندا بەشدار بوون.

**تۆماس ئاکویناس (1225- 1274)**

تۆماس ئاکویناس، قەشەیەکی زۆر زانا بووە. هەر لە تەمەنی پێنج ساڵانەوە ناردویانەتە، خەڵوەتگە (کلۆستەر) و تا تەمەنی چوارده ساڵان، خوێندویەتی. لە زانکۆی ناپۆلی تیۆلۆجی و فەلسەفەی خوێندووە. دواتر بۆ خوێندن چۆتە پاریس. بەرهەمەکانی ئاریستۆتالیس زۆر کاری لە بیرکردنەوەی ئەم پیاوە کردووە.

تۆماس ئاکویناس، لە هەمان ڕوانگە و بۆچوونی ئاریستۆتالیسەوە، لە ژن دەڕوانێت، کە ژنان هەر بە سروشت ناتەواون (لە بەرانبەر پیاواندا)، جا ئەم وەک قەشەیەک، ئاینیش دەکات بەپاڵپشتی بۆچوونەکانی. ئەو بۆ سەلماندنی ئەو ڕایەی، پەنای وەبەر بایبلی کۆن (تەورات) بردووە. باسی داستانی «دروست بوونی ئێڤا / حەوا» دەکات. تۆماس بڕوای وایە کە خودا ژنی پلەیەک لە پیاو نزمتر خوڵقاندووە، بۆیە ئێڤای لە پەراسوی ئادەم دروست کرد. خۆ گەر ویستبای لە پیاو بەرزتر بیخوڵقێنێت، ئەوا لە کەللەی ئادەمەوە دەیخوڵقاند. بێگومان نەشیویستووە، کە زۆر لە پیاو نزمتر بێت، دەنا لە پێی ئادەمەوە دەیخوڵقاند!

**هیگڵ (1770- 1837)**

به بڕوای هیگڵ، بەها و یاساکانی دەوڵەت دەستکردی پیاون، چونکە پیاو لە سنووری خێزان دەچێتە دەرەوە، بەڵام ژن، لە سنووری خێزاندا دەمێنێتەوە و پارێزگاری بەهاکانی دەکات.

هیگڵ بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەی، چەند دیالۆگێکی لە شانۆگەری ئەنتیگۆنە نووسینی سۆفۆکلیس، کردووە بە بەڵگە. (پۆلینیسیس، برای ئەنتیگۆنە، دەست لەگەڵ دوژمنانی شا کریۆن تێکەڵ دەکات و دەیەوێت شا بکوژێت. هەوڵەکەی سەرناگرێت و لە کاتی هێرش کردندا دەکوژرێت. بە بڕیاری شا، لاشەی پۆلینیسیس لە دەرەوەی شار فڕێ دەدەن تا دڕندە بیخوات، هەر کەسێکیش ئەو لاشەیە بنێژێت. سزای مەرگ دەدرێت. ئەنتیگۆنەی خوشکی، دەچێت لاشەکە دەنێژێت. کریۆنیش سزای مەرگ بەسەر ئەنتیگۆنەدا دەدات.)

ئەنتیگۆنە: ئەمە بڕیاری خواوەندەکان نیە. من هیچ بڕوام بەو داد و یاسایە نیە کە دەسەڵاتداران بۆ بەرژەوەندی خۆیان دایدەنێن! فەرموو ئێستا من لەبەر دەستی تۆدام، ئایا لە کوشتن زیاتر چ سزایەکی دیکەم دەدەیت؟

کریۆن: نا، جگە لە کوشتن هیچ سزایەکی دیکەت نادەم.

ئەنتیگۆنە: چاوەڕوانی چی دەکەیت؟ لە ناشتنی تەرمی براکەم زیاتر، چی دیکە بۆ من گرنگ نیە. من لەم پێناوەدا شانازی بە مەرگەوە دەکەم!

**سۆفۆکلیس (496 – 406 پ.م.)**

بەناوبانگترین شانۆنووسی یۆنان بووە. زیاتر لە 120 شانۆگەری (تراجیدیا) نووسیوە، بەڵام تەنها 7 دانەیان ماون. یەکێک لەوانە تراجیدیای ئەنتیگۆنەیە.

**جۆن ستیوارت میڵ (1806 – 1873)**

جۆن ستیوارت میڵ، لە خێزانێکی دەوڵەمەند و لیبراڵ لە ئینگلاند لە دایکبووە. تەمەنی سێ ساڵان بووە، بابی فێری لاتینی کردووە. لە تەمەنی چوارده ساڵاندا بۆ خوێندنی فەلسەفە

چۆتە فەرەنسا. لەوێندەر بە بیروباوەڕی دیموکراتی لیبراڵ و ڕادیکاڵ ئاشنا بووە. ئەمە لە نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و گرنگی بە پرسەکانی ئاکار (ئێتیک) و دیموکراتی، داوە. گرنگترین ڕووداوی ژیان و ئاراستەی بیرکردنەوەی ئەوە بووە کە لەگەڵ هاریتێت تایلۆر (1807- 1858) ئاشنا بوو. ئەم خانمە گەرچی بە مێرد و خاوەنی سێ منداڵ بوو، بەڵام لەگەڵ میلدا لە پەیوەندیەکی دلداری ئێرۆسی پلاتۆنیدا بوو.

میل گەلێک کتێبی نووسیوە. زۆربەیان مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام کتێبی بە پاشکۆ کردنی ژنان یان «*چەوساندنەوەی ژنان*» ساڵی 1861 نووسراوە. وەک زریانێک ناوەندەکانی هزر و ڕۆشنبیریی ئەورووپای هەژاند. ئەم کتێبە بووە «*کتێبی پیرۆزی*» ژنان و بزووتنەوە فێمێنیستەکان. میل لەو کتێبەدا باس لە ئازاد کردنی ژنان دەکات و بە مەرجی بنەڕەتی ڕزگاربوونی کۆمەڵی دادەنێت. میل بڕوای وابوو کە ژنانیش دەبێت هێندەی پیاوان ئازاد بن لە هەوڵدان بۆ خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی خۆیان. تەوەری سەرەکیی کتێبەکە لەسەر ئەو چەوساندنەوە و غەدرە مێژووییەیە کە لە ژنان کراوە.

میل، ماوەی چوار ساڵ (1865- 1868) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا بووە. لەو ماوەیەدا گەڵاڵەی یاسایەکی بۆ پێدانی مافی هەڵبژاردن و دەنگدان بۆ ژنان داوە بە پەرلەمان، بەڵام زۆرینەی پەرلەمان دژی ئەو پێشنیارە دەنگیان داوە.

**کلتور**

جۆن ستیوارت میل: «نابێت ڕێگە لە ژن بگیرێت هەر جۆرە خوێندنێک، یان هەر جۆرە کارێک هەڵبژێرێت. دەبێت ژن ئازاد بێت لە هەڵبژاردن و کردنی هەر خوێندن و کارێک کە لەگەڵ زەوق و توانایدا دەگونجێت».

**ڕاڤە**

- لیبراڵ، لیبراڵیزم: لە وشەی «لیبێر»ی لاتینی وەرگیراوە (ئازاد). لێبراڵیزم فەلسەفە، یان ڕێبازێکی سیاسییە کە لەسەر بنەمای ئازادیی تەواوی تاکەکەس دامەزراوە. ئەم فەلسەفەیە ئازادی بەگشت کەسێک ڕەوا دەبینێت و دەوڵەت لەهەمبەر دەستەبەرکردن و پاراستنی ئەو ئازادیە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ بەرپرس دەکات.

**شیعر**

**دەربەندی پەپوولە**

لێرەم و بای خەونم
زەمانێ تۆو ئەکات
کە هێشتا زەمینی لە دایک نەبووە.
لێرەم و ڕوانینم
کەناری دوا ڕۆژێ سەوز ئەکات
کە هێشتا بارانی لەدایک نەبووە.
ئەم خەونە
پەنجەرەی ئایندەی مێژووە.
من چاوم
پێش تیشکی ئەمڕۆکە و
بیستنم
پێش دەنگی ئێستاکە کەوتووە.
دۆزەخی ئەندێشەم
گوڵی وای تیا ئەڕوێ
کە هێشتا ئەم عەردە
بە چاوان نەیدیوە.

بێ کەسیم ڕووت نیە
تا ئەمرێ پۆشاکی ڕەشتانی بەش ئەکات.
تینوێتیم بێ کانی و ئاو نی‌یە
تا ئەمرێ سیروانی چاوتانی بەش ئەکات.
تەنیاییم بێ دەنگ و کپ نی‌یە
تا ئەمرێ هاواری ماڵتانی بەش ئەکات.
دۆزەخم بێ کزەی با نی‌یە
تا ئەمرێ هەناسەی ساردتانی بەش ئەکات.

**تێبینی بۆ مامۆستا:** ئەم دوو پارچە شیعرەی شێرکۆ بێکەس، لە دیوانی «دەربەندی پەپوولە» وەرگیراوە. «دەربەندی پەپوولە»، لاپەڕە 42، 43 و 108. ستۆکهۆڵم 1991، چاپ و پەخشی ئاپێک، ستۆکهۆڵم، سوێد.

**پرسیار**

1) ئەو وشانەی لەو دوو پارچە شیعرەدا بەکار هێنراون، گشتمان دەیانزانین و لە مانا و ئاماژەکانیشیان تێدەگەین. ئایا شیعر نووسین تەنها وشە ڕیزکردنە؟
2) ئایا جوانی و هێزی ئەو شیعرانە، لە وشەکاندایە، یان لەو مانا و مەبەستانەی، کە وشەکانیان بۆ بەکارهاتووە؟
3) ئایا شێرکۆ لە ڕێگەی وشەکانەوە دەسەڵات و زاڵێتی خۆی بەسەر شیعردا سەپاندووە، یان لە ڕێگەی شیعرەوەیە ئەو کارەی کردووە؟
4) ئایا شێرکۆ دەیەوێت، لە ڕێگەی شیعرەوە مێژوویەکمان بۆ تۆمار بکات، یان مێژوویەکمان بە شیعر بۆ دەگێڕێتەوە؟
5) کاتێک شێرکۆ دەنووسێت «لێرەم و بای خەونم زەمانێ تۆو ئەکات کە هێشتا زەمینی لەدایک نەبووە». ئایا ناکەوینە بیری ئەوەی کە «زەمین/ شوێن» بەبێ «زەمان / کات» نابێت، یان بە پێچەوانەوە زەمان/ کات، بەبێ زەمین/ شوێن نابێت؟
6) ئایا هەموو کاتێک، ئەوەی مەبەستە دەتوانیت دەریببڕیت؟

7) گەر نەتوانیت، مەبەستت دەربڕیت و پەیامەکەت بگەێنیتە کەسانی دیکە، هۆکەی ناشارەزاییتە لە زماندا، یان هەژاریتە لە وشەدا؟
8) ئایا شارەزایی لە زمان و زەنگینی لە وشەدا، یان تێگەیشتن و گرنگی باس و بابەت و پرسێک، مەرجی سەرەکین بۆ دەربڕین و گەیاندنی پەیام و مەبەست؟
9) بە بڕوای تۆ، ئەو دنیایەی شێرکۆ لەم شیعرەدا وێنای دەکات، پەیوەندی بە جیهانە بەرزەکە جیهانی ئایدیای پلاتۆنەوە هەیە؟
10) گەر زیندەوەرەکانی دیکە بیان توانیایە بئاخڤن، ئایا زیندەوەری هەر وەڵات و کیشوەرێک بە زمانێکی جیا دەپەیڤی، یان گشتیان هەر هەمان زمانیان بەکار دەهێنا؟

## کلتور

### گۆران (1904- 1962)

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستم!
لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم
بۆچی وەها دوورن لە یەک؟ نازانم!

(دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم ل 121، چاپخانەی کۆڕی زانیای عێراق، 1980)

### لودویک ویتگنستەین (1889- 1951)

«وشە کاتێک مانای هەیە، کە لە زماندا بەکار بهێنرێت».

**لینگویستیک (زمان)**

زمانی پڕ مانا و مەبەست، وێنەیەک، یان، ئاوێنەیەکی دەوروبەرە. بەهۆی زمانەوە دەتوانین «شتە» ماتریاڵیەکانی دەوروبەرمان و « ئەندێشە» ی هەستەکانمان بەرجەستە بکەین. بۆ ئافراندنی زمان پێویستمان بە وشە هەیە. کاتێک کە دەڵێین کتێب، دەزانین مەبەستمان چیە و چەمکی کتێب چی دەگەێنێت. ئیدی با کتێبەکە، کتێبی شیعر کتێبی کیمیا، بێت.کاتێکیش کە دەڵێین مێز، دیسان دەزانین مێز چیە و چەمکە گشتیەکەی مێز چی دەگەێنێت، ئیدی با مێزی تەختە، مێزی ئاسن، یان لە هەر ماتریاڵێکی دیکە دروستکرابێت. بێگومان بۆ بەرجەستەکردنی ئەم دوو شتەی دەیبینین، دەبێت لە فۆرمی ڕستەدا پەیوەندییەکیان لە نێواندا دروست بکەین. کە دەڵێین: «کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە» لەم ڕستە پریدکاتیف/ گوزارەییەدا بە یارمەتی ئامڕازی پەیوەندی/ پرۆپۆزیشن (لەسەر) وێنەی حاڵەتێک/ دۆخێک نیشان دەدەین، کە لە ژینگەی دەوروبەرماندایە، ئەویش بوونی کتێبەکەیە لەسەر مێزەکە.

ئایا هەمان ڕستە، مانای ئەوش نادات، کە مێزەکە لە ژێر کتێبەکەدایە؟ گەرچی ئێمە ئەوەشمان نەدرکاندبێت. بێگومان دەبێت کەسێک کتێبەکەی لەسەر مێزەکەی دانابێت، ڕەنگە کەسێکیش بیەویت بیخوێنێتەوە و پرسیاری کرد بێت کە کتێبەکە لە کوێدایە، یان... ئیدی بەم شێوەیە دەکرێت بە سەدان ڕستە، بە هەزاران وشە دەربارەی ئەو کتێبە بنووسین، یان بڵێین و چەندین دۆخ و سیفەتی تایبەتی و گشتیی کتێب و مێزەکە باس بکەین. ئەم ئەزموونە بۆ دەربڕینی ئەندێشە هەستەکیەکانیش دەبێت، دەڵێین «خۆشەویستی پیرۆزە!».

مرۆڤ تاکە زیندەوەرێکە، کە دەتوانێت لە ڕێگەی زمانەوە، ڕاڤە لە بیر و بۆچوون و هەست و سۆزی خۆی بکات. دیسان هەر بەهۆی زمانەوە، دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەشدا ببەستێت و ڕەهەندێکی فەلسەفیش بە مێژوو ببەخشێت.گرنگی زمان لەوەدایە، کە نەک تەنها دەتوانین باس لە سێ کاتی جیاواز، ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوو، بکەین، بەڵکوو دەتوانین دنیای نادیاریش، لە ڕێگەی زمانەوە وێنا بکەین. زمان کاتێک کە تەنها زمانی ئاخاوتن/ گفتوگۆیە، لە قاوغە سروشتیەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە، بەڵام کاتێک زمان دەگاتە ئاستی نووسین، ئیدی دەبێتە کلتور.

**وێناکردن (ئیلوسترەیشن)**

لە ژیانی ڕۆژانەماندا، لە بەکارهێنانی زماندا، ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبینەوە، کە لە لینگویستیکیدا بە وێناکردن (ئیلوسترەیشن) ناو دەبرێت. دەکرێ ئەم وێناکردنە بکەین بە دوو بەشەوە:

**بەشی یەکەم: وێناکردنی ناپەسەند** – لە وێناکردنی ناپەسەنددا، ئاخێوەر وێنایەکی ناپەسەندی بابەتی باسکراو دەکات. زۆربەی وێنا ناپەسەندەکان، زمانێکی نەنگ، یان نزم دروست دەکەن و تاڕادەیەکی زۆریش ڕەنگدانەوەی ئاستی تێگەیشتنی ئاخێوەر بەدیار دەخات. نموونە:

لێوی دەڵێی ئیستقای یەک ڕەنگە، گەردنی جانوو ماینێکی شۆخ و ڕەنگینە
زاری دەڵێی قوتووی شیرنیاتی، ددانی هەر دەڵێی مروارینە

(لە کتێبی گەنجی سەربەمۆر، ئەحمەد بەحرەکە، ل. 88. بەیتی حاجی سالە تەورە، دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی 2000)

وێنا کردنی گەردنی کچێک، بە گەردن / ملی ماین و وێناکردنی دەم بە قوتوو، وێنا کردنێکی ناپەسەند و نزمە، لە هەمان کاتیشدا بێدەسەڵاتی ئاخێوەر لە وێنا کردندا نیشان دەدات.

**بەشی دووەم: وێناکردنی پەسەند** – لە وێناکردنی پەسەنددا، ئاخێوەر هەوڵ دەدات وێنایەکی پەسەند و جوانتر بدات بە بابەتە وێناکراوەکە و نزیکیەک لە نێوان بابەتی ستایشکراو و ستایش کردنەکەدا، پەیدا بکات. نموونە:

ساڵح دیلان، لە کۆپلە شیعرێکدا، بە خەیام، شاعیری گەورەی فارس، دەڵێت:

هەستە ئەی سەرشێت
کوشتەی گڕی تەڕ

گڕی تەڕ، وێناکردنێکی پەسەند و جوانە بۆ شەراب. لە نێوان سووریی شەراب و گڕدا، لێکچوون هەیە و لە نێوان گەرمیی گڕ و گەرمیی شەرابیشدا لێکچوون هەیە.

## زمانی گشتی و زمانی تایبەتی

لە فەلسەفەی لینگویستیکدا، زمان دەکرێت بە دوو بەشەوە، گشتی و تایبەتی.

**زمانی گشتی:** ئەو زمانەیە، کە ئەندامانی کۆمەڵێک، یان گەلێک پێی دەدوێن. بۆ نموونە: زمانی کوردی، زمانی نۆروێژی.

**زمانی تایبەتی:** ئەو زمانەیە، کە ئەندامانی دەستە و تاقم وتوێژێکی تایبەت لە ناو هەمان ئەو کۆمەڵە، یان گەلەدا پێی دەدوێن و تەنها تایبەتە بەو توێژ و تاقمەوە. بۆ نموونە: زمانی تایبەت بە پزیشکی و پزیشکان، فەلسەفە و فەیلەسووفان.

## زمان و دەسەڵات

زمان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. تۆ وەک خوێندکارێکی تەمەن 14- 15 ساڵان، کاتێک بەرانبەر باوکت، یان مامۆستاکەت، دەپەیڤیت، هەمان وشە و دەستەواژە بەکار ناهێنیت، کە لەگەڵ هاوڕێکانتدا یان خۆشەویستەکەتدا بەکاری دەهێنیت. ئەم شێوازی ئاخافتن گۆڕینە، تەنها پەیوەندی بە دەسەڵات و پێگەی ئەو کەسانەوە هەیە کە لەگەڵیاندا دەپەیڤیت.

## زمان و ئاگامەندی

«من سکم دێشێت»، کاتێک کە تۆ ئەم ڕستەیە دەخوێنیتەوە، یان دەبیستی، بەگوێرەی ئەو ئاگامەندی و زانیارییە لە پێشینەیەی کە هەتە، دەزانیت سک چیە و دەشزانی ئێش چیە. بەڵام تۆ چۆن بزانی کە من بەڕاست سکم دێشێت.

ئایا هەستکردن بە ئێش و ئازار، لە لای من و تۆ بە تەواوی لەیەک دەچێت؟ ئایا تۆش، کە سکت ئێشاوە، ئازارەکەت هێندەی ئەوەی من بەتین بووە؟ ئایا گەر تۆ ئێستا بەرانبەرم بوویتایە و هێمای ئازارت لە ڕوخسار و جەستەمدا ببینیایە هەر هەمان بەرتەک دەبوو وەک ئەوەی ئێستا کە لەو سێ وشەیەدا باسی ئێش و ئازاری سکی من دەخوێنیتەوە؟

وەک لودویگ ویتگنستەین دەڵێت: «لەوانەیە ڕستەیەک زۆر بێ مانا بێتە بەرچاو، بێ مانایەکەشی کە لە ڕووکەشیدا دیارە، لە قووڵایی هەمان ڕستەدا خۆی حەشارداوە».

لە سەرەتای مێژووی فەلسەفەوە، هەر لە پلاتۆنەوە، تا کانت، فەیلەسووفەکان بە کێشەی زمانەوە سەرقاڵ بوون. بەڵام لە ناوەڕاستی سالانی 1700 وە، ئیدی بە چڕی باس لە لینگویستیک دەکرێت.

**یۆهان جیۆرج هامان (1730- 1788)**

هامان ئەڵمانیە و هاوسەردەمی کانت بووە. هامان گوتویە: «لەبەر ڕۆشنایی زماندا، (مەبەست لە واتابەخشی زمانە) کە هاوکات، گیانەکی / هەستەکییە و لە دەنگ و پیت پێک دێت. مرۆڤ پەیوەندەییەکی گیانەکی / هەستەکی لەگەڵ جیهاندا دەبەستێت».

**لودویگ ویتگنستەین (1889- 1951)**

«فەلسەفە، گشتی ڕەخنەی زمانەوانییە. زمان بەرگ و پۆشاکی هەموو بیرێکە».

بەم بۆچوونەوە، ویتگنستەین گرنگی بە زمان و کاریگەریتیی زمان داوە. ویتگنستەین، لە ساڵی 1889 لە نەمسا لە دایکبووە. فەلسەفەی لە لای هوسرڵ خوێندووە. دواتر چۆتە ئینگلاند. سالانی 1939 – 1947 بووە بە پرۆفیسۆر، لە زانکۆی کامبریج. ساڵی 1921 کتێبە بەناوبانگەکەی «ترەکتاتوس» بە زمانی ئاڵمانی نووسی و نزیکەی 10 ساڵ (1929- 1939) کاری لەسەر هەمان تیۆری ناو ئەو کتێبە کرد.

لودویک ویتگنستەین گوتویەتی: «کێشەی فەلسەفی کاتێک سەرهەڵ دەدات، کە زمان وێڵمان دەکات، ئیدی سەرگەردان دەبین و ڕێگە نادۆزینەوە. دروست ئا ئەمەیە کە چەمکە فەلسەفیە گرنگەکان، وەک دەستەواژەی زمانەوانی نابینین و تێناگەین».

لە سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی لە فەرەنسا - زانکۆی سۆربۆن، کۆمەڵێک فەیلەسووف، زۆر سەرقاڵی فەلسەفەی لینگویستیکی بوون.

## جاکویس دێرریدا (1930 - 2004)

دێرریدا، خاوەنی تیۆری «دیکۆنسترەکشن» ـە. لەسەر ڕێبازی مێتافیزیکی، هەر لە پلاتۆنەوە، بۆ دیکارت، تا مارتین هایدیگەر، ڕێبازە فەلسەفیەکەی خۆی داڕشتووە. دێرریدا، بۆ ڕاڤەکردنی فەلسەفەکەی، پەنای وەبەر چەمکی «هێما / ئاماژە» بردووە. لەم بەکارهێنانەی ئاماژەیەدا، کە بە «مێتافیزیکی ترادیشیۆنی» ناوی دەبات، زمانی نووسین دەخاتە بن زمانی ئاخاوتنەوە. بە بڕوای دێرریدا، زمانی ئاخاوتن، بوونی ڕاستەوخۆی تێدایە، بەڵام زمانی نووسراو، ئەو بوونەی تێدا ون، یان نادیارە. بە واتایەکی دیکە، زمانی ئاخاوتن، زیندووییەکی تێدایە، کە لە زمانی نووسیندا ئەو زیندووییە، بەو زەقییە نابینرێت.

نموونە: کاتێک، کە دەمەقاڵێ/ گفتوگۆیەکی توند و بە دەنگی بەرز، لە نێوان دوو کەسدا دەبیستیت، دواتر هەوڵ بدە کە دیالۆگەکانی ئەو دەمەقاڵێیە بنووسیتەوە، بزانە هەمان توڕەیی، گەرمی، توندی، یان هەستی ڕووداوە ڕاستەقینەکەی تێدایە.

### ڕاڤە

- لینگویستیک: زانستی زمان

### کلتور

ئەندریا نییە، نووسیوویەتی: «کاری زمان ئەوە نیە، فۆرمە ناوەکی / نادیارەکان، دەستنیشان بکات، بەڵکوو دەبێت ئاماژە بە فۆرمە دەرەکیەکان بکات و بە مەبەستی پێدانی زانیاری دەربارەی بابەتێک ئاڕاستەیان بکات. تا دەرئەنجام بتوانین پەیوەندی لە نێوان زمان و بابەتدا بدۆزینەوە».

لە کتێبی فەلسەفەی زمان بەشی یەکەم «زمان چیە؟» پەخشی بلاک ویڵ ساڵی 1989، ئۆکسفۆرد، بریتانیا.

**یۆرگن هابەرماس (1929 –)**

بە بڕوای هابەرماس، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆیە، هۆشیارانە (مرۆڤانە)یە چونکێ تاکەکان دەزانن چۆن پەیوەندی و دانوساندن لەگەڵ یەکدیدا بکەن.

لە کتێبی «گشت ئەوەی دەتوانم بیڵێم» نووسینی «ئێلی گلومنس» ئۆسلۆ، کاپێڵ 2001

## بۆ چەسپاندنی بیرۆکەی «فەلسەفە بۆ منداڵان» لە کوردستان

بۆ یەکەم جار، لە ساڵی 2005 دا نووسینێکم لەسەر بابەتی «فەلسەفە بۆ منداڵان»، لە گۆڤاری «ئاینده» دا بڵاو کردوە. تا ئەو جێگەی من ئاگاداربم، ئەوە یەکەم جار بوو بابەتێکی لەو جۆرە، بە کوردی بڵاو بکرێتەوە. دواتر هەر لە هەمان گۆڤاردا و لە گۆڤاری «مەڵبەند» (لەندەن) نووسراوی دیکە لەسەر هەمان بابەت و گفتوگۆیەکی «ماتهیۆ لیپمەن»م بڵاوکردەوە. ساڵی 2007، وەک نوێنەری ڕێکخراوی «کۆمەک» لە کۆنگرەی پەروەردەیی، لە هەولێر، بەشداریم کرد، بابەتی فەلسەفە بۆ منداڵانم، لەو کۆنگرەیەدا وروژاند و هەردوو ڕێزداران، وەزیری پەروەردە و وەزیری خوێندنی باڵای کابینەی پێنجەمی حکومەتی کوردستانم لەم بابەتە ئاگادارکردەوە و هەردوو کتێبی «52 پرسیار» و «7 وانەی فەلسەفی» کە لەم بوارەدا ئامادەم کردبوون، درایە دەستیان.

لە ڕێگەی ڕێکخراوی «کۆمەک» ـەوە، کۆرسی تایبەت بە وانەی فەلسەفە بۆ منداڵانم ساز کرد بۆ مامۆستایانی فێرگەی «ڕۆژگار» لە گوندی کەندەکەوە / سولەیمانی، فێرگەی «ناودەشت» لە سەنگەسەر، فێرگەی «پاشای گەورە» لە ڕەواندوز، فێرگەی «بازارگە» لە مەخموور، فێرگەی «چرا» لە کۆیە.





کۆرسی «فێ بۆ من» لە سەنگەسەر و کۆیە

له هەردوو بڵاوكراوەی، «دەستوور» و «نمنم» دا گفتوگۆم لەمەڕ بابەتی «فێ بۆ من» لەگەڵدا كراوە و لە كوردستان تیڤی - دا دیدارم بۆ هەمان مەبەست سازداوە. لە ناوەڕاستی 2008 وە ماڵپەڕێكی تایبەتم بەم بوارە ئاواكردۆتەوە.

بۆ یەكەم جار، لە فێرگەی بازاڕگەی مەخموور، وانەی فەلسەفەم بۆ منداڵانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی گوتەوە. وانەی «گوڵفرۆشی» ـم لە كتێبی «7 وانەی فەلسەفی» هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی منداڵان بە تێكستی وانەكە ئاشنان، چونكە ئەو تێكستە لە كتێبی «خوێندنەوەی كوردی بۆ پۆلی پێنج» ـدا هەیە. دوا كاریشم لەم بوارەدا، ئامادەكردنی ئەم كتێبەیە، كە كۆی بابەت و ئەزموونەكانم تێدا كۆكردۆتەوە.

گشت ئەم هەوڵانە بۆ ئەوەن، كە وانەی فەلسەفە ببێت بە بەشێک لە پرۆسەی فێركاریی كوردستان.

## سەرچاوەکان

سەرچاوەی نۆروێژی


ETIKK OG LIVSSYN FILOSOFI
Filosofi i skolen side 18-25
Eirk Brotvet and Knut Duesnudar
Oslo 2002

Pedagogisk filosofi
Christer Stensmo
Fagbokforlage, Vigmostad & Bjørke AS. 1998
Norway

Pedagogiske grunnproblemer i historisk ly
Erling Solerød
TANO, AS, 1994
Engres Boktrykkeri A/S Otta 1994.

Filosofi, Livssyn og Etikk,
Erik Brøntveit og Knut Duesund.
Fag Forlaget, Oslo 2002, ISBN 82-7674-731-0

Filosofi Leksikon,
Zafari forlag, Oslo 1996, ISBN 82-742-0001-5

Alt Jeg kan si,
Eli Glomns,
Cappelens Forlag, Oslo 2001, ISBN 82-02-19658-2

Tenkepauser,
Hilde Bondvik og Inge Bostad,
Akribe Forlag, Oslo 2000, ISBN 82-790-008-1

La Barna Filosofere,
Beatte Børresen og Bo Malmahester,
Høyskole Forlaget, Kristiansand 2003, ISBN 82-7634-482-8

Tenknings historie, 1 ,
Anfinn Stigen,
Gyldendal Norsk Forlag, Gjovik 2002, ISBN 82-05-14663-2

Vesten store tenkere,
Trond Berg Erikson,
Narayana Press, Denmark, 2002, ISBN 82-03-22715-5

I Sokrates, fotspor,
Helge Svare,
Pax Forlag A/S Oslo 1997, ISBN 82-530-1820-7

Filosofi,
Bryan Magee,
Teknologisk Forlagrt, Oslo 2002 ,

Det Annet Kjonn,
Simone De Beauvoir,
Oversatt av Bentte Christensen,
Pax Forlaget A/S Oslo, 2000, ISBN, 82-530-2303-2

Hva er språk,
Helene Uri,
Universitetsforlaget AS, Oslo 2004, ISBN 82-15-00455-5

Kjonnsperspektiver i filosofi,
Linda M. Rustad og Hilde Bondevik,
Pax Forlaget A/S, Oslo 1999, ISBN 82-530-2036-8

Verdens Religioner,
Huston Smith,
Hilt & Hansteen, Oslo 1995, ISBN 82-7413-324-2

Filosofiske samtaler i barnehagen
Oyvind Olsholt, Maaike lahaise, Ariane Schjekderup 2008.
Komuneforlaget A/S Oslo

Filosofere i barnahagen
Beate Borresen og Bo Malmhester
Fagbokforlaget 2008
ISBN 978 – 82 – 450 – 0683 – 4

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

Introducing Philosophy
By, Dave Robinson and Judy Groves
Totem Books, 2004 USA, ISBN 1-84046-576 X

Philosopy of Language,
Edited by Andrea Nye
Blackwell Publishers Ltd. 1998,
ISBN 0-631-20601-9

**سەرچاوەی عارەبی**

هيجل، موسوعة العلوم الفلسفية، المجلد الاول، 2007
ترجمة و تقديم و تعليق، د.امام عبدالفتاح امام
دار التنوير للطباعة و النشر و التوزيع - بيروت.

يورجين هابرماس، الاخلاق والتواشل
ابوالنور حمدى ابوالنور حسن
دار التنوير، للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، 2009

**سەرچاوەی کوردی**


ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ.
د. محەمەد کەمال،
چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، 2000

فەلسەفەی هیگڵ،
د. محەمەد کەمال،
دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2001

سارتەر و خوێندنەوەیەکی نوێ،
د. محەمەدکەمال،
دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2003

بوون و داهێنان،
د. محەمەد کەمال،
دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2004

نهێلزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە،
د. محەمەد کەمال،
دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی 2005

کۆتایی خۆ و گەڕانەوە بەرەو ناچارەکی لە بۆچوونەکانی پاش تازەگەریدا،
د. محەمەد کەمال،
گۆڤاری ئاینده، ژمارە 55، سلێمانی، 2004

ترسان له فەلسەفە،
ڕێبوار سیوەیلی،
دەزگەی بڵاوکردنەوەی موکریانی چاپخانەی خانی، 2008، دهۆک

فەلسەفە له قوتابخانەدا،
کەریم مستەفا،
گۆڤاری ئایندە. ژمارە 59 ساڵی 2005، لاپەڕە 96 تا 103

پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ زارۆخانە،
ڕێکخراوی کۆمەک،
وەشانی کۆمەک 2009 هەولێر.

پلانی فێرکاریی بۆ قۆناخی بنەڕەتی،
کەریم مستەفا،
وەشانی کۆمەک 2009، سلێمانی.

52 پرسیاری فەلسەفی، بۆ قۆناخی سەرەتایی،
کەریم مستەفا،
وەشانی کۆمەک، 2006 سلێمانی.

7 وانەی فەلسەفی، بۆ قۆناخی ناوەندی،
کەریم مستەفا،
وەشانی کۆمەک، 2006 سلێمانی.

www.p4ckurd.net

**WHAT IS 'PHILOSOPHY FOR CHILDREN' OR 'COMMUNITY OF ENQUIRY'?**

Philosophy is an ancient Greek word that means **'love of wisdom'**. For the Greeks, philosophy was a process of asking questions & solving problems which produce value & satisfaction. Philosophy is the study of 'why'. But **P4C** is not about teaching children what Plato said about 'x' or Kant said about 'y'.

It isn't about learning philosophy but about teaching a special kind of co-operative discussion.

The inclusion of philosophy in the curriculum directly impacts on the development of pupils' moral and social development as well as enhancing their capacity to become independent learners. It also contributes to the development of pupil's positive attitudes to themselves and others

**P4C is an ethos driven strategy** that uses the process of philosophical enquiry for deepening thinking ability in children. It helps focus attention on concepts & questions central to human understanding (often at the root of prejudiced and racist views). **P4C** invites children to move beyond routine thinking & to interrogate their values & beliefs.

Philosophical enquiry encourages self correction in thinking - it is okay to change your mind. It is based on the following essential points:

1. The children ask the questions. Those questions are taken seriously & set the agenda for genuine discussion in a community of enquiry.
2. The teacher's role is to facilitate the thinking of the individual & the group.
3. The aim is a discussion that clarifies & explores complex issues that matter to children -

- it is not to have a polarising debate
- it is not to engage in quick judgements
- it is not for teachers to air their views or knowledge
- it is not mere opinion-swapping

4. Children are encouraged to be responsible for what they say & to give reasons, examples, counter-examples, & consideration to what someone might say in response. It is about thinking carefully in a self-correcting way. It demonstrates the difference between a disagreement & a personal attack. **P4C** teaches children to respect the ideas & opinions of others & to listen & build on those ideas, to be collaborative & to stand up for what they believe in.

ناوی فەیلەسوف و نووسەرەکان

Anaximander
Aristotle's
Aristophanes
Charles Sanders Peerce
Costar Buhler
Demokrit
Edmond Husserl
Epicurus
Francine bacon
Gilbert Rile
Gorge Herbert Maid
Hegel
Heraclitus
Immanuel Kant
Jan Jacques Rousseau's
Jacques Deride
Jean Piaget
Jean Paul Sartre
John Dewey's
Johann Georg Haman
Johann Heinrich Pestalozzi
John Locke
Johan Stiwart Mill
Jorgan Habermas
Karl Marx
Lin Vigotsky
Ludwig Josef Wittgenstein
Mathiow Lepman
Muhammad Kamal
Plato
Protagoras
Pythagoras
Rebwar Siwaly
Rene Descartes
Sherko Bekes
Simone Deboufwar
Socrates
Soren Kierkegaard
Thales
Thomas Aquinas

# Philosophy for Children

# P4C

By

**Karim Mostafa**

**www.p4ckurd.net**

**2011**